پرفرۆشترینی نیویۆرک تایمز The New York Times

میچ ئەلبۆم



کەسی دواتر
کە لەبەهەشت دەیبینن

وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا ڕەسوڵی

GOLDEN BOOK



کەسی دواتر کە لەبەهەشت دەیبینن

نووسینی: میچ ئەلبۆم
وەرگێڕانی: عەبدوللا ڕەسولی



ناوی کتێب: کەسی دواتر کە لەبەهەشت دەیبینن

نووسینی: میچ ئەلبۆم

وەرگێڕانی بۆ فارسی: مەهدی لەتیفی

وەرگێڕانی بۆ کوردی: عەبدوللا ڕەسولی

پێداچوونەوە:: سیروان سلێمان

دیزاین: هەرێم عوسمان

تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردن (١٤٠٨)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە

GOLDEN BOOK



کۆتایی

ئەم چیرۆکەی دەیخوێننەوە لەبارەی ژنێکە بەناوی «ئانی». چیرۆکی ئانی لە کۆتاییەوە، واتە لە کەوتنەخوارەوەی ئانی لە ئاسمانەوە دەستپێدەکات. ئانی گەنج بوو، و هیچ کات بیری لەکۆتایی کارەکان نەدەکردەوە، هیچ کاتێک ڕووی نەدابوو بیر لەو دونیا بکاتەوە. نەیدەزانی کۆتایی خۆی جۆرێک سەرەتایە. نەیدەزانی هەمیشە ئاسمان و بەهەشت بیر لەئێمە دەکەنەوە.

کاتێک ئانی کۆچی دوایی کرد، بالایەکی بەرز و قیافەیەکی لاوازی هەبوو. قژی درێژ و لوولی بەڕەنگی قاوەیی کاڵ بەرەو زێڕی هەبوو. ئێسکەکانی ئانیشک و شانەکانی لەژێر پێستییەوە دەبیندران. هەرکاتێک شەرمی دەکرد، پێستی دەوری ملی سوور دەبووەوە. چاوە درەوشاوەکانی ڕەنگی زەیتونی بوو، و دەموچاوی هێلکەیی بوو. هەمیشە هاوکارەکانی ئەویان بەم شێوە وێنا دەکرد: «چەندە زیاتر لەگەڵی ئاشنا بیت، جوانتر دەیبینی.»

ئانی پەرستار بوو لەنەخۆشخانەیەک لەنزیکی شوێنی ژیانی کاری دەکرد. هەمیشە جلێکی کاریی بەڕەنگی شینی لەبەر دەکرد و کالەی کەتانی ڕەساسی لەپێ دەکرد. ئەم نەخۆشخانە هەر ئەو شوێنە بوو، کەدوای ئەو ڕووداوە کارەساتبار و خەمهێنەرە تێیدا کۆچی دوایی کرد. ئەوکاتە مانگێکی مابوو بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی کەدەبووە ٣١ ساڵ.

ڕەنگە لەبەر خۆتانەوە بڵێن ٣١ ساڵی بۆ مردن زۆر زووە. چ کەسێک دەتوانێت بڵێت چ تەمەنێک بۆ کۆتایی هاتنی ژیان گونجاوە؟ کاتێک ئانی منداڵ بوو جارێک لەڕووداوێک کە لەشاری یاری "روبی پایر". ناوەندێکی تەفریحی لەکەناری زەریای ئارام - ڕوویدا، لە مەرگ ڕزگاری ببوو. چەندین کەس پێیان گوتبوو، زیندوومانەوەی ئەو پەرجوویەک بووە. بەم بۆنەوە ڕەنگە تەمەنی زیاتر لەوە بوویێت کە بڕیار بوو، هەبێت.

***

« ئەمڕۆ، ئێمە لێرەدا کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی....»

ئەگەر ئێوە دەتانزانی بەمزوانە دەمرن، بە چ شێوەیەک دوایین کاتژمێرەکانی تەمەنتان تێپەڕ دەکرد؟ ئانی ئاگای لەم بابەتە نەبوو، بەڵام دوایین ساتەکانی ژیانی سەرقاڵی ڕێوڕەسمی زەماوەندی بوو.

ناوی دەزگیرانەکەی «پائولۆ» بوو. ڕەنگی چاوەکانی پائولۆ شینی کاڵ بوو، کە هاوشێوەی ڕەنگی ئاوی مەلەوانگە بوو. قژێکی پڕ و خورمایی هەبوو. ئانی یەکەمین جار لەقوتابخانەی سەرەتایی لەکاتی یاری هەمزەل لەنێو زەوی یاری قوتابخانە لەگەڵ ئەو ئاشنا بوو. ئانی تازە هاتبووە ئەو قوتابخانە و زۆر شەرمن و گۆشەگیر بوو. لە شەرمان سەری داخستبوو، بەردەوام لەبەرخۆیەوە

دەیگوت، «خۆزگا دەمتوانی لەبەر چاوان وون بم».

لە ناکاو کوڕێک دەستی لەسەر شانی ئانی دانا و وەکو بەستەیەک کە لەئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە، هاتە بەردەمی.

لەکاتێکدا بزەیەکی پێکەنین لەسەر لێوی بوو و بسکی هاتبووە سەر برۆی وتی: «سڵاو، من پائولۆم.» ئانی بە بینینی ئەو لەناکاو، هەستیکرد ئیتر پێی خۆش نییە لەبەرچاوان بێت.

***

« ئانی، ئایا تۆ ئامادەی ئەم پیاوە...»

لەو ساتەدا کە ١٤ کاتژمێر بۆ مەرگی ئانی مابوو، سەرقاڵی پەیمانی هاوسەرگیری خۆی لەگەڵ پائولۆ بوو. ئانی و پائولۆ لە ژێر سەیوانی کەناری گۆلەکە ڕاوەستابوون. ئەوان لەقوناغی مێردمنداڵییەوە پەیوەندییان پێکەوە نەمابوو، بەمزوانە دیسان یەکتریان بینیبووەوە. ئەم چەند ساڵە بۆ ئانی زۆر سەخت تێپەڕ ببوو. لەسەرتاسەری ئەو ساڵانەدا پەیوەندیگەلێکی زۆر خراپی هەبوو. زەربەیەکی ڕۆحی زۆری لێدرابوو، هیچ کات بیری نەدەکردەوە ڕۆژێک بتوانێت دیسان هۆگری بۆ پیاوێک پەیدا بکات، تا چ بگات بەوەی کە بیەوێت لەگەڵی هاوسەرگیری بکات!

ئێستا لەلای یەکتر بوون. ئانی و پائولۆ. دەستی یەکتریان گرتبوو بۆ پەسەندکردنی وتەکانی قەشە سەریان دەجوڵاند. ئانی جلێکی سپی لەبەردا بوو، پائولۆ جلێکی ڕەشی لەبەرکردبوو. چەند کاتژمێر لەبەر خۆر ڕاوەستان، ببووە هۆی ئەوەی پێستی دەموچاویان سوور هەڵگەڕێت. کاتێک ئانی ڕووی وەرگێڕا بۆ ئەوەی سەیری هاوسەرگیری داهاتووی خۆی بکات، چاوی کەوتە سەر باڵۆنێک کە سەرەوەی وەک خۆرێک بوو لە ئاوابووندا، دەڕۆیشت. لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: چەندە جوان و سەرنجڕاکێشە.

دوایی، نیگای غەرقی بزەی لێوی پائولۆ بوو. بە شێوەیەک کە هەستت دەکرد، تێکڕای ئاسۆی دیدی ئەوی گرتبوو. پائولۆ هەوڵی دەدا ئەڵقەی هاوسەرگیریی بکاتە پەنجەی ئانی، بزەیەکی پێکەنین تێکەڵ بەتووڕەیی لەسەر لێوی بوو. کاتێک ئانی پەنجەی هەڵبڕی، هەموویان هاواریانکرد « پیرۆزە».

***

١٣ کاتژمێر بۆ کۆتایی هاتنی ژیانی ئانی مابوو. ئەو ژن و مێردە گەنجە قۆڵی یەکتریان گرتبوو، بەنێو ڕاڕەوی نێوان کورسییەکانی کڵێسا دەڕۆشتن. ئانی کە فرمێسکەکانی پاک دەکردەوە، چاوی کەوتە سەر پیرەمێردێک کە لەڕیزی دواوە دانیشتبوو. پیرەمێرد کڵاوێکی کەتانی لەسەر کردبوو، بزەیەک لەسەر لێوی بوو. ئانی هەستی کرد ئەو پیرەمێردە دەناسێت.

ئانی بەهێواشی وتی: « پائولۆ، ئەو پیاوە کێیە؟»

لەناکاو کەسێک قسەی ئەوی بڕی و وتی: « زۆر جوان بووی!»

ئـەوە، کـوڕە خاڵی بـوو، کە مێردمنداڵێک بـوو، دانەکانی ئێرتودنسی کردبووە زاریـەوە. ئانی پێکەنی و بەئارامی وتی: «سوپاس».

کاتێک دیسان ڕووی وەرگێڕا، ئیدی ئەو پیرەمێردەی نەبینی.

***

١٢ کاتژمێر بۆ کۆتایی ژیانی مابوو. ئانی و پائولۆ ڕۆیشتنە شوێنی تایبەتی سـەماکردن. لـەسەرسـەریان چـرای سپییان هەڵواسیبوو. پائولۆ دەستێکی هەڵبڕی و بە ئانی وت: «ئامادەی؟» ئانی بە بیستنی ئەو قسە کـەوتـەوە یـادی ئـەو شـەوەی هۆڵی وەرزشی قوتابخانەیەکی قوناغی یەکەمی دواناوەندی. ئانی بەرەو

پائولۆ هەنگاوی ناو وتی: « تۆ تەنها کوڕێکی کە لەگەڵ مندا قسە دەکات، هەر ئێستا پێم بڵێ لەگەڵم سەما دەکەی یان نەخێر؟ ئەگەر سەما نەکەی دەڕۆمەوە بۆماڵەوە و دادەنیشم سەیری تەلەفزیۆن دەکەم».

بزەیەکی پێکەنین کە ئێستا لەسەر لێوەکانی پائولۆ بوو، هاوشێوەی ئەو بزەی پێکەنینە بوو. دوای ئەم ساڵانە وەکو پارچەکانی پازڵ لەلای یەکتر بوون. لەو ساتەدا وێنەگرێک ڕۆیشتە سەر سەکۆی سەماکە و هاواریکرد: «جووتەی بەختەوەر، سەیری ئێرە بکەن». ئانی بەشێوەیەکی نەستی دەستی چەپی کە کەمێک بچوکتر لەدەستی ڕاستی بوو، لە پشتی پائولۆ شاردەوە. ئەمە هەر ئەو دەستە بوو، کە هێشتا شوێنی برینی ڕووداوی بیست ساڵ پێشتری پێوە مابووەوە.

وێنەگر وتی: «زۆرباشە».

***

١١ کاتژمێر بۆ کۆتایی هاتنی ژیانی ئانی مابوو. ئانی پاڵی دابووەوە بەقۆڵی پائولۆوە. سەیرێکی دەوروبەری هۆڵی سەماکەی کرد. زەماوەند بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت. پارچە کێکەکان دەهاتە بەرچاوی کە نیوەیان نەخورابوون و مابوونەوە. چەند جووت پێڵاوی پاژنەبەرزی ژنانە لەژێر مێزەکان فڕێ درابوون. جەژنێکی بچوک بوو. ئانی خزم و کەسێکی زۆری نەبوو. ئەو شەوە تاڕادەیەک لەگەڵ هەموو میوانەکان گفتوگۆیەکی کورتی هەبوو. زۆربەیان بەویان وت: «لەمە بەدواوە هەوڵ بدە زیاتر یەکتر ببینین.»

پائولۆ ڕووی لە ئانی کرد و وتی: «بەڕاستی شتێکم بۆ دروست کردووی.» پائولۆ هەمیشە شتە بچوکەکانی وەک دیاری

بۆ ئانی دروستدەکرد. پەیکەرە دارییەکان. کەلوپەلی ڕازاندنەوە. ماوەیەک کە لە ئیتاڵیا بوون، فێری شێوەکاری و هەڵکۆڵینی دار ببوو. کاتێک پائولۆ مێردمنداڵ بوو، خێزانەکەی بۆ ئیتاڵیا کۆچیان کرد. ئەوکاتە ئانی لەبەر خۆیەوە بیری کردبووەوە، ئیدی ناتوانێت پائولۆ ببینێت. بەڵام لەساڵانی دوایی کە بەبەردەم یەکێک لەبەشەکانی لەکاتی بنیاتنانی نەخۆشخانەی شوێنی کاری تێپەڕ دەبوو، دیسان پائولۆی بینی کە دارتاشی دەکرد.

پائولۆ پێیگوتبوو: «سڵاو، من تۆ دەناسم. تۆ ئانیت!»

دە مانگ دوای ئەو ڕۆژە بوونە دەزگیرانی یەکتر.

لەسەرەتادا ئانی زۆر خۆشحاڵ بوو. بەڵام هەرچەند کاتی زەماوەندیان نزیک دەبـووەوە، زۆرتـر نیگەران دەبـوو. ئیدی نەیدەتوانی شەوان بەباشی بخەوێت. بە پائولۆی دەگوت « هیچ کارێک بە پێی پلانی من ناڕواتە پێش». پائولۆ بە بیستنی ئەم وتە دەستی کردە ملی ئانی و وتی: « ئەو ڕۆژە لەنەخۆشخانە بەپلانەوە شانت دا لەشانی من، وایە؟»

ئانی ناوچاوانی گرژ کرد و وتی: «چۆن دەزانی؟»

پائولۆ پێکەنی و وتی: « ئەمە ئەو ئانیەیە کەمن دەمەوێت لەگەڵی هاوسەرگیری بکەم!»

نیگەرانی ئانی کۆتایی نەبوو.

***

لەو ساتـەدا پائولۆ وتـی « فـەرمـوون» و بوونەوەرێکی بچوک و ڕەنگ زەردی بەرەو ڕووی ئانی ڕاگرت، کە جەستەی لە وایەر دروستکرابوو، ڕوویـان بە توکێکی نەرم داپۆشیبوو. لەسەرەوەی دوو گوێی هێلکەیی و لەخوارەوەی دوو پێی هێلکەیی دروستکرابوون.

ئانی وتی: «واییی! کەروێشک»؟

« ئمممم»

لە وایەری پاککردنەوەی دەمنە دروستکراوە؟»

« بەڵێ»

« لە کوێت هێنا؟»

« خۆم دروستم کرد. بۆ؟»

لەناکاو ئانی هەستی بەنیگەرانی کرد و کەمێک سەری گێژ بوو. چاوی کەوتە ئەو لایەکی دیکەی سەکۆکە و دیسان ئەو پیرەمێردەی بینی. چەناگەی پیرەمێرد بەرِیشێکی رِەنگ گەنمی پر داپۆشرابوو. قاتێکی کۆنی مۆدیلی سی ساڵ پێشتری لەبەردا بوو. ئەوەی کەزیاتر لەهەموو شتێک سەرنجی ئانی راکێشابوو، پێستی پیرەمێردەکە بوو. حاڵەتێکی سەرسوورِهێنەری هەبوو. هەستت دەکرد رِووناکی لێ دێتەدەر و بڵاودەبێتەوە.

ئانی لەبەر خۆیەوە وتی: «من ئەم پیاوە دەناسم»؟

«پێت خۆش نەبوو؟»

ئانی چاوێکی تروکاند: «چی؟»

«کەروێشکەکە.»

«چۆن، باوەرِ بکە زۆریشم خۆش دەوێت.»

پائولۆ کە هەستت دەکرد بیر لەشتێک دەکاتەوە، قسەکەی ئانی دووبارە کردەوە: «باوەرِ بکە»! لەم رِۆژانە ئەم وشانە زۆر دوبارە دەکەینەوە و بە یەکتری دەڵێین.

ئانی پێکەنی و دەستێکی هێنا بەسەر کەروێشکی لەتەل دروستکراودا. بەڵام هەستت دەکرد زریانێکی سارد لە دەروونیدا بوونی هەیە.

***

ڕۆژێک کە ئەو ڕووداوە ناخۆشەی شاریی یاری ڕوویدا، ئانی کەروێشکێکی دروستکراو لە وایەری دەمنە پاککردنەوە، هاوشێوەی هەمان ئەوەی کەئێستا پائولۆ پێشکەشی کردبوو بەدەستەوە بوو. ئەوەی پێشکەشی هەمان پیرەمێردی ڕیشن کردبوو، کە ئێستا لەزەماوەندەکەی دەیبینی. بەڵام ئەو پیاوە زیاتر لە بیست ساڵ بوو مردبوو!

ناوی ئێدی بوو. ئەو لە شاری یاریی "روبی پایر"کاری دەکرد. کاری چاکردنەوەی یارییەکان بوو. ڕۆڵەکانی چەور دەکرد. برغوەکانی توند دەکردەوە. لەنێو پارکەکەدا پیاسەی دەکرد و لەهەر کێشەیەک کە ئاگاداریان دەکردەوە، هەوڵی چارەسەرکردنی دەدا. هەمیشە لەناو گیرفانەکانی وایەری پاککردنەوەی دەمنەی هەبوو، کە بووکەڵەی پێ دروست دەکرد و بەمنداڵەکانی دەدا.

ڕۆژی ڕووداوەکە، دایکی ئانی ئەوی بەتەنها بەجێهێشتبوو، لەگەڵ کورە خۆشەویستە نوێیەکەی پیاسەی دەکرد. کاتێک ئانی بەرەو ئێدی دەڕۆیشت، ئەو چاوی بڕیبووە زەریا. ئانی شۆرتێکی لە پێدا بوو، لەگەڵ تیشێرتێکی سەوز کەوێنەی مراوییەک لەبەشی پێشەوەی هەبوو.

ئانی سەرقاڵی خوێندنەوەی نووسراوی سەر کراسی ئێدی بوو، بە پەتەپت گوتی: «بببووورن، ئئئێیییوە ئێدی چاودێرن؟»

ئێدی ئاخێکی هەڵکێشا. « تەنها ئێدی.»

« ئێدی؟»

« ئمممم؟»

« دەتوانی بۆ من....؟

ئانی بە حاڵەتێک کە هەستت دەکرد دوعا و نزای دەکرد، پەنجەکانی هەر دوو دەستی کردبووە نێو یەک.

« خێرابە گیانە، ناتوانم تەواوی ڕۆژ چاوەڕوانی تۆ بم.»

« دەتوانی ئاژەڵێک بۆمن دروست بکەی؟ دەتوانی؟»

ئێدی بە گاڵتەوە سەیرێکی ئەوی کرد، هەستت دەکرد بیری لە داواکاری ئانی دەکردەوە. دوایی دەستی کردە نێو گیرفانی و وایەری زەردی پاککردنەوەی دەمنەی دەرهێنا و کەروێشکێکی بۆ ئانی دروستکرد. بەتەواوی هاوشێوەی ئەو کەروێشکەی کە پائولۆ لە ڕۆژی زەماند بەوی دا.

ئانی گوتی: «سسسسوووپاس» و بەدەم یاریکردنەوە دوور کەوتەوە.

دوانزە خولەکی دوایی، ئێدی مردبوو.

***

ڕووداوە ناخۆشەکەی شاری یاری بەمشێوەیە بوو، ڤاگۆنێک کە بەرزایی تاوەرەکەی دەگەیشتە دووسەد مەتر، شل ببووەوە. ڤاگۆن وەکو گەڵای پایز لەسەر تاوەرەکەوە هەڵواسرابوو، فەرمانبەرانی شاری یاری سەرقاڵی ئەوە بوون سەرنشینەکانی بهێننە دەرەوە. ئێدی کە لەخوارەوە سەیری تاوەری ڤاگۆنی دەکرد، تێگەیشت کێبڵێک خەریکە دەپچڕێت. ئەگەر ئەم کێبڵەش بپچڕێت، ڤاگۆن دەکەوێتە خوارەوە و دەیدا بە زەویدا.

ئەو قیڕاندی و وتی « بڕۆنە دواوە.»

ژمارەیەک خەڵک کە لەوێدا ڕاوەستابوون، بڵاوەیان کرد.

ئانی لەو ساتەدا بەتەواوی واقی وڕمابوو، بەهەڵە بەرەو لایەک ڕایکرد. لەژێر ستوونەکانی تاوەرەکە دانیشتبوو، ئەژنۆی کردبووە باوەشیەوە. ئەوەندە ترسابوو، نەیدەتوانی بجوڵێت. لەئەنجامدا کێبڵەکە پچڕا و ڤاگۆن کەوتە خوارەوە. ئەگەر ئێدی لە دوایین سات بە خۆ فریدانێک ئەوی بەرەو لایەک پاڵ پێوە نەنایە، ئانی

لەژێر ڤاگۆنەکەدا پان دەبوەوە. بەلام ڤاگۆن دای بەسەر ئیدی دا. هەر لەوێ ئیدی گیانی دەرچوو.

پارچە ئاسنێک لە ڤاگۆن جیابوەوە و دەستی چەپی ئانیشی پەڕاند، چەندین کەس لەفەرمانبەرانی شاری یاری بیریان لەوە کردەوە دەستی قرتاوی خوێناوی بکەنە ناو سەهۆل. فەرمانبەرانی فریاکەوتن، خێرا ئەویان گەیاندە نەخۆشخانە. لە نەخۆشخانە دکتۆرەکان چەندین کاتژمێر لەسەر دەستی ئانی کاریان کرد، هەتا تاندۆنەکان، دەمارەکان و ماسولکەکانیان بە یەکتر بەستەوە، پارچەیەک پێستیان لە شوێنێکی دیکەی لەشی دا لەشوێنی شکاوییەکە و لەدواییدا دەستی شکاویان بەستەوە بە مەچەکییەوە.

بەخێرایی هەواڵی ڕووداوەکە لە ناوچەکەدا بلاوبووەوە و ڕۆژنامەنووسەکان نازناوی «پەرجوی بچوکی باری پایر»یان بە ئانی دا. خەڵک نزایان بۆ دەکرد. تەنانەت ژمارەیەک لەخەڵک دەیانویست چاویان بەو کچە بکەوێت، لەبەرئەوەی وا بیریان دەکردەوە، ئەو نهێنی لەنێونەچوون دەزانێت. ئانی لەوکاتەدا تەمەنی هەشت ساڵ بوو، شتێک لەو ڕووداوەی لەبیر نەمابوو. زەربەی دەروونی ئەو ڕووداوە ببووە هۆی ئەوەی یادگەی ئانی بسرێتەوە، هەستت دەکرد بایەکی توند تینی ئاگری گوژاندبێتەوە. ئەو تەنها وێنەگەلێکی ئاڵۆز لە گەشتی بێخەیاڵی خۆی لەنێو شاری یاری "روبی پایر"و چەند دیمەنێک لە گەڕانەوەی خۆی بۆ ماڵەوە لەبیر بوو. پزیشکەکان هەندێک وشەی وەکو خەمۆکی و تێکچوونی دەروونییان بەکار دەهێنا. ئەوان ئاگایان لەوە نەبوو ژمارەیەک لەبیرەوەرییەکانی ئێمە پەیوەندی بەم دونیایەوە هەیە و ژمارەیەک لەبیرەوەرییەکانمان پەیوەندییان بەدوای مردنەوە هەیە.

زیندوو مانەوەی ئەو، بە قوربانی کردنی گیانی کەسێکی دیکە

کۆتایی هاتبوو.

هەمیشە ئاسمان چاودێری هەموو ڕووداوەکان دەکات.

***

«سەرکەوتوو بن.....خوا دەستی بەباڵتانەوە بێت.»

ئانی و پائولۆ بەرەو لیمۆزینێک ڕۆشتن کە چاوەڕوانی دەکردن. پائولۆ دەرگای ئۆتۆمبێلی بۆ ئانی کردەوە و ئانی سەری دانواند و ڕۆیشتە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە و دانیشت.

پائولۆ لەتەنیشتی ئانی دانیشت و بەخۆشی و بەدەنگی بەرز وتی: «ئاااااا!» شۆفیر سەیری دواوەی کرد. ئەو پیاوێکی سمێڵ گەورە و چاو قاوەیی بوو، ئەوەندە جگەرەی کێشا بوو ددانەکانی زەرد هەڵگەڕابوون.

شۆفێرەکە وتی: « پیرۆزە.»

ئانی و پائولۆ پێکەوە وەڵامیان دایەوە: «سوپاس».

ئانی تێگەیشت کەکەسێک بەدەست دەدا لەشوشەی ئۆتۆمبێلەکە، کاتێک سەیری کرد خاڵە دنیسی بینی، کەجگەرەیەک بە لێویەوە بوو، سەیری ناو ئۆتۆمبێلەکەی دەکرد.

ئانی جامی ئۆتۆمبێلەکەی هێنایە خوارەوە. خاڵە دنیس پێی وتن: «زۆرباشە. هیوادارم هەمیشە باش و سەرکەوتووبن و ئاگاتان لەخۆتان بێت.»

پائولۆ وتی: «خۆ ناکرێت هەموو ئەم شتانەمان پێکەوە هەبێت».

دنیس پێکەنی و وتی: «کەواتە هەمیشە خۆشحاڵ بن».

خاڵە دنیس دەستی لەپەنجەکانی ئانی دا. ئانی هەستی کرد فرمێسک لەنێو چاوەکانی قەتیس بووە. خاڵە دنیس لەو نەخۆشخانەی کە ئانی کاری دەکرد، دکتۆرێکی ناودار و بەڕێز

بوو. دوای پائولۆ ئەو تەنها پیاوێک بوو لەم دنیایەدا کە ئانی خۆشی دەویست. دنیس پیاوێکی کەچەڵی ورگنی دەم بەپێکەنین بوو، هەمیشە لەئاست ئانی هەستی بە باوکایەتی دەکرد. باوکی ئانی ناوی «جێری» بوو، دایکی هەمیشە بەنازناوی «جێریی دەبەنگ» ناوی دەهێنا، کاتێک ئانی منداڵ بوو، باوکی ئەوی بە جێهێشتبوو.

ئانی وتی: «سوپاستان دەکەم خاڵە دنیس».

« بۆچی؟»

« بۆ هەموو شتێک».

« دڵنیام ئێستا دایکت زۆر خۆشحاڵە.»

« دەزانم».

« ئێستا هەموو شتێک دەبینێت.»

« بەڕاستی وایە، دەیبینێت؟»

خاڵە دنیس بزەیەک هاتە سەر لێوی و وتی: «بێگومان، ئانی تۆ هاوسەرگیریت کردووە».

«بەڵێ من هاوسەرگیریم کردووە».

دنیس سەرێکی ڕاوەشاند و وتی: « کچم، ئەمە ژیانێکی نوێیە».

دە کاتژمێر بۆ کۆتایی ژیانی ئانی مابوو.

***

چیرۆکی ژیانی هیچ کەسێک سەربەخۆنی لەوانیتر، بەبێ ئەوەی خۆمان ئاگامان لێی بێت ژیانی ئێمە وەکو دەزوی ئامێری ڕستن و چنین پێکەوە گرێدراوە.

لەهەمان کاتدا کە ئانی و پائولۆ سەرقاڵی سەماکردن بوون لە زەماوەندەکەدا، ٤٠ مایل ئەولاتر، پیاوێک بە ناوی تالبرێت،

سویچی سەیارەکەی هەڵدەگرت. لەناکاو بیری کردەوە بەنزینی لۆریەکەی کەمە و دەیزانی کە لەو ساتەدا بەئاسانی ناتوانێت بگاتە بەنزینخانە. بۆیە ناچار بوو سویچی ئۆتۆمبێلی خێزانەکەی لەجیاتی سویچەکەی خۆی هەڵگرت. ئۆتۆمبێلی ژنەکەی لاکێشەییەکی بچوک بوو، یەکێک لە تایەکانی هەوای کەم بوو. بەبێ ئەوەی دەرگای ماڵەوە دابخات هاتە دەرەوە و سەیرێکی هەورە چڕەکانی ئاسمانی کرد، کە پێشیان بە مانگ گرتبوو.

ئەگەر ئەو ڕۆژە تالبرێت لۆریەکەی ببردایە، چیرۆکەکە بەشێوەیەکی دیکە دەبوو، ئەگەر ئانی و پائولۆ بەهۆی گرتنی چەند وێنەیەکی دیکەوە ڕانەوەستانایە و پەلەیان بکردایە، ئاڕاستەی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی دیکە دەبوو. ئەگەر شۆفێری لیمۆزینەکە لەبیری نەکردایە کە جانتای بەردەم دەرگای ڕۆشتنە ژوورەوەی شوقەکەی بهێنێت، چیرۆکەکە جۆرێکی دیکە ڕوویدەدا. چیرۆکی ژیانی ئێمە سات لەدوای سات دەنووسرێت. وەکو قەڵەم ڕەساسێک کە لەسەر پاککەوەر دەسوورێت و بەردەوام لە حاڵی گۆڕان دایە.

***

پائولۆ گۆرانی دەخوێند: « ئێمە پێکەوە هاوسەرگیری دەکەین!» باقی گۆرانییەکەی لەبیر چووبوو، ئانی پێی پێدەکەنی. پشتی لە پائولۆ کرد و قۆڵە بەهێزەکانی ئەوی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا، لە ژیانی ئێمەدا کەسانێک بوونیان هەیە کە تەنانەت ئەگەر بە چاو بەستراویش بێت، هەست بە بوونیان دەکەین و ئەوان دەناسینەوە. دەستەکانی پائولۆ لەسەرشانی ئانی هەمان تایبەتمەندی هەبوو، کەچەندین ساڵ بوو لەیاریی هەمزەلەوە لەیادی بوو.

ئێستا دیسان دەستەکانی پائولۆ لەسەر شانەکانی بوو.

ئانی سەیرێکی ئەنگوستیلەی زێڕی دەستی کرد، بەهۆی ڕازی بوونی هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، لەدواییدا کۆتایی هاتبوو. ئەوان پێکەوە هاوسەرگیرییان کردبوو، ئیتر پێویستی نەدەکرد نیگەرانی ئەوەبن، ڕەنگە ڕووداوێکی نەخوازراو هەموو شتێک تێک بدات.

ئانی گوتی: «بەڕاستی من خۆشحاڵم.»

لە وەڵامدا پائولۆ وتی: « منیش وام».

کاتێک ئۆتۆمبێلی لیمۆزین ئەوێی بەجێ دەهێشت، ئانی لەپشت جامی ئۆتۆمبێلەکەوە دەستی بۆ میوانەکان ڕادەوەشاند کە چەپڵەیان بۆ لێدەدان و پەنجەیان بەنیشانەی سەرکەوتن پیشانی ئەوان دەدا و خواحافیزییان لەوان کرد. دوایین کەس کە ئانی لەناو میوانەکان بینی، ئەو پیرەمێردە بوو کەکڵاوێکی کەتانی لەسەردابوو، وەکو ڕۆبۆتێک دەستی ڕادەوەشاند.

***

ئایا تا ئێستا گوێتان لە دەستەواژەی «بەهەشتی سەرزەوی» بووە؟ ڕەنگە ئەم دەستەواژەیە دەربڕینی شتێکی نائاسایی وەکو خۆشحاڵ و ئاسودە بێت بەهۆی هاوسەرگیرییەوە. بەڵام «بەهەشتی سەر زەوی» دەتوانێت مانایەکی دیکەشی هەبێت. هەر ئەو شتەی کەئێستا بۆ ئانی ڕووی دەدا. پیرەمێردی - ئیدی شاری یاری "روبی پایر". لەنێو خەڵکەکەوە دەستی بۆ ئانی ڕادەوەشاند.

لەو ساتە تایبەتیانەی کەوادەی مردنی مرۆڤ نزیک دەبێتەوە، ئەو پەردانە لادەدرێن، کە لەنێوان ئەم دونیا و دونیاکەی دیکەدا بوونیان هەیە. دونیای خاکی و دونیای مانا تێکەڵ بەیەکتر دەبن. کاتێک ئەمە ڕوودەدات ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کورت ڕۆح ئەو مرۆڤانەی کە لەم دونیایە کۆچیان کردووە، بێنە بەرچاوی مرۆڤ.

دەتوانن ببینن ئەوان چاوەڕوانی هاتنی ئێوەن.

ئەوان دەزانن، ئێوە خەریکی ڕۆشتن بۆ لای ئەوانن.

***

نۆ کاتژمێر مابوو ژیانی ئانی کۆتایی بێت. شەوێکی تەمومژاویی بوو و باران دەباری. شۆفێرەکە فلچەکانی پێکردبوو. لەهەمان کاتدا لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا تەکانیان دەخوارد، ئانی بیری لەو ڕۆژانە دەکردەوە کەچاوەڕوانی ئەوان بوون. سەرەتای مانگی هەنگوینی ئەوان بڕیار بوو گەشتێکی دوورودرێژ بێت بۆ ئالاسکا و بینینی تیشکە باکورییەکان. پائولۆ هەمیشە بیری لەم تیشکانە دەکردەوە. ئەو پێشتر سەدان وێنەی پیشانی ئانی دابوو، لەبارەی هۆکاری دروستبونی ئەوان پرسیاری لە ئانی کردبوو.

ئانیش کەمێک بیری دەکردەوە و بە بیرهێنانەوەی ئەو وتانەی کەپێشتر بیستبووی، دەیگوت: «دەزانم، دەزانم ئەو تیشکانەی کە لەخۆرەوە دێن و دەگەنە زەوی، دوو ڕۆژ دەخایەنێت تا ئەم تیشکانە بگەنە ئێمە. ئەوان دێنە نێو ئاسمانی زەوییەوە، واتە ئەو شوێنەی کەزۆرترین زیانیان هەیە، لە....»

پائولۆ قسەکەی ئەوی تەواو دەکرد و وتی: « لە سەرەوەی جیهان»

پاشان وتی: «زۆرباش بوو، لەتاقیکردنەوە دەرچووی.»

دوای ئالاسکا ژیانێکی نوێ چاوەڕوانی ئەوانی دەکرد. پائولۆ و ئانی ببوونە ئەندامی ڕێکخراوێک کە ئاویان بۆ گوندە هەژارەکان دابین دەکرد. ئەوان ماوەی ساڵێک ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بوون. ئەم کارە بۆ ئانی تا ئەوکات کەلە وڵات نەڕۆشتبووە دەرەوە بە پێشکەوتنێکی گەورە دەهاتە ئەژمار. شارەزایی ئانی لە پەرستاری دەکرا بۆ کاریی خێرخوازی بەکار بهێنرێت. پائولۆ باوەڕی بە کارە خێرخوازییەکان هەبوو، زۆرتر بیری لە دروستکردنی

بینا بێبەرامبەرەکان دەکردەوە (برادەرانی بە گاڵتە دەیانگوت: پائولۆ ژیانی خۆی بۆ وەرگرتنی مەدالیایەکی شانازیی تەرخان کردووە). ئانیش بە بیستنی ئەم وتە پێکەنینی دەهات، پێشتر ئانی لە هەڵبژاردنی پیاوان، هەڵەی زۆری کردبوو. بەڵام پائولۆ، هاوژینێک بوو کە دەکرا شانازی بەوەوە بکات.

ئانی وتی: «ئیدی ناتوانم سەبرم هەبێ خۆزگا زووتر ...»

لە ناکاو لیمۆزین لە ڕێگای خۆی لایدا و ڕێگای دەرچوونی تێپەڕاند.

لەکاتێکدا شۆفێرەکە لەئاوێنەوە سەیری نێو ئۆتۆمبێلەکەی دەکرد وتی: «ئاخ، لەعنەتت لێ بێت، ناپیاو نەیهێشت بچمە نێو ڕێگای دەرچوونەوە».

پائولۆ وتی: «کێشە نییە»

«لە دەرچوونی دواییەوە دەڕۆین».

«کێشەیەک نییە...»

« زۆربەی کات من لەنێو ئۆتۆمبێل GPSم هەیە»

«پێویست ناکات»

«بەڵام لەماڵەوە بەجێم هێشتووە».

«نیگەران مەبە...»

«ئەو پیاوە زۆر خێرا هاتە بەردەمم».

لەکاتێکدا پائولۆ پەنجەی ئانی بەتوندی دەگوشی وتی: «کێشە نیە، ئێمە چێژ لە شۆفێری ئێوە وەردەگرین».

پائولۆ سەیرێکی بووکەکەی کرد و بزەیەکی پێکەنین هاتە سەر لێوی، ئەویش لە بەرامبەردا بزەیەک هاتە سەر لێوانی. ئەوان لەوە ئاگادار نەبوون چیرۆکی ژیانیان ساتێک پێشتر بەتەواوی گۆڕابوو.

کاتێک ئۆتۆمبێلەکەیان ڕۆیشتە سەر شەقامی سەرەکی، ئانی لەنێو لێزمەی باراندا لایتی دواوەی ئۆتۆمبیلێکی بینی، ئۆتۆمبیلێکی لاکێشەیی بچوک لەلای شەقامەکەوە ڕاوەستابوو، پیاوێک کە بەتەواوی تەڕ ببوو، لەلای ئۆتۆمبێلەکەوە چەمابووەوە. کاتێک لیمۆزین گەیشتە لای ئەو ئۆتۆمبێلە، پیاوی بێگانە ڕاست بووەوە و دەستێکی بۆ ڕاوەشاندن.

ئانی وتی: «باشتر وایە ڕاوەستین.»

پائولۆ وتی: « بەڕاستتە».

« ئەم پیاوە تەڕ بووە و پێویستی بە یارمەتییە».

«باوەڕ ناکەم کێشەیەکی بۆ دروست بێت...»

« بەڕێزم، دەکرێت ڕایگرن.»

شۆفێرەکە لەلای ئۆتۆمبێلەکەوە ڕاوەستا، ئانی سەیرێکی پائولۆی کرد و وتی: « ئێمە دەتوانین هاوسەرگیریمان بە کارێکی خێر دەست پێ بکەین».

پائولۆ وتی: « واتە بۆ بەختەوەربوونمان».

هەرچەندە ئانی دەیویست بڵێت: بەڕای ئەو هاوسەرگیری خودی ئەوان، خۆی بەختەوەرییە، بەڵام وتی: « وایە».

پائولۆ دەرگای ئۆتۆمبێلی کردەوە، پائولۆ بەدەنگی بەرز وتی: « هاوڕێ کێشەیەکت هەیە؟»

کاتێک پائولۆ نزیکتر بووەوە ئەو پیاوە سەرێکی ڕاوەشاند و بە دەنگی بەرز وتی: « ئۆتۆمبیلی هاوسەرمە، پەنچەر بووە و لە نێو سندوقیش جەکم نییە. ئایا ئێوە یەکێکتان لەناو ئۆتۆمبێل هەیە؟

« مەبەستت هاوسەرێکە؟»

« نا... مەبەستم جەکە.»

« گاڵتەم کرد.»

باران بە لێزمە دەباری بەسەر دەموچاوی ئەو دوو کەسەدا.

«گرەو دەکەم لەناو ئەو لیمۆزینەدا جەک هەیە».

« کەواتە زۆرباشە».

« ساتێک ڕاوەستن».

پائولۆ خێرا بەرەو سندوقی لیمۆزینەکە رۆشت. سەیری ئانی دەکرد و بزەیەکی پێکەنین لەسەر لێوی بوو، وەکو ئەکتەرێک لەحاڵی ڕاکردندا بێت، بەهێواشی دەستەکانی ڕاوەشاند. شۆفێر دەستی بە کلیلێکدا نا و سندوقی دواوە کرایەوە. پائولۆ جەکەکەی دەرکرد و دیسان گەڕایەوە لای پیاوە بێگانەکە.

پیاوەکە وتی: « زۆرسوپاس، دیارە خۆت ژنان دەناسی؟»

پائولۆ وتی: « هێشتا من زۆر شارەزایان نیم».

***

هەشت کاتژمێر بۆ کۆتایی مابوو. ئانی لە شوشەی دواوە سەیری پائولۆ و تالبریتی دەکرد، کە سەرقاڵی پاککردنەوەی لەپی دەستیان بوون بە قوماشێک، تایەی ئۆتۆمبیلەکە گۆڕابوو، ئەوان لەبەر باران پێکەوە قسەیان دەکرد.

ئانی دەستێکی دا لە ئەڵقەی هاوسەرگیرییەکەی، پائولۆ و تالبریتی دەبینی پێدەکەنین. پائولۆ لە لێواری شەقامەکە ڕاوەستابوو. گەڕایەوە بۆ لای ئانی و مەچەکی دەستی ئەو پیاوە بێگانەی هەڵبڕی، بە شێوەیەک کە هەستت دەکرد هەر دوویان بوونەتە پاڵەوان. ئانی بە بینینی ئەو دیمەنە لە چارەنووسێک خۆشحاڵ بوو، کە بۆ ئەو هەڵدرابووەوە، شووی نوێی بە قاتی فەرمی تەڕەوە لەژێر تیشکی نوردا دەدروشایەوە، ببووە هۆی ئەوەی زۆر کەشخە ببینرێت.

ئانی لەناکاو تێگەیشت، ئەم نورە هی قاتەکە نییە، بەڵکو

لایتی پێشەوەی ئۆتۆمبێلێکە کە بەخێرایی لەپشتەوە نزیکی پائولۆ دەبووەوە. بۆ ساتێک ئانی نیگەران بوو، بەدەنگێکی بەرز بانگی پائولۆی کرد، تالبرێت قۆڵی پائولۆی گرت و ئەوی کێشا لایەکەوە.

ئەو ئۆتۆمبێلە بەخێراییەکی زۆر بە لای ئەواندا تێپەڕ بوو.

ئانی ئاسوودە بوو، پاڵی دایەوە بەکورسی ئۆتۆمبێلەکەوە.

***

پائولۆ لەکورسی تەنیشتی ئانی دادەنیشت، وتی: « هێی، سەیری ئێرە بکە» کارتێکی ویزیت لە دەستیدا بوو. « ئەم پیاوە بەڕێوەبەری یانەی بالۆنە تەفریحییەکان بوو...»

ئانی بە حاڵەتێکی تەواو هەستیار باوەشی بە پائولۆدا کرد، لەکاتێکدا گۆنا و ناوچاوان و قژی تەڕی ئەوی ماچ دەکرد، وتی: «ئایی، خوایا، بۆ ساتێک وا بیرم کردەوە ئەو ئۆتۆمبیلە لێیدای».

پائولۆ وتی: «بەڵێ، زۆر خێرا دەڕۆیشت کە بەخۆشییەوە تێپەڕ بوو».

پائولۆ ئاسوودەیی دوایی نیگەرانی لەنێو چاوانی ئانی دەبینی، بە دەستی دەموچاوی گرت و وتی: «هێی، ئانی، هێی». پائولۆ بەوردی چاوی بڕییە نێو چاوانی ئانی، بەشێوەیەک کە هەستت دەکرد دەیەوێت قوڵایی دەروونی ئەو ببینێت. « من باشم، شتێکی گرنگ نەبوو و بڕیاریش نییە شتێک ڕووبدات، ئێمە تازە هاوسەرگیرییمان کردووە».

فرمێسک لە چاوانی ئانی هاتە خوارەوە.

بەدەنگێکی نزم وتی: « بڕۆین بۆ هۆتێل».

پائولۆ بە شۆفیری وت: «بۆ هۆتێل بڕۆ».

شۆفێر کەوتە ڕێ.

***

ئایا دەزانن چ شتێک با دروست دەکات؟ بەریەککەوتنی گوشاری سەرەوە لەگەڵ گوشاری خوارەوە، بەر یەککەوتنی هەوای گەرم لەگەڵ هەوای سارد، گۆڕان... گۆڕان دەبێتە هۆی دروستبوونی با. گۆڕانکاریی چەندە زیاتر بێت، با هێزێکی زۆرتری دەبێت.

ژیانی مرۆڤیش زۆر هاوشێوەی ئەمەیە، گۆڕانێک دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆڕانێکی دیکە، تالبریت دوای گۆڕینی تایە، نیگەران بوو بە تایەی یەدەگەوە دری□ژە بەڕێگای بدات، بۆیە بەرنامەی خۆی گۆڕی و بڕیاری دا لە جیاتی ئەوەی بۆ شوێنی کاری بڕوات، بگەڕێتەوە بۆ ماڵ، کارێک کە زۆربەی کات لە پشووەکانی کۆتایی هەفتەدا ئەنجامی دەدا. پەیوەندی بە یارمەتیدەریەوە کرد و وتی: « هەتا نیوەڕۆ تۆ کاروباری یانەکە بەڕێوە ببە. باش؟»

یارمەتیدەری تالبریت پیاوێکی گەنج بوو بەناویی تیدی، هەمیشە ریشی دەهێشتەوە، بەبیستنی قسەی بەڕێوەبەرەکەی، ئەویش ناچار بوو پرۆگرامی خۆی بگۆڕێت و بە حاڵەتی مەستی وەڵامی دایەوە: « کێشەیەک نییە.» قاوەیەکی بۆ خۆی دروستکرد و جلوبەرگی لەبەرکرد.

ئانی و پائولۆ جلوبەرگی بووکێنییان دەرهێنابوو، بۆ یەکەمین جار وەک ژن و مێرد لەسەر سیسەمێکی هاوبەش خەوتن. کاتێک خۆر هەڵهات و تیشکەکانی لەنێو پەردەکانەوە هاتە ناو ژووری هۆتێلەکە، پرۆگرامی ئەوانیش گۆڕا. ئانی دەستی خستبووە نێو قژی پائولۆ و پائولۆ هەوڵی دەدا سەری بەرێتە نێو سەرینەکەوە.

. « ئایی. زۆر ماندووم.»

«ئەگەر نەخەوین، لەڕاستیدا هێشتا شەوی بووکێنیمان کۆتایی نەهاتووە، وایە؟»

« بەڵێ منیش وا بیر دەکەمەوە».

« کەوایە...»

ئانی بەسەر پائولۆدا چەمایەوە و کارتی ویزیتی ئەو پیاوە بێگانەی لەبەر سیسەمەکە هەڵگرت.

ئانی وتی: « بڕۆین سواری باڵۆن بین.»

«نەخێر...»

« بەڵێ....»

« نەخێر، نەخێر»

« بەڵێ، بەڵێ،بەڵێ»

ئانی بیرت لەو بڕیارە کردۆتەوە کە دات؟

« بەڵێ دەزانم ئەم کارە لەگەڵ ڕۆحیەتی مندا ناگونجێت، بەلام کاتێک کە گرێبەستی هاوسەرگیریمان واژۆ دەکرد، باڵۆنێکم لە ئاسماندا بینی، ڕەنگە ئەمە نیشانەیەک بێت. لەسەر کارتەکە نووسرابوو: « گەشتکردن لەکاتی هەڵهاتنی خۆر»

«بەڵێ، بەلام...»

« دەی تو خوا...»

«ئایی، باشە».

پائولۆ بە توندی چاوی داخست، دواتر لەناکاو چاوی کردەوە و وتی: « بەڵێ!» ئانی خێرا تەلەفۆنی هەڵگرت، دوایین پەیوەندی تەلەفۆنی ئەو پێش مردنی بەمشێوە دەستی پێکرد: «سڵاو، ئەمڕۆ گەشتتان هەیە؟»

***

پێنج کاتژمێر بۆ کۆتایی هاتنی ژیانی مابوو! بەیانییەکی فێنک بوو، ئانی و پائولۆ چاکەتێکی ئاسکیان لەبەردا بوو، دەستی یەکیان گرتبوو و لەنێو چیمەنێک لەلای سەبەتەی باڵۆن ڕاوەستابوون، هەموو شتێک وەکو پەرجویەک بەیەکەوە بەسترابوون: کارت

ویزیتێکی ڕێکلام، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی، فڕۆکەوانێک بە ناویی تالبرێت و وێستگەی فڕین لەنزیکی هۆتێلی ئەواندا بوو. ئانی لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە چ چیرۆکێکی سەرسووڕهێنەر دەبێت، شەوێکی زاوایەتی بە فڕین لەنێو هەورەکان کۆتایی هات.

کرێکارێک کە جەستەیەکی بچوکی هەبوو، ئاگرەکەی داگیرساند بۆ ئەوەی هەوای نێو باڵۆنەکە گەرم بێت، دوای چەند خولەکێک باڵۆن بەرز بووەوە. وەکو ئەوە بوو دێوێک لە خەو ڕابووە و باوێشک دەدا، کاتێک نێو باڵۆنەکە بەتەواوی گەرم بوو، شێوەی هەرمێیەکی گەورەی پەیدا کرد، ئانی و پائولۆ غەرقی سەیرکردنی باڵۆنێک ببوون کە بڕیار بوو ئەوان بۆ ئاسمان بەرێت، باوشیان بە یەکتردا دەکرد.

لەو ساتەدا ئەوان ئاگایان لەزۆر شت نەبوو، تیدی فڕۆکەوانێکی تازەکار بوو، زۆری پێ خۆش بوو توانای خۆی بسەلمێنێت، هەرچەندە فەرمانگەی کەشناسی ڕایگەیاندبوو کەشوهەوای ئەو ڕۆژە لەبار نییە، تیدی ڕازی ببوو ئەوان سواری باڵۆن بکات. لەبەر ئەوەی، ئەوان تازە هاوسەرگیرییان کردبوو. هاوسەرە نوێیەکان موشتەریگەلێکی بەسوود بوون بۆ ئەم کارە، تیدی لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە ئەگەر ئەم بووک و زاوایە بۆ زاوا و بووکەکانی دیکەی بگێڕنەوە، بۆ داهاتووی کۆمپانیاش باش دەبێت.

ئەگەر بارودۆخی کۆمپانیا باشتر ببێت، بۆ ئەویش باشە.

تیدی وتی: «ئامادەن بڕۆین؟»

ئەو، ئانی و پائولۆی بەرەو سەبەتەکە ڕێنمایی کرد، لەپشت سەریانەوە دەرگای سەبەتەکەی داخست، کێبڵەکانی کردەوە و ئاگرەکەی داگیرساند بۆئەوەی لەوانەوە ئاگر بڕواتەنێو باڵۆنەوە.

باڵۆنەکە لەسەر زەوی بەرز بووەوە.

***

چل خولەک دواتر، لەکاتێکدا باڵۆن بەئارامی لەسەر لەوەڕگەیەکی بەرفراوان و بەتاڵ تێپەڕ دەبوو، ئانی بە سەرسووڕمانەوە وتی: « ئایی خوایە، باوەڕ ناکەم.»

پائولۆ بەبیستنی ئەم قسەیە دەستی گرت لێواری باڵۆنەکەوە و وتی: «بۆچی خەڵک لەبارەی ئەو شتانەی کە لەبەرچاویان ڕوودەدات دەڵێن: « باوەڕ ناکەم». مەگەر خودی ئەم ڕووداوە نابێتە هۆی ئەوەی کە شیاوی باوەڕکردن نەبێت؟»

ئانی پێکەنی و وتی: « باشە. بلیمەت».

«مەبەستم ئەوەیە کە...»

لە ناکاو بایەکی توند هەڵیکرد و باڵۆن بە خێرایی بەرەو خۆرئاوا لە ڕێڕەوی خۆی دەرچوو.

تیدی وتی: « واییی»

پائولۆ وتی: « ئاییی؟»

تیدی کە سەیری هەورەکانی دەکرد، وتی: «شتێکی تایبەت نییە، با باڵۆنەکە بەرز دەکاتەوە. دەمەوێت کەمێک ئاستی بەرزییەکەی کەم بکەمەوە».

تیدی بەلۆعەیەکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، هەوای گەرم ڕاگیرا و باڵۆن کەمێک هاتە خوارەوە، چەند خولەکێک دواتر ئاسمان تاریک دەبوو، بایەکی توندی دیکە هەڵیکرد و زیاتر باڵۆنی بەرەو خۆرئاوا برد، ئانی تێگەیشت باڵۆن نزیکی ژمارەیەک دار دەبێتەوە.

پائولۆ پرسی: « ئایا ئەگەری ئاراستەکردنی ئەم باڵۆنە هەیە؟ هەڵبەتە نامەوێت سکاڵا بکەم یاخود مەبەستم شتێکی دیکە نییە....»

تیدی لە کاتێکدا دەستی گرتبوو بە شوێنی ئاگرەکەوە وتی: « تەنها دەتوانین بەرزبوونەوە و نزمبوونی کۆنترۆڵ بکەین. شتێک

نییە. نیگەران مەبن.» ـ

ئەوان بەردەوام بەرەو لای خۆرئاوا دەڕۆشتن، خێرایی با زیاتر دەبوو، هەورەکان چڕتر دەبوون، تێدی کڵاوڕۆژنەیەکی کردەوە بۆ ئەوەی هەوای گەرم لەنێو باڵۆندا نەمێنێت و باڵۆن زیاتر بێتە خوارەوە، ئەویش بەو هیوایە کە گرفتاری زریان نەبن. فڕۆکەوانێکی شارەزا دەزانێت ئەم کارە مەترسی پێکدادان لەگەڵ نوکی دارەکان زیاتر دەکات و ڕەنگە لەسەرەوە مانەوە ئاسایشێکی زۆرتری هەبێت، ئەم فڕۆکەوانە شارەزایە کەسێک نەبوو جیا لە تالبرێت کە لەو ساتەدا لە دووکانی پەنچەرچیدا بوو و تایەیەکی نوێی دەکڕی.

لەناکاو زۆر نزیک بوونەوە لەدارەکان. تیدی وتی: « کێشەیەک نییە، بەڵام باشتر وایە لەناو سەبەتەکەدا دانیشتن لەبەرئەوەی ڕەنگە خۆمان بکێشین بەدارەکاندا».

کاتێک بەتەواوی نزیک بوونەوە لەدارەکان ، شێوازیی دەربڕین و دەنگی تیدی گۆڕا و دەنگی زیاتر هەڵبڕی.

« زۆرباشە، هەر ئێستا دانیشتن!»

ئانی و پائولۆ خێرا لەنێو سەبەتەکەدا دانیشتن، سەبەتەی باڵۆنەکە بەهەموو هێزی دای لەلقی دارەکان و سەرنیشنەکانی بەرەو لایەک فڕێدا.

تیدی قیڕاندی: « لێرەدا بمێننەوە، ئێستا دەچینە خوارەوە».

تیدی کڵاوڕۆژنەکەی زیاتر کردەوە، پاشان دەنگێکی بەرز بیسترا، ئانی کەمێک سەری هەڵبڕی و لەنێو لق و گەڵای دارەکان هێڵێکی ئاسۆیی و ڕەشی بینی.

کێبلی کارەبا.

باڵۆن دای لە یەک بەیەکی کێبڵەکانی کارەبا، ئانی دەنگی شۆرتی کارەبای بیست، دوایی نورێکی سەرسوورهێنەر دروست بوو، ئاورنگەکان بوونە ئاگر، تێدی هەستی بەبوونی پێیەکانی نەدەکرد، بەهۆی لاوازیی زۆرەوە کەوتە سەر چۆکەکانی و قیراندی: « یا عیسای مەسیح!» سەبەتەی باڵۆن بەخێراییەکی زۆر کەوتە خوارەوە، ئانی و پائولۆ قیژاندیان، هەموو شتێک بەدەوری سەری ئەواندا دەسوورایەوە، ئانی نەیدەتوانی بە دروستی دەوروبەری خۆی ببینێت، دارەکان، ئاسمان و زەوی، دەستێک و گوریسێک، پێڵاوەکان، ئاگر.

سەبەتەی باڵۆن بەرەو لایەک ڕادەکێشرا و دوایی کەوتە سەر زەوی، هەر سێ سەرنشین کەوتنە سەر کەفی سەبەتەکە. وێنەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ بە بەرچاوی ئانیدا تێپەڕ دەبوو، شوڵەی ئاگر، ئاسمان، چەند گوریس، پائولۆ، ئانیشکی خۆی، پانتۆلی لی شین، ئاسمان. دوای ساتێک تێدی بینی کە دیسان باڵۆن بەرز بووەوە، لەبەرئەوەی هێشتا غازی گەرمی تێدا مابوو.

لەناکاو ئانی هەستی بەقوڵی پائولۆ لەدەوری پشتی کرد، قیراندی: « ئانی باز بدە!» ئانی بۆ ساتێک دەموچاوی پائولۆی بینی، بەڵام پێش ئەوەی بتوانێت ناوی بە زماندا بێنێت، پائولۆ ئەوی فڕێ دایە دەرەوەی سەبەتەکە. ئانی ماوەیەک لە هەوادا مایەوە و دوایی بەهەموو هێزی بەپشتەوە دای بە زەوییدا.

هەستی کرد ئەستێرەکان بە دەوری سەریدا دەسووڕێتەوە و ملیۆنان نوری بچوک بەریان بەخۆر گرتووە، ماوەیەکی خایاند بۆئەوەی دیسان هۆشی بێتەوە بەر، بە نیگەرانی سەیری باڵۆنی کرد، لەناکاو تەقیەوە و جەستەی کەسێک لەوەوە فڕیی بەست.

جەستەی ئەو کەسە لەئاسمانەوە بەرەو زەوی دەهات و هێدی هێدی لەو نزیک دەبووەوە.

***

لە کاتژمێرێکی دوای ئەم ڕووداوە، ئانی تەنها ڕستەیەکی لەبەر خۆیەوە دەگوت: «من تاوانبار بووم». لەنێو ئیسعاف، دەنگی ئۆتۆمبێل، هێزی فریاگوزاری، نەخۆشخانە، بەشی فریاکەوتن، ئەو دەرگایانەی کە بەزەربە بەریەک دەکەوتن، لە هەموو ئەم کاتەدا تەنها ڕستەیەک لە مێشکیدا بوو، بۆ ساتێک بەری نەدەدا، تاوانی من بوو! لەنێو ئەو مرۆڤانەی کە لە دەوروبەریدا هاتووچۆیان دەکرد، دەنگی هۆڕنی ئامێرەکان، خاڵە دنیس بەجلوبەرگی تایبەتی ژووری نەشتەرگەری کە بە هەموو هێزی باوشی بەودا کردبوو و فرمێسکەکانی ئانی بەشێک لەجلی سەوزی خاڵە دنیسی تەڕ کردبوو، دیسان تەنها یەک ڕستەی دەگوت.

«تاوانی من بوو، من گوتم بۆ ئەوێ بڕۆین، من ئەم کارەم کرد، من هەموو شتێکم تێک دا».

ئانی لە باڵۆنەکەدا خۆی بەستبووەوە، تەنها چەند بەشێکی جەستەی شین ببووەوە، بەڵام پائولۆ لەبەرزایی ٤١ مەترەوە کەوتبووە خوارەوە، ئێسکەکانی لەشی شکابوو، جلەکانی دڕابوو، ئەندامەکانی جەستەی بەشێوەیەکی سەخت زیانیان پێگەیشتبوو. کاسەی سمت، پێیەکانی، چەناگە و شانی ڕاستی، بەهۆی زەربەی توند شکابوون. بەڵام زۆرترین زیان بەر سییەکانی کەوتبوو. بۆرییەکی هەناسەکێشانی دەستکردیان کردبووە نێو جەستەیەوە، بۆئەوەی بەزیندوویی ڕایبگرن، بەڵام وێنەکان پیشانی دەدا، کە بەتەواوی هەر دوو سیی لەناوچوون، بۆئەوەی بە زیندوویی بمێنێتەوە پێویستی بە سییەکی دیکە هەبوو، دکتۆرەکان سەرقاڵی

تەماشاکردنی لیستی ناوی ئەو ئەندام و خۆبەخشانە بوون لەبەردەستیان، تابزانن چ کەسێک توانا و ئامادەیی هەیە بۆئەوەی بەخێرایی بانگهێشتیان بکەن، بەهێواشی قسەیان دەکرد. ئانی بە سەرسوورمانەوە گوێی بۆ قسەکانی ئەوان ڕادەگرت، لەناکاو هاواری کرد: «سی منی پێبدەن»

«چی؟»

«سی من، دەبێ سی منی پێبدەن».

« ئانی، ئەمە بژاردەیەکی باش نییە».

« بەڵێ باشە، ئەم کارە دەتوانێت گیانی ئەو ڕزگار بکات».

باسێک لەنێوان ئانی و خاڵی و پزیشکەکانی دیکە دەستی پێکرد، دەیانویست ئەو لەم بڕیارە پەشیمان بکەنەوە، بەڵام ئانی شێلگیرانە پێداگیری دەکرد، لەبەرئەوەی ئانی پەرستار بوو، زانیاری تەواوی لەبارەی بارودۆخی پێویست بۆ پەیوەندی ئەندام هەبوو، بۆ نمونە گرووپی خوێن (کە گرووپی خوێنی ئەو و پائولۆ یەکێک بوو) و قەبارەی جەستەیان تا ڕادەیەک یەکسان بوو، ئانی ساتێک چاوی لەسەر پائولۆ هەڵنەدەگرت، چەند پەرستارێک دەوری ئەو و ئامێرەکانی نەخۆشخانەیان دابوو. پائولۆ گیانی ئەوی ڕزگار کردبوو. ئێستا پائولۆ بەبۆنەی ئەوەوە گیانی لە دەست دەدا.

« ئانی ئەم کارە مەترسیدارە...»

« بۆم گرنگ نییە».

« ڕەنگە بارودۆخەکە خراپتریش بێت».

« بۆم گرنگ نییە».

« بارودۆخی ئەو بەهیچ شێوەیەک باش نیە، تەنانەت ئەگەر ئێمە سەرکەوتووبین دیسان ڕەنگە ئەو...»

« ڕەنگە چی؟»

« ڕەنگە ئەو زیندوو نەمێنێت».

ئانی ڕێگەی لە بوغزی گرت و وتی: « ئەگەر ئەو زیندوو نەمێنێت، منیش نامەوێت زیندوو بم...»

« وا مەڵێ....»

« بەجدی دەیڵێم، خاڵە دنیس، لێت دەپاڕێمەوە!»

ئانی ئەوەندە گریابوو وا بیری دەکردەوە ئیدی فرمێسک لەچاویدا نەمابوو، بەڵام ئەو بەباشی لەبیری بوو، هەتا دوو کاتژمێر پێشتر لەگەڵ پائولۆ چەندە خۆشحاڵ بوون پێکەوە. دوو کاتژمێر؟ بەڕاستی ژیان چەندە دەتوانێت لەماوەی دوو کاتژمێردا بگۆڕێت. ئەو بەردەوام ئەو قسانەی کەپائولۆ لەنێو ئەو ئۆتۆمبێلە لیمۆزینەدا پێی گوتبوو، لەبەر خۆیەوە دووبارەی دەکردەوە، هەر ئەو قسانەی کە پائولۆ بۆ دڵنیابوون بەوی گوتبوو.

« ئێمە هاوسەرگیریمیان کردووە و...»

سەرتاپای ئانی دەلەرزی، دنیس بەشێوەیەکی وەها هەناسەی دەدا هەستت دەکرد کەسێک دەکێشێت بەورگیدا، دنیس بەرەو نەشتەرگەری باڵای نەخۆشخانە گەڕایەوە، دەمی بە دەمامک داپۆشیبوو، دنیس ناوێکی بە زاردا هێنا کە هەردوکیان بەباشی دەیانناسین، باشترین پسپۆڕی پەیوەندی ئەندام لە نەخۆشخانەکە بوو.

نەشتەرگەی باڵا وتی: « من پەیوەندی بەوەوە دەکەم».

***

لەڕوانگەی ئانییەوە وردەکارییەکانی دیکە وەکو با و بۆران تێپەڕ بوون، مانیتۆرە تایەدارەکان، تایەکانی تەختی نەخۆشخانە، پەمو کحولییەکان، دەرزییەکان و سۆندەکان، ئانی هیچ گرنگییەکی بەوان نەدەدا، هەستی دەکرد هەموو ئەم کارانە وەکو سندوقێک

دەوری ئەویان دەدا، ئەنجام دەدران. کاتێک گرفتارییەکی گەورە بۆ ئێمە دێتەئاراوە، بوونی کەمێک ئیمان دەتوانێت ببێتە هۆی ئارامی دڵمان، ئەوەی ئارامی دەدایە ئانی ئەوە بوو، کە دەتوانێت گیانی هاوسەرەکەی ڕزگار بکات و بەمشێوە قەرەبووی هەڵەی خۆی بکاتەوە، هەریەک لەئێمە سییەکمان هەیە، پێکەوە دەبینە هاوبەش، وەکو کرێکارێکی کان کە لە کاندا بەندکراوە و تەنها گرنگی بە تیشکی خۆر دەدات لە تاریکیدا، ئانیش هەموو فکری خۆی توکمە کردبووە سەر ئەم بابەتە و بیری لە شتێکی دیکە نەدەکردەوە.

ئانی لەسەر تەختی نەخۆشخانە ڕاکشابوو، لەبەر خۆیەوە دۆعا و نزای دەکرد: خوایە یارمەتی بدە زیندوو بمێنێت. خوایە لێت دەپاڕێمەوە ڕزگاری بکەی، دەرمانی بێهۆشکردن کاریگەری دادەنـا، ئیدی هەستی بەجەستەی خۆی نـەدەکرد، چاوەکانی دادەخران، دوایین شتێک کە لەبیری مایەوە، دوو دەست لەسەر شانی و دەنگی پیاوێک بوو وتی: « کەمێکی دیکە دەتبینمەوە.»

دوایی دونیا بەدەوری سەریدا سووڕایەوە و هەموو شوێنێک ڕەش و تاریک بوو، هەستت دەکرد دەچێتە نێو ئەشکەوتێکەوە، لەنێو ئەو تاریکییەدا شتێکی سەرسووڕهێنەری بینی، هەمان پیرەمێردی نێو زەماوەند بەدەستی کراوە بەرەو ڕووی دەهات، دوایی هەموو شوێنێک سپی بوو.



ئانی هەڵە دەکات

ئانی کچێکی دوو ساڵەیە، لەسەر کورسییەکی بەرز دانیشتووە و پەرداخێکی گەورەی پڕ لە شەربەتی سێو لەبەردەمیدایە،

لە کاتێکدا دایکی جلوبەرگی لەبەری دەردەهێنا وتی: «جێری، سەیر بکە، ئەو دەتوانێت بە قەسەب شەربەتەکەی بخوات.»

باوکی بە بۆڵە بۆڵ بەهێواشی وتی: « وەیی»

« منداڵە هاوتەمەنەکانی ئەو ناتوانن کارێکی وەها ئەنجام بدەن».

« لوراین من زۆر سەرقاڵم.»

« تۆ ڕۆژنامە دەخوێنیتەوە»

« ئەرێ»

ئانی لە شوێنی خۆی هەڵبەز و دابەزی دەکرد.

« دەیەوێت تۆ سەرنجی پێ بدەی».

« بینیم چۆن شەربەتەکەی خواردەوە».

« ئەو دەتوانێت بە قەسەب شەربەت بخواتەوە».

« جاری یەکەم وتت، بیستم».

« جێری، تو خوا، چەند خولەک دەخایەنێت».

ئەو ڕۆژنامەیەک کە بەدەستیەوە بوو بەتووڕیی داینا و وتی: « تەواوی بکە، دەبێ بڕۆم بۆ شوێنێک.»

ئانی دەنگی بەرزی ڕاکێشانی کورسی بیست کە باوکی لە پشت میزەوە پاڵی پێوە دەنا.

دایکی خەریک بوو بەستەی قەسەبی دەکردەوە، بە ئانی وت: « زۆرباشە، وەرە پێکەوە بەباشی ڕاهێنان لەسەر ئەم کارە بکەین بۆئەوەی جاری دیکە پێشانی باوکتی بدەم، باش؟»

دایکی ئانی دەستێکی هێنا بەگۆنای نەرمیداو ئانیش کەبەهۆی سەرنجپێدانی دایکی خۆشحاڵ بوو، دەستی ڕاوەشاند و دای لەپەرداخی شەربەتەکە، شەربەتەکە ڕژا، ئانی دەستی کرد بەگریان.

جێری لەکۆتایی ڕارەوەکە هاواریکرد: «چیت بەو منداڵە کرد؟»

« شتێک نییە!»

« ئەو دەنگەی بیستم، چی بوو.»

دایکی کلێنکسێکی هەڵگرت و شەربەتی پاک کردەوە، بەهێواشی وتی: « شتێک نییە ئازیزم، تەنها ڕووداوێکی سادە بوو.»

دوایی ماچی گۆنای ئانی کرد، دەرگای خانووەکە بەهەموو هێزی داخرا، دایکی سەری داخست و هەمدیس گوتیەوە: «تەنها ڕووداوێک بوو، تەواو بوو.»



گەشتی ئانی

زۆربەی کات، کە ئێمە لەخەو هەڵدەستین، چاومان دەکەینەوە و هەموو شتێک ئاسایی دەبێتەوە، دونیای خەیاڵی ئێمە بوونی نەماوە و شوێنی خۆی بەدونیای واقیعی دەدات.

ئەم ڕووداوە خەون و خەیاڵ نەبوو، ئەوەی بۆ ئانی ڕوویدابوو، هاوشێوەی جارەکانی پێشوو بەئاگاهاتنەوە نەبوو، چاوەکانی نەکردەوە، بەڵام دەیتوانی هەموو شتێک بە ڕوونی ببینێت.

ئەو دەجووڵا.

وا هەست ئەکرا لەسەر ڕووبەڕێکی نەرمە کە بەخێراییەکی زۆر لەژێر پێی تێپەڕ دەبێت، بەڵام هیچ لێکخشانێک بوونی نەبوو، بەڵام لەنێو ئاسانسۆرێکی شوشەییدا بوو، بەرەو ئاسمان فڕێ درابوو، بەخێراییەکی زۆر بەنێو هەموو سێبەرە ڕەنگ مۆرەکاندا، لیمۆیی و سەوز تێپەڕ بوو.

هەرچەندە گوێی لەدەنگی با بوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەک هەستی بە با نەدەکرد، وا هەست ئەکرا کە با بەشێوەی زریان بەرەو ڕووی دێت، بەڵام دوایی وەکو کرداری هەناسەکێشان و هەناسەدەردان

دیسان دەچێتەوە نێو تونێلێک، بابەتی سەرسوورهێنەر ئەوە بوو، کە ئانی گرنگی بەو نەدەدا، هیچ نیگەران نەبوو. خۆی وەکو منداڵێکی بارسووک و بە بێ هیچ ئازار و خەمێک دەبینی.

لەناکاو شتێک لەدەروونی ئەودا تەقیەوە، ئەم هەستە بەرادەیەک نائاسایی بوو، کە ئانی هیچ وشەیەکی بۆ وێناکردنی ئەو نەبینیەوە، یەک بەیەکی ئەندامانی جەستەی حاڵەتی ئاسایی خۆیان لەدەست دابوو و گەورە ببوون، بەشێوەیەک کە هەستت دەکرد درێژی دەست و پێیەکانی زیاتر ببۆو، سەریان لەسەر ملێکی دیکە دانابوو، وێنەکان لەزەینی ئەودا نەخشیان دەبەست کەپێشتر هیچ کات نەیبینبوو: لەنێو خانوویەکدا بوو، دەموچاوگەلێکی لە پۆلێکی وانەوتنەوە دەبینی و دیمەنگەلێک لە دەشتەکانی دەوروبەری یەکێک لەشارەکانی ئیتالیا لەبەرامبەر چاوی تێپەڕ دەبوون.

دوایی هۆشیار بووەوە و ڕەنگی پیرۆزەیی، زەرد و سوور دیسان کەوتنەوە جووڵە، هەوڵی دەدا فکری خۆی کۆبکاتەوە و تەنها بیر لە پائولۆ بکاتەوە ـ ئایا پائولۆ زیانی پێگەیشتووە؟ ئایا پائولۆ پێویستی بە منە؟ ئایا وەکو ئەوە بوو، کە لەنێو ڕووبارێک لە بیرەوەرییەکان غەرق بووە. باڵۆنێک، ئاگرکەوتنەوە، بەریەککەوتن، نەخۆشخانە.

« ئەمە دەتوانێت چانسی بۆ ئێمە هەبێت.»

ئایا پائولۆ زیندووە؟

« ئێمە تازە هاوسەرگیریمان کردووە.»

ئایا توانیم ڕزگاری بکەم؟

« کەمێکی دیکە دەتبینم...»

من لە کوێم؟



ئانی هەڵە دەکات

ئەو چوار ساڵیەتی و لەپشت مێزی نانخواردن دانیشتووە، باوک و دایکی مشتومڕیانە، ئەو بە چەتاڵەکە یاری دەکات.

دایکی دەڵێت: « من باوەڕ بە قسەی تۆ ناکەم.»

باوکی دەڵێت: « بەڵام کارێکە و کراوە».

ئانی دەپرسێت: « دەتوانیم دۆندرۆمەیەکی میوەیی بخۆم؟»

دایکی دەڵێت: « ئانی بڕۆ یاری بکە».

باوکی لەو لاوە دەقیرێنێت: « ئانی بڕۆ یاری بکە».

«باشە، بەڵام دەتوانم دۆندورمەیەکی میوەیی بخۆم؟»

دایکی دەستێکی دێنێت بەنێو چاوانیدا و دەڵێت: « ئانی!»

« باشە، دەبێ ئێستا چی بکەم؟»

« ئێمە ناچار نین شتێک بکەین».

« وەکو جاری پێشوو یا جارەکانی پێشوو؟»

« باوکە....؟»

باوکی دەقیرێنێت و دەڵێت: « ئای لەدەستی تۆ ئانی! بێدەنگ بە!»

ئانی غەمگین دەبێت، دایکی لەپشت مێز هەڵدەستێت و بەرەو کۆتایی ڕاڕەوەکە دەڕوات.

باوکی کە بە دووی دایکیدا دەڕوات، دەڵێت: « باشە، زۆرباشە، ڕامەکە، تۆی چیت لێم دەوێ؟ ئاااا؟»

دایکی دەقیرپێنێت: « تەنها دەمەوێت تۆ لەبیرت بێت خێزانداری.»

ئێستا ئانی تەنهایە، دڵشکاوە و لەسەر کورسی دێتە خوارەوە، بە پسکە پسک بەرەو موجەمیدەکە دەڕوات و دەسکەکەی ڕادەکێشێت، دەرگای موجەمدەکە بەدەنگێکی بەرز دەکرێتەوە.

هەوای نێو موجەمدەکە زۆر ساردە، بەڵام ئەوشتەی ئەو دەیەوێت لەناویدایە، بەستەیەک دۆندرمەی میوەیی، زۆری پێ خۆشە یەکێکیان هەڵگرێت، دەزانێت ئێزنی شتێکی وای پێ نادەن، لەبەشی خوارەوەی سەلاجەکە چاوی دەکەوێت بەدوو بەستە شوکلێتی « Hershey». دایکی و باوکی زۆر حەزیان لەم جۆرە شوکلاتەیە، یەکێکیان هەڵدەگرێت بۆئەوەی بۆ دایک و باوکی بەرێت، ڕەنگە بە بینینی شوکلات کۆتایی بەشەڕ بێنن، ڕەنگە ئێزنی پێبدەن دۆندورمەیەکی میوەیی هەڵگرێت و بیخوات.

هەنگاوێک بۆ دواوە دەڕوات بۆئەوەی سەیری داخستنی دەرگای موجەمدەکە بکات، لەناکاو هەست بەدوو دەستی گەورە دەکات کە وەحشیانە ئەویان گرتووە.

شوکلاتی لەدەست دادەکەوێت و باوکی قیڕاندی: «منداڵی دەبەنگ! مەگەر پێم نەگوتی کارێکی وەها نەکەی!»

زللەیەکی توندی دا لەڕومەتی، چاوەکانی دادەخرێن و ئیدی شتێک نابینێت، زللەیەکی دیکە. فرمێسک لەچاوی دێتە خوارەوە، زللەیەکی دیکە، بەدەنگێکی وەها بەرز دەگری کە ئازاری گوێ

دەدات.

دایکی دەقیژێنێت: « جێری! بەسە ئیتر!»

« کاتێک دەڵێم، نە، واتە نە!»

« بەسە!»

زللەیەکی دیکە، ئانی هەستی کرد سەری گێژ دەچێت.

« جێری!...»

جێری لە ئانی گەڕا، ئانی بەهۆی لاوازبوونەوە کەوتە سەر زەوی، دایک و باوکی دەقیژنن و ئانیش دانیشتوە و دەگری. دەنگی پێیان دەبیستێ کە لەو دوور دەکەونەوە، دوایی دایکی دێت بۆ لای و ڕێگە لە ڕووناکی دەگرێت.

بەیانی ڕۆژیی دوایی باوکی لە ماڵ ڕۆیشتە دەرەوە و بەتوندی دەرگای داخست، ئانی بەباشی دەیزانی هۆکاری ڕۆشتنی باوکی چییە، ئانی لەبەر خۆیەوە وتی: لەبەرئەوەی من داوای دۆندورمەی میوەییم دەکرد ئەو بەعزی کرد و ماڵی بە جێهێشت.



ڕۆشتنە ناوەوە

شین.. هەموو شتێک شین بوو، هەستت دەکرد ئانییان لەسەر لاپەڕەیەک بە زەمینەی شین کێشابوو، هەستی بە سووکییەکی زۆر دەکرد و لەهەمان کاتیشدا زۆر چالاک بوو.

من لە کوێم؟

چی ڕوویداوە؟

پائولۆ لە کوێیە؟

ئەو نەیدەتوانی هیچ شوێنێکی جەستەی ببینێت، ئەو ڕوناکییە شینە وەکو بەتانییەک هەموو جەستەی جیا لە چاوەکانی داپۆشیبوو، لەناکاو کورسییەکی گەورە هاتە بەردەمی کە لەبەرزاییەکی هاوئاستی سنگی ئاوباز بوو، گۆشەیەکی چەرمی لە سەر کورسیەکە بوو، لەبەشی سەرەوەی کورسی نەردەیەکی زیو بوونی هەبوو، هاوشێوەی کورسی فڕۆکە یا پاس بوو.

ئانی بەحوکمی وارسکە بەرەو پێشەوە ڕۆشت بۆئەوەی دەست بدات لە کورسیەکە، بەلام بەوپەڕی سەرسوورمانەوە

بینی دەستی ڕاستی لەبەرامبەریدا نەبەستراوە بەهیچ شتێکەوە، نەدەستی ئەمەچەکی ئەقوڵی هەبوو، نەئانیشکی هەبوو و نە شان. ئانی تێگەیشت ڕەنگی شین جەستەی دانەپۆشیوە بەڵکوو ئەو بەهیچ شێوەیەک جەستەی نییە، نەبەشی سەرەوە، نەبەشی خوارەوە، نەورگ و نەڕان و نەپێی نییە.

لەبەر خۆیەوە وتی:

ئەمە چییە؟

باقی جەستەم لە کوێیە؟

من لێرەدا چی دەکەم؟

دوایی سێبەری شینی وەکو کەفێک کە لەسەر ڕووبەرێکی ئاویی نێو پەرداخ کۆ دەبێتەوە، بە یەکجارەکی لەبەر چاوان وون بوو، ئانی لەلای چەپی چەند لوتکەیەکی کێوی بەبەفر داپۆشراو و لەلای ڕاستی شارێکی پڕ لە تاوەری بینی. هەموو شتێک بە خێرایی تێپەڕ دەبوو، وەکو ئەوە بوو، کە لەشوێنێک بەجێگیری ڕاوەستابوو، بەڵام بەخێرایی دەجووڵێت، سەیرێکی خوارەوەی کرد و هێڵی شەمەندەفەری لەژێر پێیدا بینی، دوای دەنگێکی ئاشنای بیست.

زەنگی شەمەندەفەر بوو.

دەستی لەسەر کورسییەکە هەڵگرت، کورسییەکە لەبەرچاوان وون بوو، کەمێک پێشتر کورسییەکی دیکە بیندرا، ئەو کورسیەی گرت و ئەویش لەبەرچاوان وون بوو، کورسییەکی دیکە، هەستت دەکرد ئەو بەرەوپێشەوە دەبەن، لەدواییدا گەیشتە دەرگای ژوورێک کە دەسکێکی برۆنزی هەبوو، دەسکەکەی بەرەو خوارەوە ڕاکێشا.

بەم کارە خۆی لەنێو ئەو ژوورەدا بینییەوە، شێوازی لۆکۆمۆتیو لەدەوری نەخشی بەست، هەستت دەکرد هونەرمەندێک

ئەم تابلۆی شێوەکارییە دەکێشێت، بەرزاریی میچەکەی کەم بوو، کەفی کانزایی بوو و پەرچی گەورەی هەبوو، دەوروبەری پڕ لە ئەهرۆم، شوێنی کۆنترۆڵ و پلە پێشاندەری جۆراوجۆر بوو، ئەوێ هاوشێوەی شەمەندەفەرێکی ساڵەکانی ٥٠ بوو.

ئیدی ئەمە چ خەونێکە؟

بۆ ئەوەندە هەست بە سووک بوون دەکەم؟

ئەوانیتر لە کوێن؟

شتێک سەرنجی ئەوی ڕاکێشا. لەسەر کورسی شۆفێری لۆکۆمۆتیو سەرێکی بچوک بەدەرکەوت و دیسان لەبەرچاوان وون بوو.

دەنگی کەسێکی کەم تەمەن بیسترا، کە دەیگوت: « بەڵێ! ... بەڵێ!»

ئەگەر ئەمە خەونێکی ئاسایی بوو، ڕەنگە ئانی هەڵدەهات و بەهەمان شێوە زۆربەی ئێمە لەخەوندا دەبینین، بەبینینی کەسێکی نامۆ و بێگانە دەترسا، بەڵام لەدونیای دوای مەرگ، مەترسی مانایەکی نییە، لەبەرئەمە ئانی ڕۆشتە پێشەوە هەتا گەیشتە کورسی شۆفێرەکە، سەیرێکی خوارەوەی کرد و ڕووبەڕووی دیمەنێکی چاوەڕواننەکراو بووەوە.

لەپشت مێزی کۆنترۆڵی شەمەندەفەر، کوڕێکی گەنج بەپێستێکی قاوەیی و قژی تەواو ڕەش دانیشتبوو، ئەو کراسی مێڵ مێڵی قۆڵ کورتی لەبەردا بوو، کالانێکی چەرمی چەکی یاری بەستبوو بەپشتوێنەکەیەوە.

کوڕە لەوی پرسی: « بەڕات زۆر خێرا دەڕۆم؟»



ئانی هەڵەیەک دەکات

ئانی شەش ساڵ تەمەنیەتی و لەڕێگای گەڕانەوە لەقوتابخانەوە بۆ ماڵەوە، وەکو هەمیشە لەگەڵ سێ منداڵی دیکە، کە هەموویان لەو گەورەتر بوون، دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، وارێن هلمێزی یانزە ساڵ، دوونی خۆشکی نۆ ساڵ بوو، خوشکەکەی تری ناوی لیزا بوو کەتازە تەمەنی ببووە هەشت ساڵ.

لیزا وتی: « پێیدەڵێن ڕێوڕەسمی شەوی خوایی مەسیحییەکان».

ئانی پرسی: « لەو ڕێوڕەسمەدا چی دەکەن؟»

« بۆ کڵێسا دەڕۆی و تۆبە دەکەی، دوایی بیسکویتێک دەخۆی».

وارێن وتی: « بیسکویتی ویفری».

« دوایی هەدیەت پێدەدەن».

دیون وتی: « هەدیەی جۆراوجۆر!»

ئانی وتی: « بەڕاستی».

وارێن وتی: « من پاسکیلێکم وەرگرت».

ئانی بەبیستنی ئەم قسە ئیرەیی پێ برد، لەبەرئەوەی زۆر

حەزی لەوەرگرتنی دیاری بوو، ئەو تەنها ڕۆژی کریسمس و ڕۆژی لەدایکبوونی دیاری وەردەگرت، دایکی پێیدەوت، ئێستا باوکت ئێمەی بەجێهێشتووە، دەبێ کەمتر خەرج بکەین.

ئانی وتی: « دەتوانم بەشداری لە ڕێوڕەسمی شەوی خوادا بکەم؟»

« شەوی خوایی! مەگەر شێت بووی!»

« بۆ ئەوکارە، دەبێ کاسۆلیک بیت، ئایا تۆ کاسۆلیکی!»

ئانی شانێکی هەڵقرچاند و وتی: « نازانم».

وارێن گوتی: « ئەگەر کاسۆلیک بای، دەتزانی».

« چۆن؟»

« ئەگەر بوویت، خۆت دەتزانی»

ئانی پێیەکی دا بەئەرزی ئەو ڕەسیفەی کە لەسەری دەڕۆشتنە ڕێگا، هەستی کرد لەبەر تەمەنی کەمی لەزۆر شت بێبەشە، زۆربەی ئەو کاتانەی کە لەلای منداڵەکانی بنەماڵەی هلمیسدا بوو، هەستێکی وەهای هەبوو، هەموو ڕۆژێک ئەوان لە قوتابخانەوە دەیانگەیاندەوە ماڵەوە، زۆربەی هاوپۆلییەکانی لەگەڵ دایکیان دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام دەبوو دایکی ئانی کار بکات و ئانی ناچار بوو هەتا دایکی دەگەڕێتەوە لە ماڵی دراوسێکەیان بمێنێتەوە.

وارێن گوتی: « ئەوا دەگەینە ماڵی ژنە جادووگەرەکە.»

کەمێک لەپێشتر، خانویەکی یەک نهۆمی بچوکی قاوەیی ڕەنگ بە ئاوپەڕی شەقوشڕ و هەیوانێکی ڕۆشتنەژوورەوەی ڕوخاو دەبیندرا، خانووەکە ڕەنگی پێوە نەمابوو، ئەو دارانەی تێدا بەکارهێنرابوون، پتروکابوون، لەنێو خەڵکدا دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە لەم ماڵەدا جادووگەرێک دەژی، چەندین ساڵ پێشتر

مندالێک چووە ناو ئەو ماڵەوە و ئیتر نەهاتە دەرەوە.

وارێن وتی: « هەر کەسێک لەدەرگای ئەو ماڵە بدات پێنج دۆلاری پێدەدەم».

دیون وتی: « من کارێکی وەها ناکەم».

لیزا وتی: « من پێویستم بەو پارە نییە لەبەر ئەوەی یەکشەممە دیارییەکی زۆر وەردەگرم».

« ئانی تەنها تۆ ماوی».

وارێن پێنج دۆلاری لە گیرفانی دەرهێنا و وتی: « دەتوانی بەم پارە زۆر شت بکڕی».

ئانی ڕاوەستا و سەیری پارەکانی کرد و چاویی بڕییە دەرگای ئەو ماڵە.

وارێن وتی: «ڕەنگە لەماڵیش نەبێت» و دوایی پێنج دۆلارەکەی ڕاوەشاند و بەشێوەیەکی شەیتانانە وتی: « پێنننجج دۆلالالاررررر»

ئانی وتی: « بەم پارە دەتوانم چەند بوکەڵە بکڕم؟»

دیون وتی: « زۆر».

ئانی دەستێکی هێنا بە قژە لولەکایدا و دوایی سەیری خوارەوەی کرد، بەشێوەیەک کە هەستت دەکرد دوودڵە لەبڕیاردان. دوایی بەرەو ماڵەکە هەنگاوی نا، هەتا گەیشتە سەر هەیوانەکە، گەڕایەوە و سەیری هاوڕێکانی کرد، وارێن بە دەست ئاماژەی پێدا بۆ ئەوەی لەدەرگای ماڵەکە بدات.

ئانی هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی، دڵی توند توند لێیدەدا، دیسان بیری لەو هەدیانە کردەوە، مشتی بەرەو دەرگای تۆڕی بیناکە بەرز کردەوە، پێش ئەوەی دەستی لە دەرگاکە بدات، کەسێک لە ناوەوە دەرگاکەی کردەوە، ژنێک بە قژی سپی کە ڕۆبی خاولی

لەبەر کردبوو، هاتە بەر دەرگا، ژنەکە چاویی بڕییە نێو چاوانی ئانی.

ژنەکە بەتوندی وتی: « چیت دەوێ؟»

ئانی نەیدەتوانی لەشوێنی خۆی بجوولێت، سەری بەنیشانەی ئـەوەی هیچی ناوێت، جوڵاند، ژنەکە لەپشت سـەری ئانییەوە منداڵەکانی دیکەی دەبینی کە هەڵدەهاتن.

ژنەکە وتی: « ئەوان پێیان وتی بێیت بۆ ئێرە؟»

ئانی بە نیشانەی پەسەندکردنی قسەی ئەو سەرێکی ڕاوەشاند.

« کچێ زمان لە دەمتا نییە؟»

لە کاتێکدا ئانی لەترسان تفی دەمی قورت دا وتی: « تەنها دیاریم دەوێ».

ئەو پیرەژنە ناوچاوانی گرژ کرد و وتی: « نابێت تۆ کەسانی تر بێزار بکەیت».

ئانی نەیدەتوانی چاو لەسەر دەموچاو و لووتی درێژ و کەج و لێویی باریک و تەرک خواردوو و بەرچاوی شینەوەبووی ئەو ژنە هەڵبگرێت و واقی وڕمابوو و سەیری ئەوی دەکرد.

ئانی لەو ژنەی پرسی: «تۆ جادووگەری؟»

پیرەژن چەپ چەپ سەیری ئانی کرد و وتی: « نەخێر، نیم، تۆ چی؟ تۆ جادووگەری؟»

ئانی سەرێکی ڕاوەشاند.

پیرەژن وتی: «من نەخۆشم، ئێستاش لێرە بڕۆ».

پیرەژن دەرگای بەتوندی داخست و دوایی ئانی هەناسەیەکی هەڵمژی، ئانی گەڕایەوە و ڕایکرد بۆ لای برادەرەکانی کە چەند کۆڵان ئەولاتر ڕاوەستابوون، کاتێک بەوان گەیشت ئەو ڕستانەی گێڕایەوە کە ژنەکە بەوی گوتبوو.

وارێن وتی: « کەوایە مەرجبەندی ئێمە هەڵوەشایەوە، لەبەرئەوەی ئەو ژنێکی جادووگەری ڕاستەقینە نییە» ئانی نارەحەت بوو و سەری داخست.

ئەو هیچکات ئەو پارەی وەرنەگرت.



یەکەمین کەس کەئانی لەبەهەشت دەیبینێت.

«ئایا من زۆر خێرا دەڕۆم»

ئانی چاویی بڕییە کوڕێک کە کراسێکی مێل مێلی لەبەردا بوو.

« من لە کوێم؟»

« گوێم لەدەنگت نیە»

« من لە کوێم...»

« گوێم لەدەنگت نیە!»

« وتم.....»

کوڕەکە بزەیەکی پێکەنین هاتە سەر لێوی و وتی: «شێتە، ناتوانم گوێم لەدەنگت بێت، لەبەرئەوەی تۆ قسە ناکەی».

ئەو ڕاستی دەگوت، ئانی دەمی نەبوو، ئەو وشانەی کە ئەو دەیبیست تەنها لە زەینیدا بوون.

ئەو کوڕە وتی: « کەسانێک کە تازە دێنە ئێرە، سەرەتا ناتوانن قسە بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی باشتر گوێ بگرن. ئەمە

ئەو شتەیە کە ئەوان بە منیان وتووە.»

« چ کەسێک؟»

« ئەو یەکەمین کەسانەی کە لێرە بینیم».

«کەوایە تۆ دەنگی من دەبیستی؟»

تۆ کێیت؟

« سامیرم»

« بۆ لێرەی؟»

« دەبێ لەبەر هەندێ هۆ لێرە بم»

من لە کوێم؟

« هێشتا نازانی؟»

ئەو ئاماژەی دایە پەنجەرە و ڕەنگە بگۆڕەکانی ئاسمان.

«بەهەشت».

من مردووم؟

« بەڕاستی بێ مێشکی؟»

***

فکری ئانی وەکو دڵۆپەکانی باران لەشوشەی پەنجەرە دەدات و پێیدا دێتە خوارەوە، بەهەموو شوێنێکدا بڵاو دەبووەوە. مردبوو؟ بەهەشت؟ ڕووداوی باڵۆن؟ پائولۆ؟

جەستەم لەکوێیە؟ بۆچی وام لێهاتووە؟

کوڕەکە وتی: « نازانم، ئایا کەسێ لەزەوی جەستەی تۆی جیا کردۆتەوە؟»

ئانی ئەو نەشتەرگەرییەی بیرکەوتەوە.

تا ڕادەیەک بەڵێ.

« ڕەنگە لەبەرئەوە بێت، سەیری ئێرە بکە.»

« کوڕەکە بەدەستی زەربەیەکی دا لەکلیلێکی ساف، دەنگی

شەمەندەفەر بیسترا.

وتی: « من شەیدای ئەم دەنگەم».

لێت دەپاڕێمەوە، من هی ئێرە نیم. نابێت من....

« نابێت چی؟»

خۆت باشتر دەزانی.

« نەدەبوو بمری؟»

بەڵێ

بۆ چە نە. هەڵبەتە کە دەزانم».

وادەی مردنی من نەهاتبوو. لەبەرئەوەی نە پیرم و نە نەخۆشم، من تەنها...

« تەنها چی؟»

دیسان ئانی شەوی زەماوەندی هێنایەوە بیری خۆی، کە لەبەردەم ئۆتۆمبێلەکە لەسەر شەقامەکە ڕاوەستان، ئەو شۆفێرە ئەوانی بۆ لای باڵۆنەکە ڕێنمایی کرد، پاشان نەشتەرگەریی سی و لە دواییدا ئێرە.

کەسێک بەردەوام هەڵە دەکات.

کوڕەکە ئەوەندە سەری سووڕمابوو، وتی: «وایی! کەسێک لێرە دایە کە کێشەی خۆبەزلزانینی هەیە.»

***

کوڕەکە بەوتنی ئەم قسەیە، گوشاری لەسەر ئامێرێک دروستکرد و شەمەندەفەر خێراییەکی تۆقێنەری پەیدا کرد، شەمەندەفەرەکە وەکو فڕۆکە بەرز بووەوە و وەکو ئۆتۆمبیلێکی کێبڕکێ بەم لاو ئەولادا لار دەبووەوە.

کوڕەکە قیژاندی: « ئووووو....!»

ئانی لەبەرامبەر زەریایەکی ڕەنگ مۆردا بینی، کاتێک نزیکی

هێڵەکانی کەناری بوونەوە، ئانی دەیتوانی شەپۆلە گەورەکان ببینێت کە لەکەنارەکەیان دەدا و کەفێکی سپییان دروست دەکرد.

ڕاوەست...

« نیگەران مەبە، من چەندین جار ئەم کارەم کردووە.»

لەناکاو شەمەندەفەر بەرەو خوارەوە ئاراستەی کرد، ئانی خۆی بۆ پێکدادان ئامادە کردبوو، بەڵام شتێکی وەها ڕووی نەدا. تەنها بەشێوەیەکی زۆر بێدەنگ لەو فەزایەدا ڕۆچوون، لەپەنجەرەوە سێبەری دار توویەک دەبیندرا.

« دەبینی؟»

بۆ کوێ دەڕۆین؟

« باشتر وایە بڵێیت، بۆ چ زەمەنێک دەڕۆین.»

بارەکەی بەرەو سەرەوە ڕاکێشا، لەقوڵایی ئاو هاتنەدەرەوە و ڕۆشتنە ناو دونیایەکی نوێیەوە کەڕواڵەتێکی هاوشێوەی دونیای ئاسایی سەر زەوی هەبوو، شەمەندەفەر خێرایی کەم بووەوە و کەوتە سەر هێڵێک کە بەلای شارێکی بچوکدا بە خانووگەلێکی کۆن و سەیوانی ئەلەمنیۆمی تێپەڕ دەبوو.

کوڕەکە وتی: « ئامادە بە»، بە مشت دای لەشوشەی پێشەوەی شەمەندەفەرەکە، شوشەکە بوو بەهەزار پارچەوە و بە هەوادا بڵاو بووەوە، دوایی ستۆپی ڕاکێشا، دەنگێک بیسترا کە ئازاریی گوێی دەدا و لەناکاو شەمەندەفەر ڕاوەستا، ئانی و کوڕەکە لەنێو پەنجەرەی شکاوەوە ڕۆشتنە دەرەوە.

بە هەوادا فڕین، کوڕەکە قیڕاندی: «ئوووو.... زۆر خۆشە، وایە؟»

دوایی بەبێ ئەوەی دابەزن و بەرکەوتن لەگەڵ زەوی هەست پێ بکەن، خۆیان لەسەر زەوی بینیەوە کە لەلای هێڵی شەمەندەفەر

ڕاوەستاون.

کوڕەکە لە ژێر لێوەوە وتی: « من وا بیرم دەکردەوە ئەم کارە زۆرباش و خۆشە».

***

هەموو شوێنێک بێدەنگ بوو. شەمەندەفەر ڕۆشتبوو، دارەکان وشک ببوون و گەڵای ئەوان سەر زەویی داپۆشیبوو، دیمەنێک کە لەبەردەمیاندا بوو هاوشێوەی فیلمە کۆنە ڕەش و سپییەکان بوو.

ئانی لەبەر خۆیەوە وتی: ببورن، من لەهیچ تێناگەم.

« لەچی تێناگەی؟»

هیچ شتێک، بۆچی من لێرەم، بۆچی تۆ لێرەی؟

کوڕەکە وتی: «من لێرەم لەبەرئەوەی کاتێک بۆ یەکەمین جار دێیتە ناو بەهەشتەوە، دەبێ پێنج کەس ببینی کە لەکاتی ژیانکردن لەسەر زەوی پەیوەندیت لەگەڵ ئەوان هەبووە، ئەوان لەبەر هەندێ هۆی جیاواز، لە ژیانی تۆدا بوون.»

بۆ نمونە لەبەر چی!

« لە هۆیەکەی تێدەگەی، ئەوان شتێک فێری تۆ دەکەن کە کاتێک زیندوو بووی ئاگات لێ نەبوو، ئەمە یارمەتی تۆ دەدات باشتر لەو ڕووداوانە تێبگەی کە ڕووبەڕوویان بوویتەتەوە.»

کەواتە، ڕاوەستە، واتە تۆ یەکەمین کەسی ئەوانی؟»

« ئەوەندە مەشڵەژێ».

داوای لێبوردن دەکەم..... من تۆ ناناسم

« ئەوەندەش دڵنیا مەبە.»

کوڕەکە دەستی هەڵبڕی و بە دەموچاوی ئانیدا هێنای، لەناکاو دەموچاوی ئانی گەڕایەوە شوێنی خۆی، ئانی دەیتوانی هەست بە گوناکانی بکات.

تۆ چیت کرد....

« ئارام بە من نەخۆش نیم، ئێستا سەیر بکە، ئەمە زۆر گرنگە.»

کوڕەکە ئاماژەی بەهێڵی شەمەندەفەر دا، توانای بینینی ئانی زۆر زۆر ببوو، ئانی لە دوورەوە شەمەندەفەرێکی دیکەی بینی کە دوکەڵی بەرز ببووەوە و نزیک دەبووەوە، کەمێک ڕادەوەستا، لەتری دەدا و دیسان ڕایدەکردەوە، نیشانە ڕواڵەتییەکانی ئەو کوڕە بۆ ئانی ئاشنا بوو، قژی ڕەش، پێستی قاوەیی، کراسی مێڵ مێڵ، کالانی چەرمی چەکی کابۆیی.

ڕاوەستە، ئەو کوڕە تۆی؟

کوڕەکە وتی: منداڵتر و دەبەنگتر»

چی دەکەی؟

« وا بیرم دەکردەوە دەتوانم بفڕم، وا بیرم دەکردەوە دەتوانم شەمەندەفەرەکە بگرم و وەک میزەڵانێک بفڕم.» شانێکی هەڵتەکاند و وتی: « ئەوکات تەنها حەوت ساڵ بووم.»

کوڕەکە دوایین بازی بەرەو لای شەمەندەفەرەکە دا، بەڵام دیسان سەرکەوتوو نەبوو، دوایین ڤاگۆنی تێپەڕ دەبوو... ددانە چیڕەیەکی کرد. شێلگیرتر لەپێشوو خۆی دوور گرت و دەستی درێژ کردەوە و دوایی هەوڵی بۆ بازدان دا، ئەمجارە پەنجەکانی گیر بوو لە مێلەیەک کە لەسەکۆی کۆتایی شەمەندەفەرەکەدا بوو.

تەنها چەند ساتێکی خایاند.

خێرایی زۆری شەمەندەفەر بووە هۆی ئەوەی دەستی لەجەستەی جیا بێتەوە، کوڕەکە کەوتە سەر زەوی، دەیقیژاند، قۆڵی کراسەکەی پڕ لەخوێن ببوو، قۆڵی دەرهێنراوی لەسەر هێڵی شەمەندەفەرەکە بوو، قۆڵی خوێناویی بەردەکانی سوور کرد.

کوڕەکە سەیرێکی ئانی کرد، وتی: « ئاخ»

یەکشەممە ـ کاتژمێر ١٠:٣٠ی بەیانی

پیاوێک کە ناویی تالبرێت بوو وەسڵێکی واژۆ کرد، ژنێک لەپشت سندوقەکەوە دانیشتبوو، کاغەزێکی کۆپی بەرەو ئەو ڕاگرت و وتی: «هەموو شتێک بێ کێشەیە.»

تالبرێت چـاوەڕوان بـوو ئۆتۆمبیلی ژنەکەی بێنن، چەند کاتژمێرێک پێشتر لەماڵەوە بوو، ژنەکەی ڕاوەشاند بۆئەوەی خەبەری بێتەوە.

بەهێواشی بەگوێی ژنەکەیدا چرپاندی: « زوو دەگەڕێمەوە.»

« چی....؟»

« تایەی ئۆتۆمبیلەکەت پەنجەر بووە.»

« چی بووە....؟

« دەڕۆم تایەیەکی نوێ بکڕم.»

ژنەکەی لەنێو جێگا تلێکی لێدا و وتی: «باشە، ئاگات لەخۆت بێت.»

تالبرێت خەریک بوو سەیری دیـواری دوکانی کەلوپەلی ئۆتۆمبێلی دەکرد، بیری لەو ژن و هاوسەرە گەنجە دەکردەوە، کە شەوی ڕابردوو لەشەقامەکە یارمەتی ئەویان دا، زاوا بەقاتی ڕەسمییەوە تایەکەی دەگـۆڕی، بـەوی وت ئـەوە پێشنیاری هاوسەری بووە و ئۆتۆمبیل ڕابگرن و یارمەتی ئەو بدەن، پیاوێکی باش بوو، قسە خۆش بوو، ئەم ڕووداوە ببووە هۆی ئەوەی تالبرێت ڕوانگەیەکی باشتری بۆ مرۆڤەکان هەبێت، پێشتر وا بیری نەدەکردەوە.

کەمێک دواتر ئۆتۆمبێلێک لە نزیکی تالبرێت پارک کرا.

« تایەیەکی نوێیە. زاپاس لە سندوقی دواوەیە.»

تالبرێت گوتی: « سوپاس».

کاتێک تالبرێت سواری ئۆتۆمبیل بوو موبایلەکەی هەڵگرت و ژمارەی تیدی یارمەتیدەری گرت.

موبایلی تیدی لە سەر پەیامی دەنگی بوو.

دیسان گرتیەوە.

دیسان لەسەر پەیامی دنگی بوو.

زەنگی بۆ تەلەفۆنی نووسینگە لێدا.

ئەویش لە سەر پەیامی دەنگی بوو.

بە بۆڵە بۆڵ لەبەرخۆیەوە وتی: « ئاخ، مرۆڤی دەبەنگ.»

لەکاتێکدا سەیری ئاوێنەی دواوەی دەکرد، سووڕایەوە و لەجیاتی ئەوەی بۆ ماڵەوە بڕوات، بەرەو یانەی باڵۆن سواری ڕۆیشت، ئیتر ئێستا هەستی باشی لەبەرامبەر مرۆڤەکان نەمابوو.



یەکەمین وانە

ئانی سەیری ئەو کوڕە بریندارەکەی دەکرد، کە لەسەر لمەکان کەوتبوو، دەستی لەجەستەی جیا ببووەوە و خوێنی زۆری لەبەر دەڕۆیشت.

بۆچی ئەمە پیشانی من دەدەی؟ زۆر تۆقێنەرە.

سامیر وتی: « بەڵێ، هیچ کات من بەو شێوە نەگریابووم، وەکو گورگێک دەملوراند.»

ئایا بەم شێوە پیاوی؟

خەریک بوو دەمردم، بەڵام....

بەدەستی ئاماژەی بەشەمەندەفەر کرد، ژنێکی بەتەمەن چاویلکەیەکی پیشیلەیی لەبەرچاو بوو، سەری لەپەنجەرەی شەمەندەفەر دەرهێنا، خێرا گەڕایەوە ناوەوە.

خێرایی شەمەندەفەرەکە کەم بووەوە.

خەڵک بەپەلە دابەزین.

هەمووان بەرەو لای کوڕەکە ڕایاندەکرد.

ئەو ژنەش ڕایدەکرد.

ژنی بەتەمەن قۆڵی بچڕاوی هەڵگرت، قەمسەڵەکەی دەرهێنا و پێچای. کوڕەکە گوتی: « وەرە بڕۆین بۆ بەشی دوایی، ئەم بەشە سەرنجڕاکێش نییە.»

***

لەساتێکدا ڕۆشتنە نێو هۆڵی چاوەڕوانی، پیاوەکان جگەرەیان دەکێشا، ژنان شتیان دەچنی، چەند ڕۆژنامەیەک لەسەر مێزەکان بوو، ماوە نە ماوەیەک یەکێک لەوان بە بێ ئەوەی قسەیەک بکات، ئەوانی هەڵدەگرت.

کوڕە وتی: « ئێستا ساڵی ١٩٦١ە. ئەو ژنەش دایکەم»ە. ئاماژەی بۆ ژنێک کرد قاتێکی سووری لەبەردابوو، دەستی نابووە سەر لێوی، دوایی ئاماژەی بۆ پیاوێک کرد قاتی قاوەیی ڕیشوەداری لەبەردابوو، وتی: « ئەمەش باوکمە.» پێستی ئەو پیاوەش وەکو کوڕەکەی قاوەیی بوو، بەهۆی دڵەڕاوکێ پێی چەپی دەلەرزی، ئانی چاوی کەوتە سەر ژنێک کە سەرنشینی شەمەندەفەرەکە بوو، ئەو دەستەکانی کەپێکەوە گرێی دابوو لەسەر بلوزی بێ قاتی دانابوو، لە گۆشەیەک ڕاوەستابوو.

کاتێک دکتۆر هات هەموو بەرەو لای ڕۆشتن، دکتۆر هەناسەیەکی هەڵمژی و شتێکی گوت، دوایی لە خۆشحاڵییان پێکەنی. باوک و دایک باوشیان بە یەکتردا کرد و بە نیشانەی سوپاس کردن دەستی دکتۆریان گوشی.

دوایی دیمەنەکان وەکو فیلمێک کە لە حاڵی پەخشی خێرادا بێت، بەخێرایی تێپەڕ بوون، چەند پیاوێک بە کامێرایەک وێنەی دایک و باوکێک دەگرن کە لە لای کوڕەکەیان لەسەر قەرەوێڵەی

خەستەخانە ڕاوەستابوون.

کوڕەکە بە ئانی وت: « من مێژووم دروستکرد.»

مێژوو؟

ئەو پێکەنی و وتی: « ئەمە یەکەمین نەشتەرگەری سەرکەوتووی پەیوەندی ئەندامی جەستە بوو، کۆتاییەکی باش بۆ کارێکی دەبەنگانەیە، وایە؟»

ئانی سەرقاڵی سەیرکردنی ئەو دیمەنانە بوو، کە لە بەرامبەری دەکەوتن، کوڕەکە قاتی لەبەر کردبوو و تۆپێکی تۆپی پێی بە دەستەوە بوو و لە نەخۆشخانە دەڕۆشتە دەرەوە و وێنەگرەکان و ڕۆژنامەنووسەکان وێنەیان دەگرت.

بۆچی ئەمانەم پیشان دەدەی؟

« لەبەرئەوەی بۆ تۆش ڕووداوی هاوشێوە ڕوویداوە».

چۆن دەزانی؟

« چ شتێک دەزانم؟»

کە چی بۆ من ڕوویداوە؟

کوڕەکە دەستێکی ئانی گرت و وتی: « ئاسانە، لەبەر ئەوەی منیش لەوێدا بووم».

***

دەستی ئانی ڕاکێشا و بەرەو کۆتایی ڕاڕەوی نەخۆشخانە ڕۆشتن، میچی بینا بەرز بوو، پەنجەرەکان وەکو پلاستیک کێشرابوون.

«تەکنیکێک کە ئەوکات پزیشکەکان بۆ بەستنەوەی قۆڵی من بەکاریان هێنا، ببووە شێوەیەکی باو، زۆرکەس بەهۆی کاری دەبەنگانەی من بۆ گرتنی شەمەندەفەر، نەشتەرگەرییان بۆ کرا و چاک بوونەوە.»

ئانی تێگەیشت شێوازی قسەکردنی ئەو کوڕە زۆر باشتر بووە، ئەو سەیری سەر لوتی باریک و قژی پەرێشانی ئەو کوڕەی دەکرد، کە هاتبووە سەر دەموچاوی.

بۆچی شێوەی قسەکردنت ئەوەندە....؟

« ئەوەندە چی؟»

وەکو پیاوە گەورەکانە؟

کوڕەکە پێکەنی و وتی « بە فێڵەکەمت زانی»

لەناکاو دەنگێکی بەرز لە ڕاڕەودا بیسترا و ئەوانیش وەکو ئەوەی لەنێو بۆرێکدا بن، بۆ ئەم لاو ئەو لا دەڕۆشتن، کوڕێک کە کراسی مێل مێلی لەبەردا بوو، لەحاڵی گۆڕاندا بوو، کاتێک دیسان جێگیر بوون، کوڕەکە بووە پیاوێکی جێکەوتوو بە قژی تۆخ و باڵایەکی درێژ و جلێکی سپی پزیشکی لەبەردا بوو.

چی ڕوویدا؟

کوڕەکە پێکەنی.

تۆ دکتۆری؟

«باش بووم، جەڵتەی دڵ و گوشاریی خوێنی زۆر، هیچ کات پزیشکەکان ئەوەندەی ئاگایان لە نەخۆشەکانیانە ئاگایان لە خۆیان نییە».

جلی بەری ڕێک کرد و ئاماژەی بە لەزگەی سەر سنگی دا «هەروەها کە وتم، ناوم سامیرە، ئەگەر پێت خۆشە دەتوانی من بە دکتۆر سامیر بانگ بکەی، لەم دونیایەدا بەکارهێنانی نازناو و پۆستەکان کەمێک پێکەنیناوییە.»

«ڕاستی، لێم ببوورە کە کەمێک پێشتر پێم وتی دەبەنگ، ئەوە منداڵی دەروونم بوو لەگەڵت قسەی کرد، من منداڵێکی زۆر بێباک بووم.»

ئانی زۆر ئاشووفتە بوو، نەیدەتوانی لە بابەتەکە تێبگات، زانی ئێستا لەنەخۆشخانەیەکی دیکە دان، ڕاڕەوەکان ڕووناکتر بوون، کاری هونەری نوێ لەسەر دیوارەکان بوونیان هەبوو.

ئێمە لە کوێین؟

« لەبیرت نییە؟ »

چۆن بیرم بێتەوە؟ خۆ من لەبیرەوەری ئێوەدا نیم؟

« بیرەوەرییەکان بەر یەک دەکەون».

بەرەو کۆتایی ڕاڕەوەکان ڕۆشتن و ڕۆشتنە نێو ژوورێکی تایبەتەوە، سامیر نزیک بووەوە لەنەخۆشێک کە لەسەر قەرەوێلە ڕاکشابوو، کچێک بەقژی لول بەڕەنگی قاوەیی کەدەستی چەپی لە قۆڵەوە هەتا پەنجەی بە لەفاف پێچابوویان.

سامیر پرسی: « ئانی چۆنی؟ »

کاتێک زاری ئەو کچە بچکۆلە جوولا، ئانی هەستیکرد خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، وتی: « زۆر دەترسم».



ئانی هەڵە دەکات

ئێستا ئانی هەشت ساڵەیە و لەنێو شەمەندەفەرێک دانیشتووە بەرەو "روبی پایر"دەڕوات، ئەو شۆرتێکی سەوزی لەبەر کردووە لەگەڵ تیشێرتێک وێنەی مراوی لەسەرە، دایکی لەلای دانیشتووە ، کوڕە خۆشەویستە نوێیەکەی دایکی بە ناویی باب دانیشتووە.

باب سمێڵێکی گەورەی ڕەشی هەیە کە سەر لێوی داپۆشیوە. تۆنی، کوڕە خۆشەویستی پێشووی دایکی هەمیشە چاویلکەی دژەخـۆری لەچاو دەکـرد، دوئاینی کـوڕە خۆشەویستی پێش لە تۆنی، خاڵێکی لەسەر مەچەکی هەبوو، هیچ یـەک لە کوڕە خۆشەویستەکانی دایکی لەگەڵ ئانی قسەیان نەدەکرد، مەگەر ئەوەی کە خۆی پرسیارێکیان لێ بکات.

لەنێو شەمەندەفەر، باوکی ئانی دەستی دایکی گرتبوو و دەیگوشی، بەڵام دایکی ئاماژەی بەکچەکەی دا و دەستی خۆی کشاندەوە، ئانی بەوردی نەیدەزانی ئایا ئەم کارەی دایکی نیشانەی خۆشنەویستنی باوکیەتی یا نا.

ئەوان بە پیاسە لە دەروازەی ڕۆیشتنە نێو شاری یاری "روبی پایر"کە لەژێر چەند منارە و ژوورێکی گەورەدا بوو، تێپەڕ بوون. ئانی چاوی کەوت بە وێنەی ژنێک ـ خودی "روبی پایر"ـ کە جلوبەرگی درێژی لەبەرکردبوو و چەترێکی بەدەستەوە بوو، ژنی چەتر بەدەست، پێشوازیی لە میوانەکانی پارکەکە دەکرد، لەوکاتەوە باوکی ئەوانی بەجێهێشتبوو، ئانی و دایکی زۆر دەهاتن بۆ ئەم پارکە، بەڵام هەمیشە تەنها خۆیان بوون، سواری چەرخ و فەلەک دەبوون، چلورەی میوەیی و سوسیسی برژاویان دەخوارد، کاتی خۆیان زۆر بەخۆشی تێپەڕ دەکرد، ماوەیەک بوو کوڕە خۆشەویستەکانی دایکیشی لەگەڵ ئەوان دەهاتن، ئانی ئاواتی بەوە دەخواست بارودۆخەکە وەکو پێشووی لێبێتەوە.

دایکی بیست بلیتی کڕی و ئاگاداری ئانی کردەوە کە لەیاری گەورەسالانی وەکو ترێنی هەوایی و فڕی دانی ئازادی تاکەکەسی دوور بێت، ئانیش بە جوڵاندنی سەری قسەکانی پەسەندکرد، ئانی دەیزانی ڕەوتی هەمیشەیی چۆنە، شوێنی فرۆشتنی خواردنی دەزانی، شوێنی ئۆتۆمبیلە کارەباییەکانی دەزانی، ئانی دەیزانی دایکی لەگەڵ باوکی دەڕوات و دوای چوار کاتژمێر دەگەڕێتەوە و لێ دەپرسی: «ئانی خۆش بوو؟» هەڵبەتە، بەڕاستی دایکی گرنگی بەم بابەتە نەدەدا.

نیوەڕۆ بوو، خۆرێکی سووتێنەر لەشاری یاری دەدا، ئانی لەژێر چەترێک دانیشتبوو، بێ تاقەت بوو، پیاوێک کە ئامرازەکانی یاری تەعمیر دەکرد بە لایدا تێپەڕ بوو، لەسەر جلوبەرگی کاری ئەو پیاوە نیشانەیەک بوونی هەبوو، کە لەسەری نووسرابوو ئیدی ـ تەعمیرکار. ئیدی لەوبەری ڕێگاکە دانیشتبوو، سەیری ئۆتۆمبێلەکانی یاری دەکرد، ئانی بەو هیوایەی ئیدی لە گیرفانی

وایەری پاککردنەوەی دەمنەی هەبێت، لەو نزیک بووەوە.

« ببوورن، ئێوە ئێدی تەعمیرکارن؟»

ئەو پیاوە ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: « تەنها ئێدی».

« ئێدی؟»

« ئممم؟»

« دەتوانی بۆم....»

ئانی بەشێوەی دوعا و نزا کردن دەستەکانی هەڵپێکابوو.

« یا ڵڵا، منداڵ من ناتوانم تەواوی ڕۆژ چاوەڕوانی تۆ بم».

کاتێک ئانی داوای دروستکردنی ئاژەڵێکی کرد، ئێدی سەرقاڵی چەماندنەوە و بەیەکتر بەستنی وایەرە زەرد ڕەنگەکانی پاککردنەوەی دەمنە بوو، دوایی پەیکەرێکی وایەری لەشێوەی کەروێشک پێدا. ئانی بەخۆشحاڵییەوە وەریگرت و دیسان گەڕایەوە ژێر سەیوانەکە، ئەو ماوەیەک بەو کەروێشکە یاری کرد، بەڵام دیسان بێ تاقەت بوو، هێشتا کاتژمێر ٢ بوو، بە پیاسەکردن بەرەو گۆڕەپانی ناوەڕاستی پارکەکە ڕۆیشت بۆئەوەی یارییەک تاقی بکاتەوە، لەو یارییەدا دەبوو حەڵقە دارییەکانی بگرتایەتە بتڵە شوشەییەکان، بلیتێکی بۆ ئەو یارییە کڕی، لە کۆتایی یارییەکەدا خەڵاتێکیان بە بەشداربووی ئەو یارییە دەدا.

سێ جار مافی ئەوەی هەبوو هەڵقەکان بگرێتە بتڵەکان، هیچ کامیان نەیانپێکا، بەستەیەکی پلاستیکیان پێدا کە فڕۆکەیەکی داریی لە ناودا بوو، ئانی فڕۆکەکەی بەرەو ئاسمان فڕێ دا، فڕۆکەکە سوڕێکی لێدا و نیشتەوە، دیسان ئەم کارەی کرد.

دوایین جار کە ئەو کارەی کرد، فڕۆکەکە بە بان سەری موشتەریەکاندا تێپەڕ بوو، لەودیوی نەردەیەک نیشتەوە کە لەحیم کرابوو بە دوو ستوونی یاری فڕێ دانی ئازاد، و لەوێ نیشتەوە.

ئانی سەیری هەر دوو لای کرد، دەوروبەری پڕ لە کەسانێکی گەورەساڵ بوون کە هەموویان لەو باڵابەرزتر بوون.

لە ژێر نەردەکەوە پەڕییەوە.

فڕۆکەکەی هەڵگرت.

قیژەی ژنێک بیسترا.

هەمووان ئاماژەیان بەرەو ئاسمان دەکرد.

***

لەناکاو هەموو شتێک بۆ ئانی ڕوون بووەوە، زانی سامێر کێیە و بۆچی لە نەخۆشخانەدان، ڕۆحی ئانی لەنێو جەستەی ئەو کیژۆڵەدا بوو، کە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە ڕاکشابوو و لەنێو چاوە جوانەکانی ئەوەوە سەیری دەوروبەری دەکرد. پێیەکانی دەجووڵاند کە گۆرەوەی زەردی نەخۆشخانەی لەپێدا بوو.

ئانی بەهێواشی وتی: « تۆ دکتۆری من بووی؟»

سامیر وتی: « خەریکە دەنگت دێتەوە».

ئانی کۆکی و هەوڵی دا کەڵک لە وشە قورسەکان وەربگرێت.

« دەنگت وەکو دەنگی منداڵەکانە».

« خەریکی لە بەهەشت بە ڕێگای خۆتدا دەڕۆی».

« بۆچی دیسان لەم ساتانەدا دەژیم؟»

« لەبەرئەوەی هەموو ئەم شتانە پێکەوە بەستراون، کاتێک گەورە بووم تێگەیشتم، چەندە چانسم هەبووە، بڕیارێکی جدیم بۆ ژیانی خۆم دا، خوێندم. بۆ زانکۆ ڕۆشتم و لەبواری پزیشکییەوە خوێندم، دوایی لەبواری بەستنەوەی ئەندامەکان پسپۆڕیم وەرگرت».

ئانی بەسەر سوورمانەوە چاوەکانی گرد کردەوە و وتی: «

بەستنەوەی ئەندامەکان؟»

« هەمان وشە بە واتەی دیسان بەستنەوەی ئەندامانی جەستە».

« کەواتە تۆ دەستی منت پەیوەند دایەوە و پێت بەخشیمەوە؟»

« من و سێ دکتۆری دیکە، تۆ تەنها چەند کاتژمێرێک کاتت بۆ ئەم کارە هەبوو، ئەگەر لەم ماوەدا کارێکم نەدەکرد، ئەگەری ئەوە هەبوو زۆر درەنگ بێت.»

ئانی سەیری دەستی پەیوەنددراوی خۆی کرد کە بە لەفاف پێچابوویان.

ئانی وتی: « بە هیچ شێوەیەک ڕۆژی ڕووداوەکەم لەبیر نییە، بەڵام ئەم بەشە بەتەواوی لە یادگەی من پاک بووەتەوە.»

« لێت تێدەگەم».

« داوای لێبوردون لەئێوە دەکەم و تەنانەت ئێوەشم لەبیر نییە».

سامیر شانێکی هەڵتەکاند و وتی: « زۆربەی منداڵەکان دکتۆرەکانیان بیر نایەتەوە، ئەم کێشەیە یەکەمین جار بەو دکتۆرەوە دەست پێدەکات کە یارمەتی لە دایکبوونی ئەوان دەدات.»

***

ئانی بە وردی سەیری دەموچاوی باڵغ و جێکەوتووی سامیری دەکرد، پێستی ئەستوری ژێر چەناگەی و قژی گەنم و جۆیی کە لە لاجانەکانی بوو، ئانی دەیتوانی لەقوڵایی چاوی ڕەشی ئەو سێبەری کوڕە منداڵێکی هاروهاج ببینێت.

ئانی پرسی: «ئەگەر بەڕاستی ئێرە بەهەشتە، کەواتە بۆچی تۆ یەکەمین کەسی کە پێشوازیت لەمن کرد؟ بەپێی پرەنسیپ دەبوو

خوا یا مەسیح ببینم یا لانیکەم کەسێک کەئەوم لەبیر بێت.»

سامیر وتی: «لەکاتی خۆی دەیبینی، بەڵام ئەم پێنج کەسە کەدەبێ لەکاتی هاتن ببینی، لەبەر هۆیەک هەڵبژێردراون، ئەم کەسانە هەریەک بەشێوەیەک کاریگەرییان لەسەر ژیانی تۆ لەسەر زەوی هەبووە، ڕەنگە ئەوان بناسی و ڕەنگیشە نەیانناسی».

« کاتێک ئەوان نەناسم بە چ شێوەیەک توانیویانە کاریگەرییان لەسەر ژیانی من هەبێت؟»

دەستەکانی وەکو چەپڵە لێدا و وتی: « ئەها! لێرەوە بەشی پەروەردە دەست پێدەکات.»

بەدەوری قەرەوێڵەکەدا سووڕایەوە و لەپەنجەرەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد.

« ئانی پێم بڵێ ئایا جیهان بە لەدایکبوونی تۆ دەستی پێکردووە؟»

« هەڵبەتە نەخێر».

« زۆرباشە، نە بە لەدایکبوونی تۆ و نە بە لەدایکبوونی من، بەڵام ئێمەی مرۆڤ زۆربەی تەمەنی خۆمان لەسەر زەوی تێپەڕ دەکەین، ئەم ماوە ئەندازە دەگرین، بەراوردی دەکەین و لەسەر کێلی گۆڕەکەمان دەینووسین.

ئەمەش لەکاتێکدایە ئاگامان لەوە نییە، کە زەمەنی ئێمە پەیوەندی بەزەمەنی ئەوانیترەوە هەیە، لە هەبوونێکەوە بوونمان پەیدا کردووە و هەموومان دەگەڕێینەوە بۆ هەبوونێک، بەمشێوەیە جیهان بەشێوەی یەکپارچە مانا پەیدا دەکات».

ئانی سەیری چەرچەفی سپی و بەتانی شینی سەر ورگ و دەستی لەفافکراوی تەمەنی منداڵی خۆی کرد، ئەمە ئەوکاتە بوو کە ئیتر ژیان مانای خۆی بۆ ئەو نەما.

سامیر درێژەی بە قسەکانی دا: «ئایا دەتزانی سەدان ساڵ پێشتر، گەچ و لەفافیان بۆ جێخستنەوەی لووتی شکاو بەکار دەهێنا؟ دوایی شەراب و مێز بۆ باش ڕاگرتنی پەنجە براوەکان بەکار دەهێنرا، نەشتەرگەری بەستنەوەی گوێی کەرویشک، هەنگاوێک زیاتر لەم نەشتەرگەرییە لەسەر جەستەی مرۆڤە، ماوەیەک پێش ئەوەی من لە دایک بم، پزیشکە چینییەکان کە لە بواری نەشتەرگەری بەستنەوە چالاک بوون، هێشتا دەرزی زۆر تیژیان بەکار دەهێنا.

کەسانێک بوونیان هەیە، دەڵێن ئەگەر ئازیزەکانی ئێمە پەنجا ساڵ درەنگتر لە دایک دەبوون، دەیانتوانی لەو ڕووداوە ڕزگاریان بێت کە گیانی لێ ئەستاندن، بەڵام ڕەنگە بتوانین بڵێین، هەر شتێک کە بووە هۆی کوژرانی ئەوان، مرۆڤی بەرەو بینینەوەی چارەسەریی ڕێنمایی کردووە. «ڕاکردن بە دوای ئەو شەمەندەفەرە خراپترین ستەمێک بوو کەدەمتوانی لەهەقی خۆمی بکەم، بەڵام پزیشکەکان زانستی ئەو ڕۆژەیان بۆ ڕزگارکردنی گیانی من بەکار هێنا، منیش جۆری پێشکەوتووتری ئەو شێوازەم بۆ دەستی تۆ بەکارهێنا، شێوازێکمان تاقیکردەوە کەپێشتر هیچ کات هاوشێوەی ئەو لەبارەی مرۆڤەوە ئەنجام نەدرابوو، ئێمە کارێکمان کرد، خوێن باشتر لەدەمارەکاندا هاتووچۆ بکات و سەرکەوتوویش بووین.»

سامیر چەمایەوە و دەستێکی بەپەنجەکانی ئانیدا هێنا، ئانی هەستیکرد ڕۆحی لەجەستەی تەمەنی منداڵیی جیا بووەوە و گەڕایەوە حاڵەتی نەبیندراوی پێشووی.

« ئانی، ئەوەت لەبیر بێت کاتێک ئێمە شتێک دروستدەکەین، ئەم کارە بەپشت بەستن بەمرۆڤە پێشووەکانی خۆمان ئەنجام

دەدەیـن، کاتێکیش ئەندامانی جەستەی ئێمە دەبڕێت و جیا دەبێتەوە، مرۆڤەکانی پێش ئێمە یارمەتیمان دەدەن بۆئەوەی حاڵەتی پێشووی خۆمان بەدەست بێنینەوە.»

سامێر جلی سپی تاقیکردنەوەی داکەند، قۆپچەکانی کراسەکەی کردەوە و ئەوەندە کراسەکەی داکەند کە قۆڵی ڕاستی دەرکەوت، ئانی شوێنی تەقەڵە کۆنەکانی لەسەر قۆڵی ئەو بینی کەئێستا تەنها شوێنی برینێکی سپی لێ مابووەوە.

« ئانی، چ من بناسی و چ من نەناسی، ئێمە بەشێک لە بوونی یەکترین.»

دیسان کراسی لەبەر کردەوە.

« وانە تەواو بوو».

هەستێکی سووتانەوە لای ئانی دروست بوو، دیسان دەستی چەپی بەدەرکەوتەوە، بۆ یەکەمین جار لە بەهەشت هەستی بە ئازار کرد و ئەزمونی کرد.

سامیر وتـی: « ئـازارەکـەی زۆر نـاخـایـەنێت، تەنها بیرهێنانەوەیەکە.»

ئانی پرسی: « بیرهێنانەوەی ئەوەی لە دەستم دا؟»

سامیر وتی: « بیرهێنانەوەی دیسان بەستنەوەی ئەندامی جەستەت».

***

بە وتنی ئەم رستە دیسان ئەوان گەیشتنەوە شوێنێک کە ئانی لەسەرەتای هاتنە ناوەوەی خۆی بۆ دونیای دوای مردن بینیبوو، شوێنێک لەنێوان کێوەکانی پڕ لە بەفر و تاوەرگەلێکی گەورە، هێڵێکی شەمەندەفەری گەورە لەبەرچاوی بەدەرکەوت و بینی کە شەمەندەفەرێک بەرەو لای ئەو دێت.

ئانی وتی: « بیرکردنەوەی من لەبارەی بەهەشت شتێکی دیکە بوو.»

سامیر وتی: «باشە دەبێ تۆش شوێن و ژینگەی بنەڕەتی خۆت هەڵبژێری، کاتێک لەسەر زەویی دەژیان، هەمیشە لە شەمەندەفەر دەترسام و ئیدی هیچ کات سواری شەمەندەفەر نەبووم، بەلام لەم دونیایەدا شوێنێک بۆ ترس بوونی نییە، بۆیە بڕیارم دا بوونی مرۆیی خۆم بگۆڕم، ئێستا بەم شەمەندەفەرە بۆ کوێم پێ خۆش بێت دەڕۆم.»

ئانی بەکەمتەرخەمی سەیرێکی سامیری کرد.

سامیر وتی: « لە مەبەستم تێدەگەی؟ ئێرە بەهەشتی تۆ نییە. بەهەشتی منە.»

شەمەندەفەر گەیشت، دەرگا سکەییەکانی شەمەندەفەر کرانەوە.

سامیر وتی: « کاتی ڕۆشتنە.»

« دەمانەوێت بۆ کوێ بڕۆین؟»

ئانی، ئێمە نا، ئێتر ئەم دیمەنە لە بەهەشتی من کۆتایی هات، بەڵام هێشتا دەبێ تۆ فێری هەندێ شتی دیکە ببی.»

پێی لەسەر قالدرمە دانا و وتی: « سەرکەوتوو بیت.»

ئانی وتی: « ڕاوەستە، تو مەرگی من! من هەوڵم دەدا گیانی هاوسەرەکەم ڕزگار بکەم، ناوی ئەو پائولۆیە، تەنها پێم بڵێ ئەو زیندووە؟ ئایا توانیم ئەو ڕزگار بکەم.»

دەنگی ئیشپێکردنی شەمەندەفەر بیسترا.

سامیر وتی: «من ناتوانم پێت بڵێم.»

ئانی بە بێهیوایی سەری داخست.

« بەڵام کەسانێکی دیکە دەبینی»

ئانی وتی: « ئەوانیتر کێن؟»

پێش ئـەوەی بتوانێت وەڵامـی ئانی بداتـەوە، شەمەندەفەر بەخێرایی دوور کەوتەوە، ئاسمان تاریک بوو، دوای هەر شتێک کە لە دەروبەری ئانیدا بوو، بەهەوادا چوو، بەشێوەی زریانێکی لم نیشتەوە.

ئێستا ئانی لەنێو بیابانێکدا بەتەنها بوو.



ئانی هەڵە دەکات

بەهۆی ڕووداوێک کە سێ هەفتە پێشتر ڕووی دابوو، هێشتا دەستی ئانی لەفافی پێوەبوو، بە بەندێک قۆڵیان بەستبوو بە ملیەوە، لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشتبوو، کارێکی دیکەی نەبوو ئەنجامی بدات، ڕوخسەتی پێ نەدەدرا بێتەدەرەوە و دایکی لەبەر هۆیەکی نادیار وایەری تەلەفۆنی بە مەقەست بڕیبوو.

ئانی بەرەو پەنجەرە ڕۆشت و لوراینی بینی کە لەحەوشە سەرقاڵی کێشانی جگەرەبوو، چەند لاپەڕەیەک کاغەز لەسەر ڕانەکانی بوو، بەڵام چاوی بڕیبووە پەتی جل هەڵواسینی دراوسێکەیان، هەندێکات تێدەگەیشت دایکی لەسەیرکردنی ئەو ئازار دەچێژێت، ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کە دایک و باوکەکان پێیان خۆشە منداڵەکانیان هیچ کەموکورییەکیان نەبێت، بە وردی سەیری دەستی چەپی خۆی کرد، ئیدی ئەو کچێکی کامڵ و تەواو نەبوو.

گوێی لەدەنگێک بوو لەنهۆمی خوارەوە، کەسێک بەمشت

دەیدا لەدەرگای ماڵەکە، جێگای سەرسوورمان بوو، زۆربەی کات هەمووان زەنگیان لێدەدا، ئانی لە قاڵدرمەکان ڕۆیشتە خوارەوە، دیسان ئەو دەنگەی بیستەوە کە کەسێک لەدەرگای ماڵەکەیانی دەدا، ئانی دەرگای کردەوە.

ژنێک لەبەر دەرگا ڕاوەستابوو، قاتێکی سووری لەبەر کردبوو، لێوێکی درەوشاوەی هەبوو، توێژاڵێکی ئەستور لەسوراو لەسەر دەموچاوی هەبوو کەسێبەرێکی ڕەنگی تایبەتی بەدەموچاوی دابوو.

ژنەکە وتی: «وایییی، تۆ ئانیت، وایە؟»

ئانی بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەی ئەو سەرێکی ڕاوەشاند.

«چۆنی ئازیزی دڵم؟»

ئانی بەهێواشی وتی: «باشم»

«ئێمە زۆر نیگەرانت بووین».

«بۆچی؟»

ئەو ژنە بزەیەکی پێکەنین لەسەر لێوی بوو، ئاماژەیەکی بەپشت سەری دەدا، بەشێوەیەک کەهەستت دەکرد هەوا بەرەو نێو ماڵەکە ڕێنمایی بکات.

ئەو وتی: «دەزانی چەندە چانست هەیە؟»

ئانی وتی: «باوەڕ ناکەم وەها بم».

«هەست ناکەی چانست هەیە؟ لێت تێدەگەم، ئایا هێشتا دەستت ئازاری هەیە؟ ئێستا برادەرەکەم دێت، دەتوانی بە من و برادەرەکەم بڵێت چی ڕوویدا؟»

ئانی گێژ ببوو، پیاوێکی بینی بەکامێرایەکی گەورەوە کەلەسەر شانی بوو، بەپەلە بەرەو ئەوان دێت، چەند کەسێکی دیکەش دوای ئەو ڕایاندەکرد.

ژنەکە وتی: «سەرەتا ئەوانە بگێڕەوە کە لە یادتە، ئەو ڕۆژە بۆ شاری یاری "روبی پایر"ڕۆشتبووی...»

ئانی کەمێک بۆ دواوە کشایەوە، ئەوانی دیکەش گەیشتبوونە هەیوانی هاتنەژوورەوە و کامێرا و مایکەکانی خۆیان بەرەو ڕووی ئەو ڕاگرتبوو، لەناکاو هەستیکرد کەسێک کراسەکەی ڕادەکێشێت، دایکی ڕۆشت و لەبەردەمی ئەو ڕاوەستا و ئانی بۆ دواوە پاڵ پێوە نا، جلوبەرگی دایکی بۆنی جگەرەی لێدەهات.

دایکی هاواری کرد و وتی: «لێمان گەڕێن، نەڕۆن تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەم! بەخوا وا دەکەم». بەتوندی دەرگای پێوەدا، بە توورەیی ڕووی لە ئانی کرد.

« چیم پێ وتی! مەگەر پێم نەگوتی دەرگا بە ڕووی کەسدا نەکەیتەوە! هیچ کات! ئەم مرۆڤانە داڵن! ئیدی هیچ کات ئەم کارە دووبارە مەکەوە، تێگەیشتی چیم وت؟»

ئانی دەستی کردە گریان و وتی: « داوای لێبوردن دەکەم... ببورە...»

دایکیشی دەستی کرد بەگریان، ئانی بۆ نهۆمی سەرەوە ڕایکرد و دەرگای ژوورەکەی بەتوندی داخست، ئیتر ئێستا هەموو ڕۆژێک حاڵی بەوشێوەیە بوو، رقی لەم بارودۆخە دەبووەوە، بێزی لێدەکردەوە، بێزی لە لەفافی دەستی دەکردەوە، بێزی لە شێوازی ڕەفتاری خەڵک دەکردەوە، بێزی لەو شتانە دەکردەوە کە لەشاری یاری "روبی پایر"ڕوویاندابوو و شتێکی بیر نەدەهاتەوە.

بەیانی ڕۆژی دوایی دایکی زووتر لەهەمووکات ئەوی لەخەو بێدار کردەوە.

دایکی قاتەکەی لەبەر دەکرد، وتی: «زووبە، دەبێ برۆین.»



ئەزەلیی بوونێکی دیکە

ئانی سەیری ئاسمانی کرد و بینی هەوا کەم کەم تاریکتر دەبێت، ڕەنگی هەوا هاوشێوەی ڕەنگی بەشی کانزایی چەک بوو، لەدەستی هەستی بەسووتانەوە دەکرد، ئیتر هەستی بە سووکبوون نەدەکرد کە لەساتی هاتنە ناوەوەی هەیبوو، زۆرتر هەستی وەک قوتابییەکی نیگەران بوو، وەکو ئەوە بوو کە تەنانەت دوای مردنیشی دەستی خۆی لەنێو لمەکان بۆ پێشەوە ڕاکێشابێت.

کاتێک لە تەپۆڵکەکە نزیک بووەوە، بە وردی سەیری کرد، بۆئەوەی لەوە دڵنیا بێتەوە کە دەیبینی، لەسەر تەپۆڵکەکە، پێ، ڕان، قۆڵ، مل و جەستەی خۆی دەبینی کە لەسەر یەکتر کەڵەکە ببوون، جەستەی پارچەپارچە ببوو.

لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە لێرە چی ڕوویداوە؟ هەوڵی دا بڕواتە پێشتر، بەڵام زانی ناتوانێت، لمەکان وەکو پەشمەک دەوری پەنجەکانی ئەویان گرتبوو، سەیرێکی دەوروبەری کرد، لەتەنهاییدا هەستی بەخنکان دەکرد، ئانی لەچەندین ساڵ دوای ئەو ڕووداوە،

چەندین جار هەستێکی وەهای ئەزموون کردبوو، کە تەنهایە و ناتوانێت کارێک ئەنجام بدات، باشە بۆچی لەدونیای دوای مردن هەستێکی وەهای هەبوو؟ مەگەر بڕیار نییە بەهەشت کۆتایی ئازارەکانی مرۆڤ بێت؟

بۆ ماوەیەک کە بەڕای ئەو زۆر دووورودرێژ بوو، بەبێ جووڵە ڕاوەستا، هەتا ئەوەی کە لەناو ئەو بێدەنگییەوە گوێی لە دەنگێک بوو، دەنگەکە بەرزتر بوو، سەرەتا نەیدەتوانی باش لێی تێبگات، بەڵام ئێستا بەتەواوی دەیبیست.

لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە، ڕەنگە دەنگی حەوە حەوی سەگە بێت!؟ بەڵێ، دوایی یەکێکی دیکە، تێکەڵاوێکی ناخۆش لە لورە و حەوە حەو دەبیسترا.

کاتێک ئانی گەڕایەوە، بینی لە دەوروبەریدا لەچەند شوێنێک تەپوتۆز بەرز بووەتەوە، لەساتێکدا گرووپێکی گەورە لە سەگەکان بە ڕەگەز جۆراوجۆر و قەبارەی جیاوازەوە، دەوری ئەویان دا، بەهەستەوە حەوەحەوەیان دەکرد و گازیان لە ئەندامانی جەستەی ئەو گرتبوو و بەئاسماندا فڕێیان دەدا، ئانی دەستی خستە سەر گوێیەکانی و هاواری کرد: «بەسە ئیترا» دەنگی ئەو قوڵتر و کاریگەرتر لەو کاتەدا، کە قسەی لەگەڵ سامیردا دەکرد، بەڵام دەنگی ئەو هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو ئاژەڵانە نەبوو.

یەکێک لەپێیەکانی ئانی بەدەمی سەگێکی قاوەیی لە ڕەگەزی لابرادۆرەوە بوو، ئانی قیژاندی: نا! ئەمە پێی منە. تانجییەکی ڕەگەز ئەفغانیش پێکەی دیکەی ئانی بە دەمەوە گرتبوو، ئانی هاواری کرد: بیدە بە من.

لەناکاو سەگەکان لەدەوری یەکتر کۆبوونەوە، بەرەو ئاسۆ ڕایانکرد و جەستەی ئانیشیان لەگەڵ خۆیان برد.

ئانی دەنگی خۆی دەبیست کە هاواری دەکرد: « نا! ڕاوەستن.»

سەگەکان سەیری دواوەیان کرد، بەشێوەیەک کە هەستت دەکرد ئانی تێبگەیەنن کە بەدوای ئەواندا بڕوات، ئانی سەیرێکی بیابانی قاقڕی کرد، هەر شتێک لەوێدا بێت، وەڵامی زۆرتری بۆ پرسیارەکانی من دەبێت، دوو پێی لە بەردەم خۆی دانا، خۆی بەسەر ئەواندا دا و ڕاوەستا.

لەبەر خۆیەوە وتی: « زوو بە.»

دوایی ڕایکرد.

ئانی گوێی لەدەنگی خۆی بوو کە وتی: « نا، ڕاوەستن».



کەسی دووەم کە ئانی لەبەهەشت دەبینێت.

چەندین سەدەیە مرۆڤ وێنەی جۆراوجۆر لەدونیای دوای مردن لەمێشکی خۆیدا دروست دەکات، لەژمارەیەکی کەمی ئەواندا ڕۆحی مرۆڤ تەنها و جیاواز وێناکراوە، بەپێچەوانەی بوونی شێوازە جیاوازەکان کە ئێمە لەسەر ڕوی زەوی خۆمان لە مرۆڤەکانی دیکە جیا دەکەینەوە، بەڵام هەمیشە لە بەختەوەری ئەزەلیی خۆمان هاوڕێ لەگەڵ کەسێک، بە تایبەت خوا، عیسا مەسیح، قدیسەکان، مەلائیکەتەکان و یا ئازیزانمان وێنا دەکەین، تەنهایی لەدونیای دوای مەرگ پڕ لە غەم و پەژارە دەبیندرێت.

ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێت کە ئانی بەدوای سەگەکاندا ڕۆیشت، هەرچەندە نەشیدەزانی بۆ کوێی دەبەن، کەوتە دوای سەگەکان، هەتا گەیشتنە لێواری لێژگاییەکی هەزار بەهەزار کەبەسەر هەڵدێری دۆڵێک دەیڕوانی، دیسان ئاسمانی سەریان گۆڕا، سەرەتا ڕەنگی زەرد بوو، دوایی ڕەنگی بووە ئەرخەوانی و لە دواییدا سەوز بوو، ئەم ڕەنگانە و هەموو ڕەنگەکانی دیکە لەساتی هاتنە

ناوەوەیدا بینیبووی، ڕەنگدانەوەیەک بوو لەهەستی ئەو لەژیانی سەر زەوی، بەڵام ئانی ئاگای لەم بابەتە نەبوو.

لەناکاو سەگەکان لەیەکتر جیابوونەوە و هەر یەکەیان بۆ لایەک ڕۆیشت، زەوی لەژێر پێی بووە دەشتێکی کاکی بەکاکی، پێکهاتبوو لەچەند پارچە چیمەنێکی بچوک کە هەریەک لەم پارچە چیمەنانە دەرگایەکیان هەبوو، بە شێوازی جیاواز دیزاین کرابوون، هەندێکیان داریی، هەندێکیان ئاسنی، هەندێکیان کۆن، هەندێکیان نوێ، هەندێکی دیکەش لاکیشەیی بوون و بەشی سەرەوەی ژمارەیەکیان بازنەیی بوون، هەریەک لە سەگەکان بەشێوەیەکی تەواو گوێڕایەڵ و دەستەمۆ، لەبەرامبەر یەکێک لەو دەرگایانەدا ڕاکێشران، هەستت دەکرد چاوەڕوانی هاتنەناوەوەی کەسێک بوون.

گوێی لە دەنگێک بوو: « ئانی هاتی؟»

کاتێک سەیری ئەو لایەی کرد کە دەنگەکەی لێوەی هات، پیرەژنێکی جوانی بینی، ۸۰ یا ۹۰ساڵ دەبوو، قژێکی پڕی سپی هەبوو، لووتی درێژ و تیژ بوو، چەناگەی لۆچ ببوو و چاوێکی گەورە و غەمگینی هەبوو، پاڵتۆیەکی پێستی لەبەر کردبوو کە هەتا سەر چۆکی دەهات، ملوانکەیەکی جوانی بە بەردی ڕەنگاوڕەنگ لەمل کردبوو.

ئانی وتی: « ئێوە کێن؟»

پیرەژن بێهیوا دەبیندرا.

« لەبیرت نییە؟»

ئانی بە وردی سەیری دەموچاوی پیرەژنەکەی کرد، پێستی دەموچاوی لۆچ ببوو، پێکەنینێک لەسەر لێوی بوو.

« ئێوە...»

پیرەژن سەری هەڵبڕی.

«... دووەمین کەسن؟»

« بەڵێ».

ئانی ئاخێکی هەڵکێشا: « بە داخەوە ئێوە ناناسم.»

« کاتێک بۆ یەکەمین جار یەکترمان ناسی، تۆ لە بارودۆخێکی خراپدا بووی.»

« مەبەستت چ کاتێکە؟ خەریک بووین چ کارێکمان دەکرد؟ ئەگەر ئێوە لەژیانی مندا بوون، بۆ هیچ یەکێکیان مانایان بۆ من نییە؟»

« ئمم...»

پیرەژن پیاسەی دەکرد، لەهەوڵی بینینەوەی بژارەیەکی شیاودا بوو، دوایی ڕاوەستا و ئاماژەی بە ئاسۆی شین کرد. ئۆتۆمبێلێک بەرەو لای ئەوان دەهات.

« وەرە پێکەوە پیاسەیەک بکەین».

***

لە چاو تروکانێکدا ئانی لەسەر کورسی لای دەستی شۆفێر دانیشتبوو بەتەنها، ئۆتۆمبیلەکە شۆفێری نەبوو، بەخێرایی بەناو هەورەکاندا تێپەڕ بوو، پیرەژن لەلای ئۆتۆمبیلەکە ڕایدەکرد و لە پەنجەرەوە چاوی بڕیبووە نێو ئۆتۆمبیلەکە.

ئانی قیڕاندی: « ئێوە سوار نابن؟»

پیرەژن وەڵامی دایەوە: « نا، هەروا باشە.»

لەدواییدا ئۆتۆمبیلەکە ڕاوەستا (هەرچەندە ئانی نەیدەتوانی لە بەهەشت کات ڕابگرێت، لەم دونیایەدا هەموو شتێک بە خێرایی ڕوویدەدا)، ئانی دابەزی، پیرەژن لەلای ئەو ڕاوەستابوو، بەسەختی هەناسەی دەدا، لەوێدا بینایەکی یەک نهۆمی هەبوو کە لەبەرامبەر

ئەودا پارکینێکی خاکی هەبوو، لەسەر تابلۆیەکی شین و سپی نووسرابوو: پەناگای ئاژەڵەکانی شاری پتوماه.

ئانی بەهێواشی وتی: « ئەم بینایەم لەبیرە، ئێرە ئەو شوێنەیە کە سەگەکەم لێ وەرگرت.»

لە دواییدا (هەرچەندە ئانی نەیدەتوانی کات لەئاسماندا ئەندازە بگرێت، لەبەرئەوەی وا هەست ئەکرا لەوێ هەموو شتێک بە خێرایی تێپەڕ دەبێت).

ئانی بەهێواشی وتی:»من ئەم بینایەم لەبیرە، ئێرە ئەو شوێنەیە کە سەگەکەی منمان وەرگرت.»

پیرەژن وتی: « بەڵێ، وایە».

«کلیو»

«ئممم»

« ئەم بینایە هی تۆ بوو.»

« ئەوکات، بەڵێ»

پیرەژن دانیشت.

« ئیدی چیت لە بیرە؟»

***

ئەوەی لەو ساتەدا ئانی بیری دەهاتەوە ئەمە بوو، کە ڕۆژێک دوای چەندین ساڵ ژیان لەنێو ماڵ و شەقامێک، هاوڕێ لەگەڵ دایکی ئەوێی بەجێهێشت، هەموو کەلوپەلەکەیان لەناو جانتا و عەلاگەی ڕەشی زبڵ دانابوو، سندوقی دواوەی ئۆتۆمبێلیان بە لاستیکێکی چەمچە بەستبوو، سواری ئۆتۆمبێل بوون و بەخێرایی لەوێ دوور کەوتنەوە.

چەند ڕۆژێک لەڕێگادا بوون، لەبەنزینخانەکان یان لەفە فرۆشەکانی سەر ڕێگا خۆراکیان دەخوارد، لەناو ئۆتۆمبێلدا

دەخـەوتـن. لـەدواییدا لەویلایەتێک بەناویی ئاریزۆنا مانەوە، بۆ مـاوەیـەک لەمیوانخانەیەکی کـەنـار شـەقامەکە مـانـەوە، کە فەرشگەلێکی سەوز ڕەنگی کاڵەوەبووی هەبوو، قفڵێکیان دابوو لە تەلەفۆنەکەی.

دوای مـاوەیـەک لـەنـاو کـەرەڤـانـەیـەکی گـەڕۆکدا مانەوە، کەرەڤانەکەی ئەوان لەسەر بلۆک دانرابوو لەناو پارکێکی بێ داردا، لە دەوروبەری ئەوان کەرەڤانەی دیکەش هەبوون، لەناو هەمان کەرەڤانەدا دەخەوتن، خۆراکیان دەخوارد، خۆیان و جلوبەرگیان دەشوشت، تەنها پەیوەندی ئەوان لەگەڵ دونیای دەرەوە ڕۆشتن بۆ سوپەرمارکێت، کتێبخانە (بۆئـەوەی کتێب بۆ ئانی بکڕن) و نەخۆشخانە بـوو، بـۆئـەوەی لەفافی دەستی ئانی بگۆڕن و شیشەکانی ناو قۆڵی ڕێک بخەن، بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە کەئایا دەبێ هەتا کۆتایی تەمەنی بەمشێوە بژی، شتەکان بەدەستی چەپی هەڵگرێت و بۆ کردنەوەی دەرگا سود لەئانیشکی وەربگرێت.

لەلایەکی دیکەوە یاساکانی ژیانیش قورستر ببوو، ئیزن نـەدەدرا ئانی بەتەنها بۆ پـارک بـڕوات، ئیزنی پێ نـەدەدرا بە گۆرەویەوە بەڕێگادا بڕوات (لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە هەبوو پێی بخلسکێت)، لێخوڕینی سکێت، سەرکەوتن بە دار و کەلک وەرگرتن لە یارییەکانی نێو پارک بۆ ئەو مەترسیدار بوو، زۆربەی کات تەنها بوو، کاتی خۆی بە خوێندنەوەی کتێب تێپەڕ دەکرد، کتێبی بەدەستی چەپی کە لاوازتـر بوو ڕادەگـرت و بەدەستی ڕاستی لاپەڕەی هەڵدەدایەوە.

بەیانییەک لوراین، ئانی برد بۆ دادگا، بۆئەوەی لەوێ هەندێ کاغەز واژۆ بکەن، ئانی لەدایکی پرسی: « بۆچی دەبێ کارێکی وەها بکەین؟»

« لەبەر ئەوەی دەمانەوێت ناومان بگۆڕین».

« واتە ئیتر ناوی من ئانی نییە».

« ناوی خێزانیمان دەگۆڕێت»

« بۆچی؟»

« هۆکەی گرنگ نییە.»

« بۆچی؟»

« دوایی پێت دەڵێم».

« کەی؟»

ئانی هیچ کات وەڵامی پرسیارەکەی وەرنەگرت، چەندین مانگ لەناو ئەو کەرەڤانەدا ژیان و هەموو ڕۆژێک خەم و پەژارەی ئانی زیاتر دەبوو، هەمیشە هەوای ئاریزۆنا گەرم بوو، کەسانێک کە بۆ ئەو پارکە دەهاتن، پیر و بێتاقەت بوون، لوراین لەگەڵ دراوسێکان قسەی نەدەکرد، بە ئانیشی وتبوو وەها بێت، شەوان ئانی گوێی لەگریانی دایکی بوو، ئەم بابەتە ئانی تووڕە دەکرد.

لەبەر خۆیەوە دەیگووت: من زیانم پێگەیشتووە.

ئەم بابەتە بووە سەرەتایەک بۆ ڕق لێبوونەوەیەکی بێدەنگ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەستی تەنهایی ئانی زیاتر دەبوو، ئەمە ئەوی زیاتر تووڕە دەکرد، لوراین چەندە زیاتر دەگریا، ئانی کەمتر پێی خۆش بوو، لەگەڵیدا قسە بکات.

ماوەیەک بەدەگمەن پێکەوە قسەیان دەکرد، تووڕەیی و بێزاری، ئازایەتییەکی تایبەتی بە ئانی بەخشیبوو، بۆیە کەم کەم پێشێلکردنی یاساکانی دەستپێکرد، هەر کاتێک لوراین لەدەرەوە بوو، ئانی بەدزییەوە دەڕۆیشتە دەرەوە، لە یەکێک لە کتێبەکان خوێندبوویەوە ئەگەر گەڵای وەریوی لقێک بچێنین، گوڵگەلێکی نوێ گەشە دەکەن، ئانی مقەستێکی لەژێر تیشێرتەکەی شاردەوە

و چەند گەڵایەکی لەگوڵی باخی دراوسێکەیان بڕی، گەڵا بڕاوەکانی خستە چاڵی بچوک و بەپەرداخ ئاوی دان، چەند هەفتەیەک ئەم کارەی کرد و چاوەڕوانی بینینی شوێنەواری ژیان بوو، هەر کاتێک گوێی لەنزیک بوونەوەی ئۆتۆمبێلێک دەبوو، خێرا دەڕۆیشتەوە ناو کەرەڤانەکەوە.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژێک کەخەریک بوو دەڕۆیشتە ناو کەرەڤانەکەوە، زۆر هێواش دەجووڵا. دایکی خەریک بوو لەشوێنی کارەکەیەوە بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە، ئانی بینی کەدەچێتە ناو کەرەڤانەکەوە و دەرگاکەی داخست.

ڕۆژی دوایی دەرگای کەرەڤانەکە لە دەرەوەی قفڵ کرابوو.

بارودۆخەکە بەمشێوە دەچووە پێش، شەوێک لەچێشتخانە بچوکەکەی کەرەڤانەکە سەرقاڵی خواردنی نانی شەو بوون، زۆر بێدەنگ بوو، بە شێوەیەک کەئانی گوێی لە جوینی نانەکەی دەمی لوراین بوو.

ئانی لەدایکی پرسی: «بڕیار نییە، من بۆ قوتابخانە بڕۆم؟»

دایکی وتی: « تا ماوەیەک نەخێر».

« بۆ چی؟»

« دەبێ من هەندێ کار جێبەجێ بکەم».

« بەڵام من لێرە هیچ کەسێک ناناسم».

« دەزانم».

« ئێمە کەی دەگەڕێینەوە ماڵی خۆمان؟»

« ناگەڕێینەوە».

« بۆچی؟ من هیچ برادەرێکم نییە! دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆمان!»

دایکی ئانی پارووەکەی قوتدا و بەئارامی هەستا، ئەو قاپەکەی

خۆی بەتاڵکردە ناو جێگەی قاپ شوشتن و دوایی ڕۆیشت بۆ ژووری خەوەکەی کەچەند هەنگاوێک لەچێشتخانەوە دوور بوو، دەرگاکەی داخست.

بەیانی ڕۆژی دوایی ئانی خەبەر کردەوە و هێلکەوڕۆن و پەنیری دروستکرد و بەبێ ئەوەی قسەیەکی لەگەڵ بکات هێلکەوڕۆنەکەی کردە ناو قاپەوە، کاتێک نانی بەیانی خوارد دایکی وتی: «بڕۆین کەمێک بە ئۆتۆمبیل بسووڕێینەوە».

باران دەباری، ئانی بەدەمووچاوێکی تووڕەوە دانیشتبوو، دەستی لەسەر سنگی دانابوو و هیچ قسەیەکی نەکرد، لەدواییدا ئۆتۆمبیل لە پارکینێکی خاکی لەلای بینایەکی یەک نهۆمی ڕاوەستا، لەسەر تابلۆی سپی و شینی بینا نووسرابوو: پەناگای ئاژەڵەکانی شاری پتوماه.

ئانی و دایکی بەرەو پشتەوەی بیناکە ڕۆیشتن، دەنگی حەوەحەوی سەگ دەبیسترا، ئانی تووشی سەرسووڕمان بوو، چاوەکانی گرد بوون.

ڕووی لەدایکی کرد و وتی: «دەمانەوێت لێرە سەگ وەربگرین؟»

لەناکاو دایکی ڕاوەستا، دەموچاوی غەمگین دەبیندرا، ئەو گازێکی لەلێوی گرت و دەستی کرد بەگریان.

ئانی پرسی: «دایکە چی بووە؟»

دایکی وتی: «هیچ، تۆ پێدەکەنی.»

***

ئەو ڕۆژە ئانی بەلای دەیان سەگی بێخاوەندا تێپەڕ بوو، سەگەکان لەناو قەفەس هەڵبەز و دابەزیان دەکرد و چنگیان بە دەرگای قەفەسەکاندا دەکێشا، ژنێک کە پەناگاکەی بەڕێوە دەبرد

به ئانی وت: دەتوانێت هەر سەگێکی پێ باشە هەڵیبژێرێت، ئانی بەوردی سەیری سەگەکانی دەکرد، لەگەڵ چەند سەگێک یاری کرد و مۆڵەتی دا ئەوان چنگ بێنن بەدەست و دەموچاویدا، له دوایین قەفەس سێ تولەسەگی سپی و قاوەیی بوونیان هەبوو، دووانیان بەرەو لای دەرگای قەفەسەکە هاتن، یەکێکیان لەبەشی دواوە مابووەوە، رەحەتییەکی پلاستیکی بەدەوری ملیەوە بوو.

ئانی پرسی: «ئیتر ئەوە چییە؟»

ژنەکە وتی: «جۆرێک قوفڵی تایبەتە، بۆ ئەوەی ڕێگە له گازگرتن یا لێساندنەوەی سەگەکە بگرێت.»

لوراین پرسی» گاز لەچی بگرێت یا بیلێسێتەوە؟»

« برینەکەی، کاتێک ئێمە بینیمانەوە پێویستی بە نەشتەرگەری هەبوو.»

ئەو ژنە کلیلەکانی بە تەقەتەق سووڕاند و وتی: «چیرۆکێکی غەمگینی هەیە.»

لوراین دەستی لەسەر شانی ئانی دانا و وتی: «وەرە ئازیزم، دەتوانین سەگی دیکە ببینینەوە».

بەڵام ئانی وەکو بزمار بەزەویەکەوە داکوترابوو. هەستێکی تایبەتی بۆ ئەو سەگە لا دروست ببوو، لەبەرئەوەی ئەویش وەکو ئانی بریندار بوو، سەری بەرەو لایەک سووڕاند، دوایی بە دەمی ماچێکی بۆ نارد، سەگەکە چەند هەنگاوێک هاتە پێشەوە.

ئەو ژنە وتی: « پێت خۆشە کەمێک لەگەڵی یاری بکەی؟»

دایکی ئانی ناوچاوی لەو ژنە گرژ کرد، بەڵام ئەو دەرگای قەفەسی کردەوە.

ژنەکە وتی:» وەرە کلیو، کەسێک لێرەیە دەیەوێت تۆ ببینێت.»

***

کاتێک ئانی ئەو چیرۆکەی بۆ پیرەژن گێڕایەوە، وێنەی ئەو ڕۆژە هاتەوە بەرچاویان، خاوەنی پەناگاکە قژێکی زیوی درێژی هەبوو، پانتۆڵی شین، پێڵاوی کالەی ڕەش و بلوزێکی خوری نیوداشی لەبەر کردبوو، بە بزەیەک لەسەر لێوانی پەتی قلاتەی سەگی دایە دەستی ئانی.

ئانی پرسی: « ئێوە ئانن؟»

پیرەژن وتی: « بەڵێ»

پیرەژن سەیری دەوروبەری کرد و وتی: « دایکم لە کوێیە، ئەو منی بۆ ئەوێ برد.»

« ئانی، ئێرە بەهەشتی تۆیە و ئێمە لەشوێنێکداین کەژیانی ئێمە دوو کەسی پەیوەندی بەیەکترەوە هەیە، ئەوانیتر ڕۆڵێکیان تێدا نییە.»

قسەی پیرەژنەکە بووە هۆی ئەوەی ئانی کەمێک تێفکرێت، ئەو فشاری بۆ مێشکی هێنا و وتی :» ئایا من لەگەڵ تۆ کارێکم کردووە؟»

« بەڵێ»

« ئایا من لەبەر ئەو کارەی بۆ تۆم کردووە ئێستا لێرەم؟»

« قەربووکردنەوە؟»

« لەبەر هەڵەکەم، هەر شتێک بێت.»

« بۆچی تۆ وا بیر دەکەیتەوە، کارەکەت هەڵە بووە؟»

ئانی ئەوەی بەمێشکیدا دەهات بە زاریدا نەیهێنا، ئەوەی کە تێکڕای ژیانی ئەو هەڵەکردنی ڕابردووە.

پیرەژن وتی: « لەبارەی کلیو قسەم بۆ بکە».

***

حەقیقەت ئەوە بوو کلیو نزیکەی ساڵێک هاودەمی ئەو بوو،

لوراین تەنها دەیتوانی کاری نیوەوەخت ببینێتەوە، بەیانیان لەکارخانەیەکی پارچەی ئۆتۆمبیل کاری دەکرد، بەیانیان پێش ئەوەی ئانی خەبەری بێتەوە، بۆ سەر کارەکەی دەڕۆیشت و دوای نیوەڕوان دەگەڕایەوە ماڵەوە، ئانی لەبەرئەوەی ناچار بوو هەموو بەیانییەک لەخەو هەستێت و بەدایکی بڵێت نانی بەیانی خواردووە، بێزار بوو، لە پساندنی وایەری تەلەفۆن و تەنها مانەوەش بێزار بوو، لەوکاتەوە کلیو هاتبوو، بوونەوەرێکی دیکەش لەگەڵ ئانی لەناو کەرەڤانەکەدا بوو، کلیو گوێیەکانی قاوەیی و درێژ بوو، شێوەی کەپوی بەجۆرێک بوو کەهەستت دەکرد بە شێوەیەکی ئەزەلی بزەیەکی پێکەنین لەسەر قەپۆزیەتی.

ڕۆژی دوایی ئەوەی کلیۆیان لە پەناگاوە بۆ ماڵ هێنایەوە، ئانی قاپێک پسکیتی بەیانی بۆ خۆی و قاپێک خۆراکی تایبەتی سەگی بۆ سەگە نوێیەکەی دانا، سەیری کلیوی دەکرد، کە بەو قلاتە سەرسووڕهێنەرەی هەوڵی دەدا خۆراکەکەی بخوات. هێشتا شوێنی برینی نەشتەرگەری لەسەر شانەکانی سوور بوو، ئانی لەبەر خۆیەوە وا بیری دەکردەوە چی ڕووداوێک ئەم سەگەی خستۆتە حاڵ و ڕۆژێکی وەها؟ ئایا سەگێکی دیکە هێرشی کردبووە سەری؟

کلیو لەکاتی نانخواردن بەهۆی بوونی ئەم قلاتە ئازاری دەبوو، بەردەوام دەینوزاندەوە، ئانی دەیزانی نابێت ئەو قلاتە بکاتەوە، لەبەرئەوەی دایکی شەش جار بەوی گوتبوو، بەلام ئەو سەگە بەشێوەیەک سەیری ئەوی دەکرد، هەستت دەکرد دەپاڕێتەوە قلاتەکە لەملی بکاتەوە، ئانی هەستێکی خراپی بۆ دروست بوو، کەمێک بۆ پێشەوە چەمایەوە و بەدەستی قفڵی قلاتەی کردەوە، کلیو بەرەو قاپی خۆراکەکە ڕۆشت.

کاتێک تێکڕای خۆراکەکەی خوارد و تەواو بوو، ئانی چەپۆکێکی

دا بەسەر ڕانیدا و کلیو بۆ لای ئەو هات، کلیو لەسەر پێی ئانی ڕاکشا و بۆنی پەنجە تەل تێکراوەکانی ئانی کرد، تەنانەت کاتێک کلیو سەرنجی بۆ شوێنێکی دیکە ڕادەکێشرا، دەگەڕایەوە بۆلای برینی ئانی و ئەوی دەلێستەوە و قەپۆزی پێدا دەخشاند.

ئانی بە کلیوی وت: «پێت خۆشە برینەکەم ببینی؟» دوایی دەستی لەناو ئێتل دەرهێنا، کلیو پێستی دەوری مەچەکەی دەستی ئەوی لێستەوە و نوزەیەکی کرد، لەناکاو شتێک لەدەروونی ئانی کەوتە لەرزە، بەڵام ئەو سەگە شتێکی زیاتر لە سەگی ئاسایی تێدەگەیشت.

ئانی بەهێواشی وتی: «هێشتا دەستم ئازاری هەیە و تەنانەت نازانم چیم کردووە ئەم دۆخەم بەسەر هاتووە».

کاتێک ئانی هۆشی هاتەوەبەر، بینی بەبێ ئەوەی بیەوێت دەگری، ڕەنگە لەبەرئەوە بێت قسەی دڵی بەدەنگی بەرز دەربڕیبوو، تەنانەت نازانم چیم کردووە دۆخێکی وام بەسەرهاتووە، چەند زیاتر ئانی دەگریا سەگەکەش زیاتر دەینوزاندەوە و قەپۆزی بەرز ڕادەگرت بۆ ئەوەی فرمێسکەکانی سەر گۆنای ئانی پاک بکاتەوە.

ئێستا ئانی ژنێکی باڵغە، پیرەژن لەلای ئەو ڕاوەستابوو، وتی: « ئایا دەزانی سەگەکان زۆرتر بۆ لای ئەوکەسانە دەڕۆن کە دەگرین؟ سەگەکان بەبینینی غەم و پەژارە لەسیمای مرۆڤەکانی دەوروبەریان، غەمگین دەبن، ئەوان بەمشێوە دروستکراون، بەوە دەڵێن هاودەردی کردن.»

هەڵبەتە مرۆڤەکانیش هەستێکی وەهایان هەیە، بەڵام هۆکارگەلێکی وەکو نەست، هەستی دڵسۆزی بۆ خود و ئەو بۆچوونە کە غەمی خۆم لەپێشترە، ڕێگە لەپێشاندانی ئەو دەگرێت، سەگەکان کێشەیەکی وەهایان نییە.»

ئانی خۆی لەقۆناغی منداڵیدا دەبینی کە دەموچاوی دەساوی بە

قەپۆزی کلیودا.

بەهێواشی وتی: «ئەو کاتە زۆر تەنها بووم.»

« لێت تێدەگەم».

« لەژیاندا هەموو شتێکم لەدەست دابوو».

«بەڕاستی بە داخم».

« ئایا ئێوەش تا ئێستا هەستێکی وەهاتان هەبووە؟»

پیرەژن بۆ تەئیدکردنی قسەی ئەو سەرێکی ڕاوەشاند و وتی: « بەڵێ، جارێک».

ئانی پرسی: «کەی؟»

پیرەژن ئاماژەی بە پەنجەرەی کەرەڤانەکە دا.

ئانی کەمێک لەسەر پەنجەی پێی بەرز بووەوە بۆئەوەی دەرەوە ببینێت، بەڵام دەرەوە نەدەبیندرا، بەڵکوو لە شوشەی پەنجەرەوە، ژوورێکی تاریک لەناو خانوویەکی کەلاوەدا بینی، هیچ کەلوپەلێک لەناو ژوورەکەدا نەبوو، یەکێک لەپەنجەرەکان شکابوو، کەسێک بە سپرا لەسەر دیواری پشتەوە وێنەیەکی کێشابوو، لە گۆشەی ژوورەکە دوو چاو دەبیندران کە لەبەر نوری کەمی ژوورەکە دەبریسکانەوە، ئانی تێگەیشت ئەو چاوانە هی دەڵە سەگێکی گەورەیە کە لەسەر زەوی پیسی ئەوێ ڕاکشابوو، تولەکانی لەلای دانیشتبوون و قەپۆزیان دەهێنا بە ورگی دایکیاندا.

پیرەژن وتی: « ئەو سەگە هەفتەیەک پێشو تەریکیوە.»

« بۆچی لەناو ئەم ماڵە دایە؟»

پێش ئەوەی پیرەژن وەڵامی ئەو بداتەوە، دەرگای ژوورەکە بە زەربەیەکی توند کرایەوە و دوو پیاو کە تیشێرت و پانتۆلی لی و پوتیان لەبەردا بوو، بە شوشەگەلێکی بیرەوە لەترەلەتر هاتنە ناو ژوورەکەوە، یەکێک لەوان کڵاوی خوری لەسەر نابوو. ئەوان بە

بیستنی نوزاندنەوەی دەڵەکە کەمێک ڕاچڵەکین.

پیاوێک کە کڵاوی لەسەر بوو، کەمێک لەشوێنی خۆی لەرزی، دوایی لەپشت قایشی پانتۆڵەکەی چەکێکی دەرهێنا.

ئانی لەبەر خۆیەوە وتی: « نا....»

ئەو پیاوە سێ جار تەقەی کرد، هەر یەک لەتیرەکان نورێکی پرتەقاڵی لەژووره تاریکەکەدا دروستکرد، ئەو دوو پیاوە پێکەنین، قومێک لەو قوتوە بیرەی کە لەدەستیاندا بوو خواردەوە و دیسان تەقەیان کرد، دوای پێنج تەقە، بە لەترەلەتر لە ژوورەکە ڕۆیشتنە دەرەوە.

ئانی وتی: «چی ڕوویدا؟ ئێستا چی بەسەر ئەوان هات؟»

پیرەژن ڕووی بەرەو لای ئەو وەرگێڕا، لەدەرەوە دەنگی پێکەنینێکی کەم دەبیسترا و لەگۆشەی ژوورەکە دەنگی نوزاندنەوەیەکی بەرز دەبیسترا، تولەکان پەنجەیان بەسەر جەستەی بێگیانی دەڵەکەدا دەهێنا، فرمێسک لەگۆنایان هاتە خوارەوە.

«ئەویان تۆپاند؟»

پیرەژن وتی: « ئەو و چەند دانەیەک لەتولەکانی، تەنها سێ تولەی زیندوو مابوون.»

« تولەی چارەڕەش».

« بەڵی، ئەمە دوایین جار بوو من ئەوم بینی».

ئانی چەند جارێک چاویی تروکاند و وتی: « چیت وت؟»

پیرەژن یەخەی قەمسەڵەکەی دایە دواوە و بەرەو پێشەوە چەمایەوە بۆ ئەوەی شوێنی برینی کۆنی فیشەک لەسەر شانەکانی پیشانی ئانی بدات.

پیرەژن دەستێکی هێنا بەسەر گۆنای پڕ لەفرمێسکی ئانی و وتی: «من بۆ تۆ گریام، تۆ بۆ من دەگریت.»



ئانی هەڵە دەکات

ئانی تیشێرتێکی لەبەرکرد و قڵاتەیەکی بەست بە کلیووە.

« وەرە بڕۆین کچێ».

هەشت مانگ بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕ ببوو، لەفافی دەوری دەستی ئانییان کردبووەوە، هەروەها ئیدی قڵاتەکەی کلیوش کرابووەوە، توکی نوێ لەشوێنی برینی کلیو هاتبووەوە، بەڵام هێشتا ئاوسانی ڕەنگ سوور لەسەر دەستی ئانی دەبیندرا، کە بەهۆی سووڕانی یەکچەشنی خوێن، ڕەنگی گۆڕابوو، زۆربەی کات بە بێ ئەوەی بیەوێت پەنجەکانی دەستی کۆدەبوونەوە و دەبوونە مشت، ئانی ئاواتی بەوە دەخواست خۆزگا لەسەر برینی ئەویش وەکو کلیو، موی لێ دەردەهات.

ئانی خەریک بوو خۆی لەسەر پاسکیل جێگیر دەکرد، ڕووی لە کلیو کرد و وتی: «لەلای من بە و لەپێشەوەی من ڕانەکەی.»

بەبێ بوونی دایکی ئیزنی پێنەدەدرا کلیو بەرێتە دەرەوەی پارک،

بەلام تەنهایی ببووە هۆی ئەوەی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت، لەلایەکی دیکەیشەوە دەیویست شتێک ببینێت.

« وەرە کچێ، با بڕۆین...»

ئانی پایدەری لێدەدا و کلیو لەگەڵ ئەو ڕایدەکرد، سوکانی پاسکیلی زیاتر بەدەستێکی کۆنترۆل دەکرد، بەم نزیکانە لەو بوارەدا شارەزایی پەیدا کردبوو، ئەوان لەکۆتایی ئەم شەقامەدا و لەپشت بنچکە گیاکانەوە ڕۆیشتنە شوێنی دارەکان، ئانی ڕاوەستا و پاسکلیکی لەسەر جەگەکەی ڕاگرت، لەتەپۆلکەیەک ڕۆیشتە خوارەوە و کلیوش لەلای ئەو بوو، گەیشتنە حەسارێکی تەل، ئانی پەنجەکانی لەناو گونی حەسارەکە حەڵقە کرد، کاتێکی زۆری بۆ ڕێست نەمابوو، ئانی کاتی ڕێستی دەزانی لەبەرئەوەی پێشتریش هاتبوو.

زەنگ لێدرا و منداڵەکان لە پۆل هاتنە دەرەوە، ئەوان بەناو زەوی یاری و حەوشەدا بڵاوبوونەوە و هەریەک سەرقاڵی کارێک بوون، ژمارەیەکیان بە تۆپ یارییان دەکرد، ژمارەیەکیان جۆلانێیان دەکرد، خۆشحاڵ بوون و دەنگی پێکەنینیان دەگەیشتە ئاسمان، ئانی کەمێک سەری داخستبوو، دوو کچ سەرنجی ئەویان ڕاکێشا کە هاوتەمەنی ئەو بوون و لەکەناری بیناکە پیاسەیان دەکرد، یەکێکیان قژێکی زەردی درێژی هەبوو و پانتۆڵێکی لی ڕەش و پێڵاوی کاڵەی پەمەیی لەبەردا بوو، ئانی لەبەرخۆیەوە ئاواتی بەوە دەخواست کە خۆزگا ئەویش پێڵاویی کەتانی پەمەیی دەبوو.

ئانی زۆر هێواش وتی: تۆ لێرە بمێنەوە، دوایی پەتی قلاتەکەی بەست بە حەسارەکەوە، کلیو دەینوزاندەوە بەلام ئانی وتی: « بێدەنگبە و لەکاتێکدا لەسەر پەنجەی پێی دەڕۆیشت، دوور کەوتەوە.

بەلای حەسارەکەدا دەڕۆیشت، گەیشتە پێچێک و ڕۆیشتە ناو زەوییەکەوە کەتازە پەینیان لێدابوو و نافۆرەیەکیان لەوێ دانابوو، کە بەتەواوی زەوییەکەی تەڕ کردبوو، ئەو دوو کچەی دەبینی کەپاڵیان بەدیواری قوتابخانەوە دابوو، یەکێک لەوان شتێکی لەگیرفانی دەرهێنا و هێنای بەدەمی ئەویتردا، سوراو بوو؟ ئانی کۆنجکۆڵ بوو و بۆئەوەی باشتر ببینێت بەدارێکدا سەرکەوت، کچەکان بەوردی سەیری یەکتریان دەکرد و قژی خۆیان بەباشی دەبەست، ڕەنگە ئاوێنەیەک بێت سەیریان دەکرد، ئانی زۆری پێ خۆش بوو بزانێت سوراوەکە چ ڕەنگێکە.

لەناکاو ئەو دوو کچە بەرەو لای ئانی وەرگەڕان و ئانی شپرزە بوو و هاوسەنگی خۆی لەدەستدا و لەدارەکە کەوتە خوارەوە. کەوت بەسەر دەستی برینداریدا، ئازار سەرتاپای لەشی گرتەوە، گازی لەلێوی خۆی دەگرت، پەینی تەڕ لکابوو بە پەنجەکانیەوە، لەترسی ئەوەی ئەو دوو کچە بێن بۆ لای، جووڵەی نەدەکرد.

لەدواییدا زەنگ لێدرا و هەموو شوێنێک بێدەنگ بوو، ئانی بەهێواشی هەستا، لەکاتێکدا بەهۆی ئازاری مەچەکی دەستی بە خۆیدا دەپێچرا و بەزەحمەت هەنگاوی دەنا، بەرەو شوێنێک ڕۆیشت کە کلیوی بەستبووەوە.

کاتێک گەیشت بینی کلیو لەوێ نییە.

دڵی خێرا لێیدەدا. هاواریکرد: «کلیو، کلیو...»

بەلای حەسارەکەدا ڕایکرد، هیچ شتێک نەدەبینرا، دیسان گەڕایەوە، دیسان شتێکی نەبینی، بەرەو لای سەرەوەی تەپۆڵکەکە و لای پاسکیلەکە ڕایکرد، دیسان شتێکی نەبینیەوە، کاتژمێرێک بە چاوی گریانەوە لەشەقامدا بۆ ئەم لاوئەولا ڕۆیشت و هاواری کلیوی دەکرد، بەو هیوای گوێی لەدەنگی بێت.

ئیدی کاتێکی زۆری نەمابوو دایکی بگەڕێتەوە، بەچاوی پڕ لەفرمێسک سواری پاسکیل بوو و بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت، کاتێک گەیشتە گەرەڤانەکە، ڕاوەستا و هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا، کلیو لەبەر دەرگای کەرەڤانەکە دانیشتبوو و پەتی قلاتەکە وەکو مارێکی چەرمی لەلای کەوتبوو.

ئانی وتی: «کلیو، ڕابکە وەرە بۆ لام». کلیو بەرەو ئانی ڕایکرد و دەستی کرد بە لێساندنەوەی دەستی پیسی ئانی، لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە ئەم سەگە لەوانیتر باشترە ، منی خۆش دەوێت، بەبینینی من خۆشحاڵ دەبێت. ئەو باشتر لەو کچانە و سوراوی ئەوانە.



وانەی دووەم

ئانی چاوی بڕییە ئەو پیرەژنە کە چاکەتی لەبەر کردبوو و وتی: « واتە دەڵێت ....»

« من کلیوم».

« بەڵام تۆ ژنی.»

« وا بیرم کردەوە ئەم شێوازەی ڕواڵەتم زۆر باشتر و ئاسانترە».

« بەڵام خاوەنی پەناگای ئاژەڵەکان، من لێتم پرسی ئایا تۆ...»

« ئەوی منی بەخێو دەکرد، تۆ پرسیارت کرد ئایا « ئان» منم. ڕەنگە واش بیرم کردەوە مەبەست ئان سەگە. ببورن زۆر کات ڕوودەدات ئەو شتانەی پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، دەیدەینە پاڵ خۆمان.»

ئانی بە وردی سەیری پێستی لۆچ و لوتی سەر بەخوار و مەودای نێوان ددانەکانی ئەو ژنەی کرد و لەبەر خۆیەوە وتی:

کلیو».

« بەڵێ».

« واتە ئێمە پێکەوە قسە دەکەین».

« ئێمە هەمیشە پێکەوە قسەمان دەکرد، مەگەر کاتێک من برسیم بوو، تۆ تێنەدەگەیشتی؟ مەگەر نەتدەزانی چ کاتێک ترساوم و چ کاتێک دەمەوێت بڕۆمە دەرەوە؟»

ئانی وتی: « بەڵێ وایە، تۆ چی؟ ئایا کاتێک لەگەڵت قسەم دەکرد، لە قسەکانم تێدەگەیشتی؟»

لەقسەکانت نەخێر، بەڵام لەمەبەستت تێدەگەیشتم، هەستی بیستنی سەگەکان جیاوازی هەیە لەگەڵ مرۆڤەکان، ئێمە لە ڕووی بیستنی دەنگتان لەهەستی ئێوە تێدەگەین، تووڕەیی، ترس، سووکی و قورسی.... دەمتوانی هەموو ئەمانە لەڕووی دەنگی تۆ بزانم، کاتێک بۆنی پێستی تۆم دەکرد، دەمزانی ئەو ڕۆژە چ کارێکت ئەنجام داوە، چیت خـواردووە، کەی خۆت شوشتووە، کاتێک بۆنی دایکت دەدا لەمەچەکت، من دەمزانی، لەبیرتە؟ بەدزیەوە دەڕۆشتیتە ناو ژوورەکەی، لەپشت ئاوێنە دادەنیشتی، دەستت بەرەو لای من ڕادەگرت بۆ ئەوەی بۆنی بکەم.»

ئانی چاوی بڕییە چاوەکانی کلیو و هەوڵی دا تایبەتمەندییە ڕواڵەتییەکانی ئەوی بیر بێتەوە، تایبەتمەندیگەلێک وەکو: گوێی درێژ و توکی ڕەنگ قاوەیی، ئەویش بیرەوەرییەکانی کلیوی لەیاد بوو، گەورە بوونی کلیوی لەبیر بووە، لەناو ئۆتۆمبیل دانیشتبوون و بەرەو ئۆرینگەی ڤێنتەرنەری دەڕۆیشتن، کلیو خەریک بوو لەسەر پێیەکانی هەناسەی دەکێشتا، ئێستاش بە ڕاستی تێنەدەگەیشت بۆ ئەو بیرەوەرییانە گرنگییان پەیدا کردووە.

ئانی پرسی: «کلیو، بۆچی تۆ ئێستا لێرەی؟»

«بۆئەوەی شتێک فێری تۆ بکەم، هەر ڕۆحێک کە لەبەهەشت دەیبینی وانەیەک فێری تۆ دەکات».

« کەواتە ئاژەڵەکانیش ڕۆحیان هەیە؟»

کلیو بە سەرسووڕکانەوە وتی: « بۆچی دەبێ ڕۆحیان نەبێت؟»

***

لەناکاو دیمەنەکە گۆڕا، ئەوان لەدەرەوەی کەرەڤانەکە بوون و دیمەنی ئەو بینا کەلاوە سڕایەوە، لەئاسمانێک بە ڕەنگی سەوزدا لەحاڵی مەلەدا بوون، لەژێر پێی ئەواندا دۆشەکەیەکی گەورە بوونی هەبوو کە سەرینی پەمەیی و چەرچەفی پرتەقاڵی سەر ئەو، دیمەنێکی هاوشێوەی تەپۆڵکە بچوکەکانی دروست کردبوو.

ئانی وتی: « ڕاوەستە، ئەمە سیسەمی کۆنی منە...»

« وایە».

« زۆر گەورەیە.»

« لە ڕوانگەی منەوە وەها بوو، کاتێک بانگت دەکردم، دەبێ ڕامکردبا و لەسەر ئەو هەڵبەز و دابەزم کردبایە.»

« بۆچی تۆ...»

« ئانی تەنهای، من بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە لێرەم، تۆ بەهۆی تەنهاییەوە ئازارت دەکێشا، بەوە ئازاری خۆت دەدا، بەلام هیچ کات لێی تێنەگەیشتی.

ئانی بەپلارەوە وتی: « تەنهایی چ شتێکی هەیە دەبێ لێی تێبگەم؟ شتێکی زۆر توقێنەرە.»

« هەڵبەتە هەمیشە وا نییە، ئایا تۆ وا بیر ناکەیتەوە ئەگەر ئەوەندە هەستت بەتەنهایی نەدەکرد، منت لەو شوێنەی پاراستنی ئاژەڵەکان هەڵدەبژارد؟ یان یەکەمین ڕۆژ قلاتەی منت دەکردەوە

بۆئەوەی نانی بەیانیم بخۆم؟ تۆ ماڵێکت بەمن دا و خۆشحاڵت کردم.»

« شتێک کە لەبارەی هاودەردییەوە وتم، لەبیرتە؟ ئەمە هەستێکی دوو لایەنەیە، من بریندار ببووم، جیاواز بوو، بەڵام تۆ هەستت پێدەکرد....»

ئانی سەیرێکی دەستی چەپی کرد کە بڕابووەوە و لەبەر خۆیەوە وتی: « بریندار، بەشێوەیەکی دیکە».

« و...؟»

« تەنها»

پیرەژن بەجووڵەی سەری ئاماژەی بەسەرینە گەورەکان کرد، ئانی شەوانێکی بینی کەلەگەڵ هاودەمی ئازیزی تێپەڕیکردبوو.

کلیو وتی: « تەنها، نا».

***

جارێکی دیکە ئەو دیمەنە گۆڕا، گەڕانەوە ئەو مێرگوزارەی کە ئانی پێشتر بینیبووی، ژمارەیەکی زۆری سەگ لەبەر دەرگاکان چاوەڕوان بوون.

کلیو پرسی: «ئایا تا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە چەند بوونەوەری زیندوو لەسەر زەوین؟ مرۆڤەکان، ئاژەڵەکان، پەلەوەرەکان، ماسییەکان، دارەکان. ئەگەر بیر لەوان بکەیتەوە، تووشی سەرسووڕمان دەبی چلۆن دەتوانی هەست بە تەنهایی بکەی، بەڵام مرۆڤەکان هەستێکی وەهایان هەیە، بەڕاستی نابڕووبەرانەیە.»

سەیری ئاسمانی کرد کە ئێستا ڕەنگی ببووە مۆر، « ئانی، ئێمە لەتەنهایی دەترسین، بەڵام خودی تەنهایی بوونی نییە، تەنهایی هیچ بیچمێکی نییە، تەنهایی تەنها سێبەرێکە کەدەکەوێتە سەر

سەری ئێمە، بەهەمان شێوە کەسێبەرەکان بە ڕوناکی لەناودەچن، ئەم هەستە نەحسەش بە بینینی هەقیقەت، لە ناودەچێت.»

ئانی پرسی: « هەقیقەت چییە؟»

پیرەژن پێکەنی و وتی: «هەقیقەت ئەمەیە کە کۆتایی تەنهایی ئەو کاتەیە کەسێک پێویستی بەتۆیە و دونیا پڕ لەنیازە».

***

کاتێک پیرەژن ئەم قسەی کرد، تێکڕای دەرگاکانی ئەو مێرگە کرانەوە، بەهەزاران مرۆڤ، پیر و گەنج، ژن و پیاو، سەربازانێک بە یۆنیفۆرم و بێوەژنانێک بە حیجابی سەر دەموچاویان، بە دەموچاویی غەمگین هاتنەدەرەوە. ئانی هەستیکرد هەموویان بە شێوەیەک پێویستیان بە ئاسوودەییە، لەکاتێکدا سەگەکان کلکی خۆیان ڕادەوەشاند، بەرەو لای ئەوان ڕایانکرد، مرۆڤە غەمگینەکانیان دەلێسایەوە و بۆنیان دەکردن و ئەوانیش لەبەرامبەردا باوشیان بەسەگەکاندا دەکرد، دەموچاوە غەمگینەکان شاد ببوون.

کلیو وتی: «ئەمە بەهەشتی منە».

ئانی پرسی: «سەیری ئەو مرۆڤانە دەکەی کە بۆ ماڵەوە دەگەڕێنەوە؟»

« هەست بە چێژی ئەوان دەکەم، دیسان ڕۆحەکان یەک دەگرنەوە، ئەمە جۆرێک بەیەکگەیشتنی خواییە.»

« ئایا هەموو ڕۆژێک ئەمە ڕوودەدات؟»

کلیو سەرێکی ڕاوەشاند و وتی: «مەگەر هەموو ڕۆژێک ڕووداوە خواییەکان دوبارە دەبنەوە؟»

ئانی بەحەسرەتەوە سەیری ڕەفتاری پڕ لە موحیببەتی سەگەکان و خاوەنەکانی دەکرد، بەڕاستی ڕوون بوو، کە بڕیارە

دونیای دوای مردن بەبوونەوەرەکانی دیکە پڕ بێتەوە، ئێستا دەیتوانی لەنزیکەوە بیبینێت، بەڵام ژیانی دوای مردنی ئەو، بەبێ پائولۆ بوو کەزیاتر لەهەموو کەسێک خۆشی دەویست، بە چ شێوەیەک دەیتوانی شاد بێت؟

« ئانی ئەو کێیە؟»

« هاوسەرەکەم، من هەوڵم دەدا ئەو زیندوو بێت، بەڵام نازانم ئایا سەرکەوتوو بووم یان نا، تەنها شتێک کە لەبیرمە، ژووری نەشتەرگەری و دەستی دکتۆرێک لەسەر شانمە کە بەمنی وت: «بەزووترین کات دەتبینم.» ئانی هەوڵی دەدا وشە شیاوەکان بیبینێتەوە. «ئەگەر بزانم پائولۆ زیندووە، مردن بۆ من خۆش دەبێت، لێت دەپاڕێمەوە تەنها پێم بڵێ مردنی من بێسوود نەبووە».

پیرەژن پێکەنی و وتی: « هیچ کارێکی خێر بۆ ئەوانیتر بێسوود نییە.»

***

دوایی کلیو ئاماژەی بە دوایین دەرگا دا، دەرگا کرایەوە و ئانی منداڵی خۆی بینی، کە لەپاسکیل دادەبەزی و باوشی بە کلیودا کرد، ئەو ڕۆژە وا بیری کردەوە کلیوی لەدەست داوە.

لەم کاتەدا، پیرەژن بەرەو ئانی چەمایەوە، ئانی لەپەنجەکانی و لەپی دەستی خۆی هەستی بە گەرمییەکی تایبەت کرد. دیسان مەچەکەکانی بیندرانەوە، دوایی ئانیشکی، قۆڵەکانی و شانەکانی.

ئانی بە سەرسوورمانەوە وتی: « وای دەستەکانم، دیسان هاتنەوە.»

دوایی هێدی هێدی هەیکەلی ژنانەی کلیو بچوکتر بوو، چاکەتێک کە لەبەریدا بوو بووە توک، پێیەکانی کورت بوونەوە، گوێ و قەپۆزی درێژتر بوو، کلیو بەشێوەی سەگێک کە لەسەر

زەوی هاتبووە ناو ژیانی ئانییەوە، بەدەرکەوتەوە، ئانی باوشی بە کلیودا کرد و وتی: « ئێستا بوویتە خۆت، کلیو.... کلیو...»

بیرەوەری جۆراوجۆر بەشێوەی فیلمێک بەزەینی ئانیدا تێپەڕ دەبوون، کلیو بەرەو پاسکیلی ئانی ڕایدەکرد، کلیو پارچە پیتزایەکی لەسەر قاپی ئانی هەڵدەگرت، ئانی ختوکەی ئەوی دەدا و کلیو تلی لەخۆی دەدا، هەستی شادی لای ئەو دروست بوو، کەچەند ساڵێک بوو ئەزمونی نەکردبوو، دوای ئەم ماوە دووردودرێژە و دوای ئەو هەموو ڕووداوە بێهیواکەرانە، ئێستا دیسان باوشی بە سەگەکەیدا کردبوو، ڕەنگە کلیو لەسەر هەق بووبێت، ڕەنگە دیسان بەیەک گەیشتن نیعمەتێکی بەهەشتی بێت.

ئانی بەهێواشی وتی: « کچی باش، کچی باش». چاوی داخست بۆئەوەی بەتەواوی لەو هەستەدا غەرق بێت.

کاتێک دیسان چاویی کردەوە، دەستی بەتاڵ بوو و دیسان لەناوەڕاستی ئەو بیابانەدا بەتەنها مایەوە.

یەکشەممە - کاتژمێر ١١:١٤ی بەیانی.

تالبرێت تووڕە بوو، نزیکەی کاتژمێرێک بوو هەوڵی دەدا پەیوەندی بە تیدی یارمەتیدەریەوە بکات، بەڵام تیدی وەڵامی نەدەدایەوە.

چۆن دەتوانی وەڵامی تەلەفۆن نەدەیتەوە؟ ڕەنگە من موشتەریەکم هەبێت؟ تالبرێت لەبەر خۆیەوە سوێندی خوارد کاتێک تیدی ببینێت خێرا دەری بکات، هەرچەندە دەیزانی لەم ڕۆژانەدا بینینەوەی فرۆکەوانی باڵۆن کارێکی زۆر سەختە.

تالبرێت خۆی بەم نزیکانە کاری فڕینی باڵۆنی دەستپێکردبوو،

دوای ئەوەی لەکاری پێشووی لەهێزیی دەریایی خانەنشین کرا، لە تەمەنی ٥٢ ساڵی ئەم کارەی دەستپێکرد، پێشتر ئەو کاری ئاراستەکردنی پاپۆڕی لەئەستۆ بوو، کاتێک پێیان وت تەمەنی بۆ فڕین زۆرە، پێداگیری لەسەر خواستی خۆی بۆ هێزیی ئاسمانی کردەوە، باڵۆن نەیدەتوانی بەتەواوی وەکو فڕۆکەیەکی سەربازیی بێت، بەڵام دەیتوانی ئەو بۆ ئاسمان بەرێت و لەلایەکی دیکەوە پێویستی بە شارەزایی و پسپۆڕییەک هەبوو کە تالبرێت هەیبوو، بەهەرحاڵ لەوێشدا ئاگاداربوون لەبارودۆخی کەشوهەوا و کەلوپەلەکان. هەروەها تالبرێت زۆری پێ خۆش بوو سەربەخۆ بێت و بۆ خۆی کار بکات.

ئێستا کە لە بەرپرسیار نەبوونی تیدی تووڕە بوو، لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: باشە، تاڕادەیەک بۆ خۆت کار بکەی.

سوکانی ئۆتۆمبێلی هاوسەرەکەی بەرەو جادەیەکی خاکی سووڕاند کەتەنها چەند مایلێک مەودای لەگەڵ کۆگای ڕاگرتنی کەلوپەلی باڵۆنەوە هەبوو، سەیرێکی دەوروبەری کرد، بەبینینی دیمەنێک کە لەبەردەمی بوو بەتوندی پێی نایە سەر ستۆپ.

کەمێک پێشتر چوار پۆلیس جادەیان داخستبوو و لەدوورەوە ڕوناکی لایتەکانیان دەبیندرا.

ئەفسەرێک بە جووڵەی دەست ئاماژەی بە تالبرێت دەدا.



ئەزەلی بوونێکی دیکە

بایەکی خێرا لە بیابان دەهات و لمەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد، ئانی غەرقی خۆی لەناو سێبەرەکانی ڕەنگی سوور و ئەرخەوانی هەستپێدەکرد، وەکو کاتژمێرێکی گیرفانی کە بەزنجیرێک هەڵواسراوە، بەدەوری خۆیدا دەسووڕایەوە، بۆ یەکەمین جار لەبەهەشت بڕیاری دا خۆڕاگری بکات، وەکو ماسییەک کەهەوڵ دەدات خۆی لەقولاپ ڕزگار بکات، هەوڵەکانی بێسوود بوو، پێیەکانی چەمابوونەوە و لەدواییدا دوایین با بەتەواوی ئەوانی شل کرد و ئانی کەوت.

هەستت دەکرد کەوتە ناو چاڵێکی هەواوە، بەناو هەورە تاریکەکاندا تێپەڕ بوو هەتا ئەوەی کە دوورگەیەکی ڕەنگ پەمەیی لەگەڵ پێنج نیمچەدوورگە کەوەکو پەڕە هاتبوونە دەرەوە، لەبەر پێی بەدەرکەوتن، خۆی بۆ زەربەیەکی توند ئامادە کردبوو، بەڵام لە ساتێکدا سووڕایەوە و بە هێواشی لەسەر زەوی هاتە خوارەوە.

لەسەر بەفرێکی ڕەنگ پەمەیی ڕاکشا.

ئانی هاواریکرد: « هێی؟ هێی» کەسێک لێرەیە؟» دەنگەکەی دەگەڕایەوە.

ئەو چەندجارێک دەست و پێی کردەوە و جووڵاندی هەتا دڵنیا بوو هەموو شتێک لەجێی خۆیەتی، هەستا، لەوساتەدا ئانی هەستی دەکرد بەهێزتر بووە و تەمەنی زیاتر لەپێشووە، وا هەست ئەکرا جەستەی سەر زەمینی لەدونیای دوای مردن دەگەڕایەوە، فکری ئەویش گەشەی دەکرد، حاڵەتێکی تووڕەبوونی بۆ دروست بوو، وەکو مێرمنداڵێک، بێتاقەتییەکی تایبەتی هەبوو، دەیویست خێرا وەڵامی پرسیارەکانی ببینێتەوە.

سەیری زەوی بەستووی ڕەنگ پەمەیی ژێر پێی کرد.

شوێنی جەستەی ئەو لەسەر بەفرەکان شێوەی مەلائیکەیەکی بەفری بوو.

***

ئانی سەیرێکی دەوروبەری کرد، ئایا بڕیار بوو کەسێک بێتە پێشوازی ئەو؟ کەوتە ڕێ، کەم کەم خێرایی ئەو زیاتر دەبوو، حاڵەتی ڕاکردنی پەیدا کرد، ئەژنۆی هەڵبڕی بۆئەوەی بەناو بەفرەکاندا تێپەڕ بێت، لەچاوترووکانێکدا گەڕایەوە زستانی سەردەمی منداڵی خۆی کە چاکەتێکی گوڵدار، پوتی خەز و پانتۆڵی ڕەشی ئێسکی لەبەر کردبوو، وەکو ئەوە بوو بیرەوەرییەکان جلیان لەبەر کردبێت.

هەتا ئەو شوێنەی چاو بڕی دەکرد، بەفر بوو. لەئاسمان تیشکێکی زۆر بەڕەنگی دارچین دەبیندرا، ئانی بەرەو لای ئەو نیچمەدوورگانە ڕایکرد هەتا هەناسەی لەبەر بڕا. چاوی داخست بۆئەوەی بتوانێت فکر و مێشکی کۆبکاتەوە.

کاتێک چاوی کردەوە، هەمان مەلائیکەی بەفری لەبەرامبەر خۆی بینی، لەو شوێنەی کە سەری مەلائیکە بەرجەستە ببوو، دوو چاوی بینی سەیری ئەو دەکات.

ئانی کەمێک جووڵا، چاوەکانیش بەدوای ئەودا جووڵان.

ئانی بە دوودڵییەوە پرسی: « ئایا تۆ لەبەر من بۆ ئێرە هاتووی؟»

دەنگی لەهەوادا گەڕایەوە: « ئایا تۆ لەبەر من بۆ ئێرە هاتووی؟»

ئانی سەیری دەوروبەری کرد و وتی: « ئایا من تۆ دەناسم؟»

دیسان دەنگی گەڕایەوە: « ئایا من تۆ دەناسم؟»

ئانی چەمایەوە، چاوی تیژتر کرد بۆئەوەی باشتر ببینێت، ئەو چاوانەش هەمان کاریان کرد، ئەو هەموو ڕۆژێک ئەو چاوانەی لەناو ئاوێنەدا دەبینی.

ئانی وتی: « تۆ ... خودی منی؟»

وەڵامێک نەبیسترا.

« باشە، شتێک بڵێ».

ئەو چاوانە سەیری سەرەوەیان کرد.

« سەیری چی دەکەی؟»

بەوتنی ئەم قسە، دەنگی نەڕەیەک لەبەفری پەمەیی بەرز بووەوە و ئەو پێنج دوورگەیە شێوەی پەنجەی دەستیان پەیدا کرد. ئانی تێگەیشت ئەو شوێنەی تێیدا ڕاوەستاوە دوورگە نییە، بەڵکو ئەو لەناولەپی دەستی دێوێک دایە.

« سڵاو ئازیزم».

ئانی کەگوێی لەدەنگەکە بوو، لەرز گرتی و لەبەر خۆیەوە وتی: « نا، سەری هەڵبڕی و سەیری ئەو شوێنەی کرد کەچاوی مەلائیکەکە سەیریان دەکرد، ئاسمان پڕ ببوو لەئاشناترین دەموچاوی ژیانی.

ئانی لەبەرخۆیەوە وتی: « دایکە، تۆی؟»



ئانی هەڵە دەکات

ئێستا ئانی دوانزە ساڵ تەمەنیەتی و تازە ڕۆشتوتە دواناوەندی، هیوادار بوو قوناغی دواناوەندی باشتر لەقوناغی سەرەتایی بێت، لەکۆتایدا لوراین بڕیاری دا، ناوی ئانی لەقوتابخانە تۆمار بکات، دەبوو ئانی لەپۆلی سێیەم بێت، ئانی قوتابی نوێی ئەوێ بوو، لەیەکەمین ڕۆژی قوتابخانە، مامۆستا کەلوپەلی شێوەکاری بەسەر قوتابیەکاندا دابەش دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستی چەپی ئانی کێشەی هەبوو، لەبەر چاوی هەموو منداڵەکانەوە کەلوپەلەکان لەدەستی کەوتنە خوارەوە و هەمووان پێی پێکەنین.

مامۆستا وتی: «منداڵەکان ببینن، لەبەرئەوەی کەسێک جیاوازیی لەگەڵ ئێوەدا هەیە، نابێتە هۆی ئەوەی بەخراپی لەگەڵی ڕەفتار بکەن». ئانی دەیزانی ئەم وتەی مامۆستا دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکان هەمان کاری لەگەڵ بکەن، هەمیشە نیگەرانی ڕەفتاری خۆی لەبەرامبەر ئەوانیتردا بوو، هەفتەکان تێپەڕین،

ئەو هەوڵی دا برادەرگەلێکی نوێ ببینێتەوە، هەندێ کات ئەم کارەی بە دانی پێشکەشی بە هاوپۆلەکانی ئەنجام دەدا، لەماڵەوە لەگەڵ خۆی بەستەی چوکلێت و کولیچەی بۆ قوتابخانە دەهێنا و لە ڕێستەکان بەسەر هاوپۆلەکانیدا دابەشی دەکرد، ڕۆژێک چەند کچێک شتگەلێکیان لەبارەی مرۆڤە کورتەبالاکان بیست، جارێک لەگەڵ دایکی بۆ کڕین ڕۆشتبوو بەنهێنی بەستەیەک لەو بوکەڵانەی هەڵگرت و لەژێر جلەکانی شاردیەوە، ئەو بوکەڵانەیشی دایە هاوپۆلەکانی هەتا ئەوەی کە مامۆستا لەو بابەتە تێگەیشت و پەیوەندی لەگەڵ دایکی ئانی گرت، دایکی بە شەرمەزاری ئانی بۆ دووکانەکە برد و ئەوی ناچار کرد داوای لێبوردن لە بەڕێوەبەری فرۆشگاکە بکات.

ئانی لەسەرتاسەری پۆلی چوارەم و زۆربەی پۆلی پێنجەم و شەشەمیش ناچار بوو تەل لەدەستیدا بێت بۆئەوەی پەنجەکانی بەڕێکی ڕاوەستن، شوێنی برین لەسەر دەستەکانی ڕەنگی مۆری پەیدا کردبوو، سەرنجڕاکێش بوو، ئانی وا ڕاهاتبوو بەشێوەیەک دەستی چەپی لەچاوی خەڵک بشارێتەوە، دەستی لەپشتی خۆی دەشاردەوە، دەیخستە ناو گیرفانی چاکەتەکەی، یان بەدەفتەرێک دایدەپۆشی، هەرچەندە ئاریزۆنا ناوچەیەکی گەرم بوو، زۆربەی کات جلوبەرگی قوڵداری لەبەر دەکرد.

دایکی زۆر هەستیار بوو لەبەرامبەر دەرمانی سروشتیی ئانی، جەختی دەکردەوە ئانی ڕۆژی چەندجارێک ئەم ڕاهێنانە ئەنجام بدات.؟ ڕاهێنانەکە بەمشێوە بوو: دەبێ بەسەرە هەریەک لەپەنجەکانی دەگەیاندە پەنجەکەلی خۆی و شێوەی نیشانەی Ok دروست دەکرد، ئەم کارەی لەپشت ڕەحلەی پۆل ئەنجام دەدا و هیوادار بوو کەسێک پێ نەزانێت، هەتا ئەوەی ڕۆژێک لەگەڵ

یەکێک لەکچانی پۆل بەناوی تریسی قسەیان لێک گیر بوو.

تریسی لەکاتێکدا تەقلیدی جووڵەی پەنجەکانی ئانی دەکردەوە، هاواریکرد: «ئۆکەی، ئانی ئۆکەی.» تێکرای پۆلەکە بەو پێکەنین. لەو رۆژە بەدواوە، « ئۆکی ئانی» بووە نازناو و هەمووان بەم ناوە بانگیان دەکرد.

پائولۆ ـ کوڕێک کە لەیاری هەرمیل لەگەڵی ئاشنا بوو ـ هیچ کات ئانی بەو ناوە بانگ نەکردووە، ئانی لەلای ئەم کوڕە هەستی بەئاسایش دەکرد، ئەو هەمیشە پێدەکەنی و وا هەست ئەکرا زۆر متمانەی بەخۆی هەیە، رۆژێک کە لەهۆڵی نانخواردنی قوتابخانە دانیشتبوون، پائولۆ چەمایەوە و بە بێ ئەوەی یارمەتی وەربگرێت، دەستی ئانی گرتە نێو دەستی.

پائولۆ وتی: « ئەوەندەش خراپ نییە».

ئانی وەلامی دایەوە: «جێی شەرمە.»

« من لەوە خراپتریشم بینیوە.»

« لە کوێ؟»

« جارێک وێنەی پیاوێکم بینی کە ورچێک هێرشی کردبووە سەری.»

« بارودۆخی ئەو جێی شەرم بوو.»

ئانی پێکەنی و وتی: « بەلام ورچ هێرشی نەکردۆتە سەر من.؟»

« ئەگەری نییە، لەبەرئەوەی لە ئاریزۆنا ورچ بوونی نییە.»

پائولۆ پرسی: « پێت خۆشە وەکو خۆت لێبێتەوە؟»

« مەبەستت ئەوەیە حاڵەتم ئاسایی بێتەوە؟»

« بەڵێ ئەگەر ئیمکانی هەبێت؟»

« گاڵتە دەکەی، روونە کە پێم خۆشە.»

ئانی شانێکی هەڵتەکاند و وتی: «نازانم، دەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ ئەوانیتر جیاواز بیت.» ئانی لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە: کێشەکە ئەمەیە، هەڵبەتە ئەمە نابێتە هۆی ئـەوەی کەدڵسۆزی و دڵۆڤانی پائولۆ لەبەرچاوی ئەو بێبایەخ بێت، لەو ماوەیەدا کەهەوڵی دەدا ئەو باشتر بناسێت، تێگەیشت پائولۆ هۆگرییەکی زۆری بۆ تۆپی پێ و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە گەردونەوە هەیە، جارێک سەردانی کتێبخانەی کردبوو، ڕۆیشتە بەشی کتێبەکانی ئەستێرەناسییەوە و کتێبێکی بینیەوە کە بەشێکی تایبەت بوو بەشەفەقی باکووریی، پائولۆ لەبارەی ئەوەوە زۆر قسەی دەکرد، ڕۆژی دوایـی پێش دەستپێکردنی وانـە، کتێبەکەی نایە سەر مێزەکەی پائولۆ.

ئانی وتی: «سەیر بکە چیم بینیەوە.»

پائولۆ بەگۆشەی لێوی پێکەنی و وتی: « چیت بینیەوە؟»

« لە کتێبێک ماوەیەکە سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەوم.»

خێرا پەڕەی هەڵدایەوە هەتا گەیشتە ئەو بەشە، هەر ئەوەندەی سەردێری خوێندەوە، بەهۆی سەرسوورمانەوە چاوەکانی پائولۆ گەورە بوون و وتی: «واییی، باوەڕ ناکەم!» ئانی لەدەروونیدا هەستی بەگەرمییەکی تایبەت کرد و کتێبی بەرەو پائولۆ ڕاگرت.

« بۆ تۆ.»

« وا بیرم کردەوە دەتەوێت بیخوێنیتەوە».

« هەر کاتێک تۆ خوێنتەوە، من دوای تۆ دەیخوێنمەوە.»

بەهـەمـان شـێوە خـەریک بـوو کتێبەکەی لـەدەسـتی ئانی وەردەگرت، وتی: «بەڕاستی ئانی زۆر سوپاست دەکەم.»

ئەو بە « ئۆکەی ئانی» بانگ نەکرد، تەنها وتی « ئانی».

***

ئێستا هەر دووکیان لەدواناوەندی بوون، ئانی هیوادار بوو پائولۆ زیاتر ببینێت، بەڵام دایکی چاودێری هەموو جووڵەیەکی ئەوی دەکرد، دایکی هەموو بەیانییەک ئانی دەگەیاندە قوتابخانە و دوای نیوەڕوان لەبەردەم دەرگای قوتابخانە ئۆتۆمبێلی ڕادەگرت و کە ئانی دەهاتە دەرەوە هۆڕنی بۆ لێدەدا. ئانی سەری دادەخست و بەرەو ئۆتۆمبێلەکە دەڕۆیشت، لەپشت سەری گوێی لەدەنگی پێکەنین و گاڵتەکردنی منداڵەکان بوو.

ڕۆژێک کە وانەکە تەواو بوو، ئانی لەناو ڕاڕەوی قوتابخانەدا ڕاوەستابوو، لەپەنجەرەوە سەیری دەرەوەی دەکرد. دەستەکچانێکی جوانی دەبینی کە هەموویان کۆڵەی مۆریان کردبووە شانیان، ئانی کەمێک خۆی دواخست لەبەرئەوەی نەیدەویست کاتێک دایکی هۆڕن بۆ ئەو لێدەدا، ئەو کچانە لەوێ بن.

پائولۆ وتی: «چاوەڕوانی ئەوان بڕۆنە دەرەوە؟»

ئانی سەری هەڵبڕی و لەکاتێکدا لەشەرمان گۆنای سوور هەڵگەڕابوو، وتی: « واتە ئەوەندە دیارە؟»

« وەرە، دەمەوێت لەگەڵ دایکت قسە بکەم.»

پێش ئەوەی ئانی بیەوێت پەرچەکردارێک پیشان بدات، پائولۆ لەدەرگا ڕۆیشتە دەرەوە، بەهەنگاوی خێرا و پتەو بەرەو ئۆتۆمبێلەکە دەڕۆیشت، ئانی نەیدەتوانی خۆی بگەیێنێتە ئەو. سەیریکرد کچانی کۆڵە لەپشت چاویان بڕیوەتە ئەوان.

کاتێک پائولۆ گەیشتە لای ئۆتۆمبێلەکە، کەمێک بەرەو شوشەی ئۆتۆمبێلەکە چەمایەوە و دەستی بەرەو لای دایکی ئانی درێژ کرد. «سڵاو دایکی ئانی، من پائولۆم.»

لوراین بەکەمێک دوودڵی وتی: «سڵاو پائوبلۆ.»

«ئێستا کە هەر دووکمان لەم قوتابخانە نوێیەداین، دەتوانم

هەموو ڕۆژێک ئانی هەتا بەر دەرگا بگەیەنم و ئیدی پێویست ناکات ئێوە هەموو ڕۆژێک بۆ ئێرە بێن، ماڵی ئێمە لەنزیکی ماڵی ئێوە دایە.»

دڵی ئانی بەخێرایی لێیدەدا، واتە پائولۆ دەیویست لەگەڵ ئانی هەتا ماڵیان بەپیاسە بڕوات؟ لوراین وتی: « سوپاس پائولۆ، بەڵام من وام پێ باشە و ئاسوودەم»، خێرا بە ئانی ووت: «سوار بە، دەبێ سەردانی چەند شوێنێک بکەین.»

ئانی نەیدەویست بڕوات، نەیدەویست دەرگای ئۆتۆمبیلەکە بکاتەوە، پائولۆ ئەم کارەی بۆ ئەو کرد، ئانی بەپێچەوانەی خواستی خۆی سواری ئۆتۆمبیلەکە بوو و پائولۆ دەرگای بۆ داخستەوە.

پائولۆ وتی: « هەر کاتێک بۆچوونتان گۆڕا...»

ئۆتۆمبیل کەوتە ڕێ و دوورکەوتەوە.

پائولۆ هاواریکرد: « خواتان لەگەڵ.»

ئانی هەستی دەکرد پێستی لەشی گەرم داهاتووە، پێشنیاری پائولۆ ئەو شتە بوو، کەئەو دەیویست، بەڵام دایکی بەبێ ئەوەی بیریش بکاتەوە، ئەو نەخشەی کردە بلقی سەر ئاو.

ئانی بەشێوەیەکی زبر وتی: « پێویستی نەدەکرد ئەوەندە خراپ لەگەڵی قسە بکەی؟»

« چی دەڵێیت؟ من بەهیچ شێوەیەک بەخراپی لەگەڵی ڕەفتارم نەکردووە.»

بەڵێ، هەتبوو.»

« ئانی...»

« ڕەفتارت خراپ بوو.»

« ئەو تەنها کوڕێکی....»

« ئایی دایکە! بۆچی دەبێ هەمیشە لەبەر دەرگای قوتابخانەدا

بێت؟ ئیتر ماندوو بووم، وەکو منداڵێک ڕەفتار لەگەڵ من دەکەی، لەبەر ئەم ڕەفتارانەی تۆیە کەمن هیچ برادەرێکم نییە، دایکی گازی لەلێوی خۆی گرت، وەکو ئەوەی بیەوێت ڕێگە لەوە بگرێت بقیژێنێت، دەستی خۆی لەسەر سوکان گۆڕی و وتی: « ڕاهێنانەکانت ئەنجام بە.»



سێیەمین کەسێک کە ئانی لەبەهەشت دەیبینێت.

ئانی بەهێواشی وتی: « دایکە؟»

هەستت دەکرد دەموچاوی دایکی سەرتاسەری ئاسمانی گرتبوو، سەیری هەر لایەکی دەکرد دایکی دەبینی، ئانی لەبەر خۆیەوە وا بیری کردەوە کە وتنی وشەی دایکە چ هەستێکی سروشتی هەیە، بەڵام ماوەیەکی زۆر بوو ئەم وشەی بە زارادا نەهاتبوو.

دایکی وەڵامی دایەوە:»سڵاو مەلائیکەی من.» کاتێک ئانی منداڵ بوو، دایکی هەمیشە بەوناوە بانگی دەکرد، دەنگی دایکی لە گوێیدا دەنگی دایەوە.

« بەڕاستی خۆتی؟»

« بەڵێ، ئانی».

« ئێستا لە بەهەشتی؟»

« بەڵێ ، ئانی.»

« تۆش بەم قوناغانەدا تێپەڕ بووی؟ بینینی پێنج....»

« ئانی؟»

« بەڵێ؟»

« باقی جەستەت لە کوێیە؟»

ئانی سەیری بەشی ناوەوەی جەستەی خۆی کرد کە لەپشت پاڵتۆی زستانی ئەوەوە دیار بوو، دەنگی ئەو دەلەزری.

دایکە، من هەڵەیەکەم کرد، ڕووداوێک بوو، پائولۆ... هەوڵم دا پائولۆ ڕزگار بکەم، پائولۆت لەبیرە؟ هەر ئەو کوڕەی کە لە قوتابخانەی ئێمەدا بوو؟ ئێمە پێکەوە هاوسەرگیریمان کرد، شەوێک پێکەوە بووین، دوایی سواری باڵۆن بووین، تاوانی من بوو....

ئانی قسەی خۆی بڕی و سەری داخست، وەکو ئەوە بوو قورسایی کێشەیەک کە دەیویست باسی بکات، سەنگینی لەسەر سەری دروست کردبوو.

لوراین وتی: « سەرت بەرز ڕابگرە ئازیزی دڵم.»

ئانی سەری هەڵبڕی، هیچ کەموکورییەک لەسەر پێستی دایکی نەدەبیندرا، لێوە تۆخەکان بەتەواوی لەسەر دەموچاوی جیاواز بوو، قژی بۆر و پڕی وەک ڕەنگی پیازی دەردەکەوت، ئانی تا ڕادەیەک لەبیری کردبوو کە سەردەمانێک دایکی چەندە جوان بوو.

ئانی بەهێواشی وتی: « بۆچی ئەوەندە گەورەی؟»

« لەبەرئەوەی لەسەر زەوییەوە سەیری من دەکەی، وا هەست ئەکەی، کاتی ئەوە هاتووە تۆش بەو جۆرە من ببینی، کە ڕۆژێک خۆم دەبینی.»

دەستی گەورەی هەڵبڕی و دوایی بەرەو لای دەموچاوی

سووڕاندیەوە، ئانی جوڵەیەکی کرد و کەوتە ناو چاوی دایکی کە وەکو بیریکی قوڵ زاری کردبووەوە و لەوێدا لەبەرچاوان ون بوو.

***

منداڵەکان سەرەتا پێویستیان بە دایک و باوکیان هەیە، بەتێپەڕبوونی کات ئیدی ئەوانیان قبوڵ نییە، بەڵام لە دواییدا دەبنە خودی ئەوان.

ئانیش وەکو هەموو منداڵەکان ئەم قۆناغانەی لەگەڵ لوراین ئەزموون کردبوو، بەڵام ئاگای لەڕابردووی دایکی نەبوو کە چ لەخۆبردوویەکی لەهەقی ئەودا کردبوو.

کاتێک لوراین لەگەڵ جێری ئاشنا بوو، تەنها نۆزدە ساڵ بوو، جێری گەنجێکی بیست و شەش ساڵە بوو، لوراین لە نانەواخانە کاری دەکرد و جێری شۆفێری لۆری گواستنەوەی نان بوو، لوراین بەدرێژایی تەمەنی خۆی زیاتر لە سی مایل لەو شارە بچوکەی کەتێیدا دەژیا، دوور نەکەوتبووەوە، هەمیشە لەخەونیدا بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە کەجلێکی یۆنیفۆرمی درێژ و توند کەهەموو ڕۆژێک لەبەری دەکرد، لێی ڕزگاری بێت. ڕۆژێک عەسر جێری بەقەمسەڵەیەکی جیر و پوتی ئەندازیاری بۆ بینینی لوراین هات و وتی دەیەوێت بەسەیارەکەی بیبات بۆ شوێنێک. پێکەوە سواری سەیارەکە بوون و سەرتاسەری شەو شۆفێرییان کرد هەتا لەدواییدا گەیشتنە کەنارە خۆرهەڵاتییەکان، خواردنەوەیان خواردەوە، پێکەنین، بەپێخاوسی لەناو شەپۆلەکانی زەریا یارییان کرد، لەجیاتی ڕایەخ، قەمسەڵەی جێرییان لەسەر لمەکان ڕاخست، سێ هەفتە دواتر، لە ڕێوڕەسمێکی فەرمی لەنووسینگەی ناوەندی شار هاوسەرگیرییان کرد، لوراین کراسێک لەقوماشی کشمیری لەبەردا بوو. جێریش چاکەتی سپۆرت بەڕەنگی قاوەیی تۆخی

لەبەر کردبوو، بەشانازیی یەکترەوە شامپانیایان خواردەوە و هەفتەیەک لە میوانخانەیەکی کەناری دەریا مانەوە، پێکەوە بۆ مەلە دەڕۆشتن و لەسەر سیسەم شەرابیان دەخواردەوە، خۆشەویستی ئەوان زۆر بەهەست بوو، بەڵام وەکو هەموو خۆشەویستییە هەوەسییەکان، زۆر زوو سارد بوونەوە، ساڵێک دواتر کە ئانی لە دایک بوو، تا ڕادەیەک هیچ خۆشەویستییەک لەنێوان ئەواندا نەبوو، جێری لەکاتی لەدایکبوونی ئانی ئامادە نەبوو، بڕیار بوو شەو بارێک بۆ شوێنێک بگوازێتەوە کەدوایی بووە ڕاسپاردەیەکی پێنج ڕۆژە، دنێس، برای لوراین ئەوی لەنەخۆشخانەوە بۆ ماڵەوە هێنایەوە.

دنێس بە بۆڵە بۆڵ وتی: «باوەڕ ناکەم جێری لێرەدا نییە.»

لوراین وتی: « دێت.»

ڕۆژەکان تێپەڕ بوون و هەواڵێک لەجێری نەبوو، هەموو ڕۆژێک برادەران و ئاشناکان پەیوەندییان دەکرد و دەیانویست بۆ بینینی لوراین بێن و ناوی منداڵەکەیان دەپرسی، لوراین دەیزانی پێی خۆشە چ ناوێک لەسەر کچەکەی دابنێت، داپیرەی لەبارەی ژنێک بەناوی ئانی ئیدسۆن تیلۆر قسەی بۆ کردبوو کە لەساڵی ١٩٠١ کاتێک شەست و نۆ ساڵ بوو، ڕۆیشتە ناو بەرمیلێک و لەتاڤگەی نیاگارا تێپەڕ بوو، ئەو یەکەمین کەسێک بوو کە لەم گەشتە ڕزگاری ببوو.

داپیرەی بەشێوازێکی دەربڕینی پڕ لەسەرسوورمان دەیگوت: «ئەو پیرەژنە ئازا بوو.» وشەی « ئازایەتی» بەشێوەیەک بەزاریدا دەهێنا، کەهەستت دەکرد لەبارەی شتێکی دەگمەن و بەنرخ قسە دەکات. لوراین ئەم ئازایەتییەی بۆ منداڵەکەی دەویست، لەبەر خۆیەوە دەیگوت خۆزگا منیش زۆرتر ئازا دەبووم.

لەئەنجامدا شەوێکی سێ شەممە لەکاتێکدا بۆنی مەشروبی لێ دەهات، جێری گەڕایەوە ماڵەوە، ئانی باوشی کرد بە منداڵەکەدا، بەناچاری پێکەنی.

« جێری ئەمە کچی ئێمەیە، زۆر جوانە. وایە؟»

جێری ئاوڕێکی دایەوە و وتی: «بڕیارە ناوی بنێین چی؟»

« وەکو فیلم؟ بۆ چی؟»

لەو ساتە بـەدواوە، لوراین تێگەیشت دەبێ بەتەنهایی ئانی گەورە بکات، جێری هەمیشە بۆ کارکردن ماوەیەکی زۆر لەماڵ نەدەبوو، هەندێ کات چەندین هەفتە ئاگای لەو نەبوو، کاتێکیش دەهاتەوە بۆ ماڵەوە، نەیدەویست هیچ کەسێک خەوی لێ تێک بدات. دەبوو لەوادەی خۆی خواردنی ئامادە بێت، لەبەرامبەردا کەمترین سەرنجی دەدایە لوراین، چاوەڕوان بوو لوراین بەتەواوی سەرنج بداتە ئەو، هەندێ کات لەکاتی قسەکردن کە لوراین بەدەنگی گریانی منداڵەکە سـەری وەردەگێڕا، جێری بە هەموو هێزی چەناگەی دەگرت و بەشێوەیەکی وەها وەردەگەڕایەوە و دەیگوت: لەگەڵ تۆ قسە دەکەم.

چەند کات تێپەڕ دەبوو، بەدڕەفتاری جێری زیاتر دەبوو، هەروەها توندوتیژی و لێدانی ئەو زیاتر دەبوو، لوراین لەبەر ئەوترسەی لەوی هەبوو، گوێڕایەڵبوونی خۆی لەبەرامبەر خواستەکانی هەستی بەشەرمەزاری دەکرد، زۆری پێ خۆش بوو بە شێوەیەک لەدەستی ئازارەکانی جێری ڕزگاری بێت، کەهەندێ کات قوڵی دەگرت و هەندێ کات پاڵی پێوە دەنـا، هەندێ کات بیری لـەوە دەکـردەوە ژیانی ئەو بە چ شێوەیەک لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا ژێروژور بووە، هەندێ کاتیش بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر لەنانەواخانە کاری نەدەکرد، لەگەڵ جێری ئاشنا نەدەبوو، ئەو شەوە سواری لۆری

جێری نەدەبوو و بۆ هاوسەرگیری ئەوەندە پەلەی نەدەکرد، ڕەنگە ژیانی ئەو ڕێڕەوێکی باشتری پەیدا بکردایە، دوایی لەبەرئەوەی ژیانی بەبێ کچەکەی وێنا کردبوو، لۆمەی خۆی دەکرد، ئانی دەگرتە باوشەوە، دەستی بەجەستەی لاواز و گۆنا ناسکەکانی ئەودا دەهێنا و کاتێک ئانی باوشی دەکرد بەملیا، ئیدی خەیاڵی بوونی ژیانێکی دیکەی لە زەین دەسڕایەوە.

هەر ئەوەیە دەڵێن منداڵەکان توانای چەک داماڵینیان هەیە، پێویستی ئەوان دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێویستی خۆتان لەبیر بکەن.

***

لەتەمەنی سێ ساڵی ئانی، لوراین هەستی کرد ژیانی هاوبەشی ئەوان بەردەوامی نابێت، کاتێ سەرقاڵی جەژنی لەدایکبوونی چوار ساڵەی ئانی بوو، ئیدی لەم کێشە دڵنیا بووەوە، لەماڵ نەمانی جێری ئیدی پەیوەندی بەکارەوە نەبوو، لەوکاتەوە لوراین جێری لەگەڵ ژنێکی دیکە گرت، توندوتیژی جێری گەیشتە لوتکە، بەڵام لوراین بەهۆی هەستی گوناهێک کە بەهەڵە هاتبوو بەزەینیدا و ئەو باوەڕەی کەجێری چەندە خراپیش بێت، کیژۆڵەکەی ئەو پێویستی بە باوکە، ڕەفتاری ناشیرینی هاوسەرەکەی تەحەمول دەکرد.

ڕۆژێک شتێکی سەرسوورهێنەر ڕوویدا، ئانی دەیویست دەرگای موجەمیدەکە بکاتەوە، بەڵام جێری مۆڵەتی پێ نەدەدا، جێری تووڕە بوو، چەند زللەیەکی لە ئانی دا. لوراین بە بینینی ئەم دیمەنە هەستی بەهێزێکی نائاسایی لەدەروونیدا کرد، جێری لەماڵەوە کردە دەرەوە، قفڵی دەرگاکانی گۆڕی، ئانی گرتە باوشەوە و دەموچاوی خۆی لکاند بەقژی لولی ئەوەوە و گریا. ئانیش دەگریا، بەڵام لوراین نەیدەزانی ئەو بۆچی دەگری.

تەلاق وەرگرتنی ئەوان زۆری خایاند، جێری گوتبووی بێکارە، نەبوونی پارە ببووە کێشەیەکی زۆر گەورە، لوراین لەماڵەوە کاری

تایپی دەکرد، لەبەرئەوەی لوراین دەیزانی نەبوونی باوک دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی ئانی، هەموو هەوڵی خۆی دەدا ژیانێکی شاد بۆئەو دەستەبەر بکات، هانی ئانی دەدا ئازادانە سەما بکات و بەدەنگی بەرز گۆرانی بڵێت، بەناو ئاوپرژێنەکانی چیمەنەکەدا ڕایاندەکرد و چەندین کاتژمێر پێکەوە یاری فکرییان دەکرد، ڕێگەی بە ئانی دەدا لەبەردەم ئاوێنە ڕاوەستێت و سووراوی پەمەیی لە لێوەکانی بدات و بۆ جەژنی هالووین جلوبەرگی پاڵەوانێک کە خۆشی دەویست هەڵبژێرێت، چەندین مانگ دایک و کچ پێکەوە لەسەر سیسەمێک دەخەوتن، شەوان لوراین لایەلایەی بۆ ئانی دەخوێند بۆ ئەوەی خەو بیبابەتەوە.

دوای ماوەیەک لوراین توانای دانی پارەی وەسڵەکانی نەبوو، ناچاربوو کارێک لەدەرەوەی ماڵەوە بکات، داوای لە دراوسێکان دەکرد کاتێک ئانی لەقوتابخانە دەگەڕێتەوە، ئاگایان لێی بێت. شەوان بەماندوویی دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. ئیدی ئانی فێر ببوو لەژووری خۆی بخەوێت، لەشوێنی کارەکەی چەندین پیاو پێشنیاری خۆشەویستیان بە لوراین دا و ئەویش خێرا قبوڵی دەکرد، بەتایبەت کەئەوان ئامادەبوون پارەی پەرستاریی منداڵەکەی بدەن، لوراین چەندین پەیوەندی کورتی لەگەڵ چەندین پیاو هەبوو، بەڵام هیچ یەکێکیان سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام بەهیوای ژیانێکی باشتر، دیسان بەهەمان شێوە درێژەی پێدەدا.

لەدواییدا ڕۆژێک لە شاری یاری روبی پایر، لوراین گەیشتە ئاواتی خۆی، بەڵام بەوجۆرە نەبوو کەچاوەڕوانی دەکرد.

***

لەبەهەشت دوو کەس دەیانتوانی خەونی هاوبەشیان هەبێت، ئێستا کە ئانی کەوتبووە ناو چاوەکانی دایکیەوە، خۆی لەناو یەکێک لەبیرەوەرییەکانی لوراین دەبینی کە لەحەوشەی خانووی ئەوان،

لەپشت مێزێک دانیشتبوو، ئاسمان ساف و سپی بوو، جلە شۆڕاوەکان هەڵخرابوون، پەتێکی جل هەڵخستنی هاوشێوەش لەحەوشەی دیکەدا دەبیندرێت، لوراین پێڵاوی پاژنەبەرزی لەپێ کردبوو، تەنورەیەکی شین و بۆدییەکی سپی لەبەردابوو کە بۆ کار لەبەری دەکرد. فایلێک لەسەر ڕانی بوو و چەند کاغەزێکی بەدەستەوە بوو.

« ئانی، دەزانی ئەمانە چین؟»

ئانی هێشتا نەیدەزانی بە چ شێوەیەک سەری لەوێوە دەرهێناوە، بە نیشانەی ڕەتکردنەوە سەری ڕاوەشاند.

« ئەمانە پارێزەرێک بە منی داوە، باوکت ناردوویەتی.»

ئانی چەند جارێک چاوی تروکاند و وتی: « بۆچی؟»

«ئەو بانگەشەی ئەوەی کردووە من مافی دایکایەتیم نییە، لەبەرئەو ڕووداوەی کەبۆ تۆ ڕوویدابوو، ئەو مافی حەسانەی دەوێت.»

« حەسانەی من؟»

« تەواو وەخت.»

« بەڵام من تا ئێستا باوکم نەبینیوە.»

« چەندین ساڵە، دەزانم. بەڵام ئەو دەیویست لەدژی شاری یاری سکاڵا تۆمار بکات، بۆ ئەم کارەش پێویستی بە تۆ بوو. وا بیری دەکردەوە دەتوانێت لەم ڕێگایەوە پارەیەکی باش وەربگرێت، هەر کاتێک باسی پارە دەکرا، جێری هیچ کات تەسلیم نەدەبوو».

« دەمزانی ئەگەر ئەو تۆ لە من وەربگرێتەوە، ژیانی تۆ چەندە تێک دەچێت، دەمزانی چەندە توندوتیژە، بۆیە بڕیارێکم دا.»

ئانی سەیرێکی لای پەنجەرەی ژووری خەوی کرد، خۆی بینی کە بچوکترە و لەپەنجەرەوە سەیری دەرەوە دەکات.

« ئەم ڕۆژەم لەبیرە، ئەمە هەر ئەو ڕۆژەیە کە پەیامنێرەکان بۆ ماڵی ئێمە هاتن.»

« بەڵێ، وایە.»

« بەیانی ڕۆژی دوایی لێرە ڕۆیشتین.»

« هیچ کات پێم نەوتی بۆچی.»

لوراین کاغەزەکانی لەسەر مێزەکە دانا.

« ئێستا دەزانم هۆکاری چی بوو.»

لوراین لەشوێنی خۆی هەستا و تەنورەی خۆی ڕێک کردەوە.

وتی: «ئەمە سەرەتای کارە.»

ئانی پرسی: «سەرەتای چی؟»

« کۆتایی هێنان بەنهێنییەکانی تۆ، وەرە... دەبێ شتێکت پیشان بدەم.»

ئانی هەستی دەکرد لەلای دایکی خۆی دەفڕێت، ڕۆشتن بۆسەرەوە و گەیشتنە ماڵەکە، هەوای عەسر تێکەڵ بە سپێدەی ڕۆژی دوایی بوو، ئانی ئۆتۆمبێلی بینی کە کەوتە ڕێ و لەماڵەکە دوور دەکەوتەوە، دەرگای سندوقی دواوەی ئۆتۆمبیلەکەیان بە پەتی ئەستور بەستبوو.

ئانی وتی: «من لەڕۆشتن بێزار بووم.»

« بەڵێ دەزانم ڕقت لەو کارە بوو.»

« ئەو شتانەی کە دەمبینی هیچ کات هاوشێوەی یەکتر نەبوو.»

« نەدەکرا وەها بێت.»

« ئێمە هەموو شتێکمان بە جێهێشت و ڕۆیشتین.»

« هەڵبەتە هەموو شتێک ... نا.»

ئارام هاتنە خوارەوە و گەیشتنە ئۆتۆمبیلەکە، ئێستا لوراین لەپشت سوکانەکە بوو، ئانی لەسەر کورسی لای دەستی ئەو خەوتبوو.

لوراین وتی: « یەکترمان بەجێ نەهێشت.»



ئانی هەڵە دەکات

ئێستا چواردە ساڵ تەمەنیەتی، خێزانی پائولۆ دەیانەوێت بە زووترین کات بۆ ئیتالیا برۆن.

ئانی هەمیشە لەو ڕۆژە دەترسا، ئێستا ئەو و پائولۆ هەموو ڕۆژێک پێکەوە نانی نیوەڕۆ دەخۆن، لە ڕێستەکان یەکتریان دەبینی، ئیدی پائولۆ کەسێکی زیاتر لەبرادەرێک بوو بۆ ئانی، کەسێک بوو کە بەڕاستی هۆگری بۆی هەبوو، یا کەسێک بوو کە بەهەستێکی منداڵانە عاشقی ببوو، نەیدەتوانی لەوبارەیەوە کارێک بکات، زۆربەی کات خۆشەویستییە یەکەمەکان لەدڵی مرۆڤەکاندا دەمێننەوە، وەکو ڕووەکێک کەناتوانن لەبەر تیشکی خۆر گەشە بکەن.

هەموو ڕۆژێک ئەو، پائولۆی لەخەیاڵی خۆیدا وێنا دەکرد، هەمیشە لەخەیاڵیدا دەیبینی کەئەو و پائولۆ دەستی یەکتریان گرتووە و شان بەشانی یەکتر لەناو باخچەی ئاژەڵان یا

فرۆشگایەکدا پیاسە دەکەن، بەلام ئێستا پائولۆ دەڕۆیشت و ئانی نەک تەنها برادەری خۆی (یا هەر کەسێک کە بڕیار بوو بۆ ئەو بێت)، بەڵکوو پشتیوان و سێبەری خۆی لەبەرامبەر کچانی دیکەی قوتابخانە لەدەست دەدا.

بەیانی ئەو ڕۆژەی بڕیار بوو پائولۆ بڕوات، ئانی لەلای دۆلابەکەی خۆی ڕاوەستابوو، خەریک بوو کتێبەکانی هەڵدەگرت. مگان، یەکێک لەکچانی قوتابخانە کە لایەنگرێکی زۆری هەبوو و هیچ کات لەگەڵ ئانی قسەی نەدەکرد، لێی نزیک بووەوە و وتی: «سڵاو». ئانی کەمێک کشایەوە و وتی: «سڵاو». مگان وتی: «بێگومانم دڵت بۆ پائولۆ تەنگ دەبێت.» لەشەرمان دەموچاوی ئانی سوور هەڵگەڕا، مگان وتی: « نا، چیدی دەڵێم، ئەو کوڕێکی سەرنجڕاکێشە، ئەگەر ئەوەندە سەرنج بە تۆ دەدات بە منی دەدا، بێگومان دڵم بۆی تەنگ دەبوو.»

ئانی لەقسەکانی مگان و شێوازی دەربڕینی تووشی سەرسوورمان بوو، ئانی لەوە خۆشحاڵ بوو ڕەنگە برادەرێکی نوێ ببینێتەوە، مگان بزەیەک لەسەر لێوی بوو و ئانی هەستی دەکرد دەبێ ڕەزامەندی ئەو بەدەست بهێنێت.

ئانی دەفتەرێکی دەستەوە بوو هەڵیدایەوە و لاپەڕەیەکی کردەوە و وتی: «سەیر بکە.» کاری شێوەکاریی قەڵەم ڕەساسی پائولۆ بوو، کە ئانی ڕۆژێک لەکاتی وانە وتنەوە کێشابووی، ئای بەهرەی هونەری هەبوو، وێنەی پائولۆی بە چاوی گەورەوە کێشابوو و دیار بوو شێوەکار زۆرتر جەختی لەسەر چاوەکانی ئەو کردبووەوە.

مگان وتی: «خوایا، زۆر باشە، دەبێ وێنەیەکی لێ بگرم.» موبایلێکی بچوکی لەجانتاکەی دەرهێنا و پێش ئەوەی ئانی بتوانێت

بەرهەڵستکاری بکات، چرکەی لە کلیلی وێنەگرتن هێنا، ئانی هەتا ئەوکات موبایلی نەبینیبوو کە بتوانێت وێنە بگرێت.

مگان کە موبایلەکەی بەرەو ئانی گرتبوو، وتی: « نوێیە، جوانە وایە؟» وێنەکانی دیکەی ناو مۆبایلەکەی کە هی هاوڕێیەکانی گرتبوو، پیشانی ئانی دا، ئانی هەستی دەکرد لەناو بازنەیەکی تایبەت دایە.

زەنگی قوتابخانە لێدرا.

مگان وتی: « کاتێکی خۆش».

ئانی سەیری دوورکەوتنەوەی مگانی کرد، لەبەرخۆیەوە وتی ڕۆشتنی پائولۆ کۆتایی هەموو شتێک نییە، ڕەنگە بتوانێت لەگەڵ مگان لەبارەی پائولۆ، یا شتەکانی دیکە کە کچە سەرنجڕاکێشەکان بە یەکتری دەڵێن، قسە بکات، ئەم هەستە بۆ ئانی نوێ بوو، ئانی دەیویست ئەم هەستە بەتەواوی دەروونی دابگرێت بۆئەوەی کەمێک لەخەم و پەژارەی کەم بکاتەوە، کاتێک دوایین زەنگیان لێدا ئانی بەرەو دۆلابی پائولۆ ڕۆیشت، زۆربەی کات ئەوان لەوێ یەکتریان دەبینی، ئانی بیری لەشتێک دەکردەوە، دەیویست لەگەڵ پائولۆ قسە بکات و ڕەنگە ئەم جارە زیاتر لەهەمیشە بخایەنێت، دەیویست وێنەیەکی پائولۆ کە کێشابووی پیشانی بدات، دەیویست بەو بڵێت لە ئیتالیاوە نامەی بۆ بنێرێت و بەڵێن بدات ئەویش نامە بۆ پائولۆ دەنووسێت، زۆری پێ خۆش بوو ماچی ڕومەتی پائولۆ بکات، لەبەرخۆیەوە بیری دەکردەوە زۆریش جێگای سەرسووڕمان نییە لەبەرئەوەی پائولۆ لەوێ دەڕۆیشت، لەم جۆرە کاتانەدا یەکتریان ماچ دەکرد، مەگەر وەها نییە؟ ماچێکی بچوکی گۆنا، ڕەنگە لێوەکانی، سەرتاسەری ئەو ڕۆژە بیری لەو بابەتە دەکردەوە، لەڕاستیدا زۆر پێشتر ئەو بڕیارەی دابوو.

کە لە ڕاڕەوەکە سوڕرایەوە لە شوێنی وشک هەڵگەڕا.

گرووپێک لە منداڵەکانی قوتابخانە لە دەوری دۆلابی پائولۆ کۆببوونەوە، پائولۆ لە ناوەڕاستیان ڕاوەستابوو، هەموو کوڕ و کچەکان پێدەکەنین، ژمارەیەک لە کوڕەکەیان دەیاندا بەسەر شانی پائولۆدا، مگانیش لەناوەڕاستیاندا بوو و خەریک بوو مۆبایلی پیشانی هەمووان دەدا.

یەکێک لەکوڕەکان بەدەنگی بەرز وتی: « هاوڕێ، بەڕاستی هاوشێوەی خۆتە.»

کوڕێکی دیکە دەیگوت: « ئەم کچە ماوەیەکی زۆرە چاوی لەسەر تۆیە بۆئەوەی ڕاوت بکات.»

« دەیەوێت وەکو دیاری لەدایکبوون پێستی تۆ لەبەر بکات».

هەمووان پێدەکەنین، ئانی سەیری پائولۆی دەکرد، شتێکی نەدەگوت.

لەناکاو یەکێک لەوان لە دوورەوە ئانی بینی و وتی: « هێی! سەیر بکەن.» هەموویان بەرەو لای ئەو وەرگەڕان، وەکو ئەوە بوو بریندار بووبێت، باوەڕی نەدەکرد، مگانی بینی کەخەریک بوو مۆبایلی لەپشتی دەشاردەوە.

زۆربەی کات ئانی لەبارودۆخێکی وەهادا دەگەڕایەوە و خۆی لەچاوی ئەوانیتر دەشاردەوە، بەڵام ئەمجارە پائولۆ لەناو ئەواندا ڕاوەستابوو، وەکو ئەو بوو پائولۆیان لەو وەرگرتبێت، بەڵام کەسێکی دیکە پاڵی بەوەوە دەنا، بەبێ ویستی خۆی بەرەو پێشەوە ڕۆیشت، کاتێک نزیکی ئەو کۆمەڵە بووەوە، منداڵەکانی دیکە وەکو جەمسەری موگناتیس لەو دوور دەکەوتنەوە، لەدواییدا ڕووبەڕووی مگان ڕاوەستا، بە زۆر تفی قورت دا.

پرسی: « منیش دەتوانم ببینم»؟

مگان لەترسان چاوی زەق ببوو، شاشەی مۆبایلەکەی بەرەو لای ئانی ڕاگرت، ئانی وێنەی شێوەکاریی خۆی بینی، پائولۆ و چاوە گەورەکانی.

ئانی بەدەنگێکی لەرزۆک وتی: بۆ پیشانی هەمووانت دا؟ ئەمە هی تۆ نییە.گەڕایەوە بۆلای پائولۆ و وتی: بڕیار بوو بەتۆی بدەم.

پائولۆ لە سەرسووڕماندا زاری کرابووەوە، هەمووان لەشوێنی خۆیان وشک هەڵگەڕابوون، دوایی ئانی لەدەروونیدا هەستی بە هێزێکی سەرسووڕهێنەر کرد و بەرەو پائولۆ ڕۆیشت، کە کەمێک لەولاتر ڕاوەستا بوو، کاتێک هاتەوە هۆش خۆی، بینی لێوی لەسەر لێوی پائولۆیە، چرکەیەکی خایاند، هەستی بەو فرمێسکانە کرد کە لەگۆنای دەهاتنە خوارەوە، بەهێواشی وتی: « لە پەنای خوادا بیت».

گەڕایەوە و لەوێ دوورکەوتەوە، پێی خۆش بوو ڕابکات، بەڵام هەولی دەدا پێش بەخۆی بگرێت، گوێی لەکچانی پشت سەری بوو، یەکێک دەیگوت: بەڵێ، بڕۆ کچی دەبەنگ، کچێکی دیکە وتی: وای خوایا، هەرئەوەندە گەیشتە گۆشەی دیوارەکە، ڕایکرد و لەحەوشە و دەرگا ڕۆیشتە ژوورەوە تێپەڕ بوو و گەیشتە سەر شەقامەکە، گۆنای لەفرمێسک تەڕ ببوو.

بۆ پارکێک ڕۆیشت و لەسەر کورسییەک دانیشت کە دوو سەتڵی زبڵی شین لەلای دەستی بوون، هەتا هەوا تاریکی کرد لەوێ مایەوە، کاتێک ڕۆیشتەوەماڵەوە، دایکی ئەوەندە تووڕە بوو سوور هەڵگەڕابوو.

قیژاندی: « بۆچی ئەوەندە دەرنگ هاتیتەوە؟»

ئانیش قیژاندی: « پێم خۆش بوو.»

لوراین بۆ سزادانی ڕێگای نەدا ئانی مانگێک لە ماڵ بڕواتە دەرەوە.

ڕۆژی دوایی، پائولۆ لەوێ ڕۆشتبوو.



هەموو منداڵەکان هەندێ نهێنییان هەیە.

هەموو دایک و باوکەکانیش وەهان، ئێمە چیرۆکگەلێک دروست دەکەین کە پێمان خۆشە ئەوانیتر باوەڕ بکەن، ڕواڵەتی درۆزنانە تۆختر و زەقتر پیشان دەدەین و هەقیقەت دەشارینەوە، بەمشێوەیە خۆشەویستی نزیکترین ئەندامانی خێزانەکەی خۆمان بەدەست دێنین و هەندێ کاتیش ئەوان هەڵدەخەڵەتێنین.

لوراین کە بۆ بینینەوەی ریشە نوێیەکان لە ئاریزۆنا، بۆ ئەم گەشتە عەجولانە هاتبوو، هەندێ نهێنی لەدەروونیدا کردە ژێر خۆڵەوە، زۆر هەوڵی دەدا ڕابردوو لەبیر بکات، وێنە کۆنەکانی فڕێ دا، ئیدی زەنگی بۆ برادەرانی کۆنی لێ نەدەدا، هیچ کات باسی هاوسەری کۆنی خۆی نەدەکرد، هیچ کات لەبارەی شاریی یاری "روبی پایر"قسەی نەدەکرد.

هیوادار بوو مانەوە لەویلایەتێکی نوێ دەستپێکی ژیانێکی نوێ بێت، بەڵام ئەو کارانەی کە لەڕابردوو ئەنجاممان داوە لێمان دوور

ناکەونەوە، بۆ هەرکوێ دەڕۆین وەکو سێبەر بەدوومانەوەن.

ئانیش هیوا کۆنەکانی خۆی لەبیرکرد، هەتا تەمەنی شانزە ساڵی ڕۆڵی کچێکی پەراوێزخراوی لەقوتابخانە قبوڵ کردبوو، ژمارەیەکی کەم برادەری هەبوو، زۆربەی کات لەماڵەوە بوو، کاتی خۆی بەکتێب خوێندنەوە یان یاریکردن لەگەڵ سەگەکەی دەبردەسەر کە ناوی کلیو بوو، جەستەی کەمێک دروستتر بیوو، هەندێکات کەجلوبەرگی تەسکی لەبەر دەکرد، تێدەگەیشت کوڕەکان سەیری دەکەن، سەرنجدانی ئەوان دەبووە هۆی ئەوەی ئانی بشڵەژێت، پێی خۆش بوو ئەوانیتر سەرنجی پێدەدەن، بەڵام ئەو پێی خۆش بوو لەگەڵ ئەوان ئاشنا ببێت، ئەوان تەنانەت لەگەڵی قسەیان نەدەکرد.

ڕۆژێک لەوانەی مێژوو، مامۆستا لەبارەی شەجەرەی خێزانی لە ئانی پرسی.

ئانی کەمێک لەشوێنەکەی بۆ خوارەوە خزا، لەبەرئەوەی لەناو کۆمەڵدا کراوەتە بەربێژ، بێزار بوو، سەیری دەوروبەری خۆی کرد و تێگەیشت کەیەکێک لەکوڕەکان بەنیگایەکی شەیتانانە چاوی بڕیوەتە ئەو.

وتی: «شتێکی زۆری لێ نازانم.»

قوتابییەکی دیکە ڕستەی «شتێکی زۆری لێ نازانم» بە ئاهەنگێک وتی کەهی گۆرانییەکی بەناوبانگ بوو، تێکڕای منداڵەکانی پۆلەکە پێکەنین، ئانی لەشەرمان سوور هەڵگەڕا.

« باشە، لە ئاریزۆنا لەدایک نەبووی، وایە؟»

ئانی بەنیشانەی جەخت کردنەوە وتی: « نا». دەیزانی یەکێک لەیاساکانی دایکی پێشل کردووە.

« ژیانی تۆ لەکوێوەدەستی پێ کرد؟»

ئانی هەوڵی دەدا بەشێوەیەک کۆتایی بەکێشەکە بهێنێت، بەناچاری چەند رستەی لەبارەی شارێک کەبیری دەکردەوە داپیرە و باپیرەی خەڵکی ئەوێ بوون وت.

مامۆستا وتی:» باشە، بۆچی بۆ ئێرە هاتن؟»

ئانی لەشوێنی خۆی وشک هەڵگەرا، چەندە بیری دەکردەوەو درۆیەکی بەمێشکدا نەدەهات، بیستی یەکێک لەمنداڵەکان بە گاڵتە وتی: « پرسیارێکی قورس نییە.»

ئانی بەدەنگێکی بەرز وتی: « ڕووداوێک بۆ من ڕوویدا.»

بێدەنگییەکی سەرسوورهێنەر بەسەر پۆلەکەدا زاڵ بوو.

مامۆستا وتی: « زۆرباشە، بۆ چ کەسێکی دیکە ڕووداوێکی وەها ڕوویداوە؟»

ئانی ئاسوودە بوو و هەناسەیەکی هەڵمژی.

پێش ئەوەی وانەکە تەواو ببێت، مامۆستا داوای لەمنداڵەکان کرد لەبارەی ڕووداوگەلێک کە لەڕۆژی لەدایکبوونی ئەوان لە جیهان ڕوویداوە، لێکۆڵینەوە بکەن، وتی دەتوانن کەڵک لەکتێبخانەی قوتابخانە یا ئینتەرنێت وەربگرن.

ئانی کۆمپیوتەری نەبوو، کەڵکی لەفیلمەکانی کتێبخانە وەرگرت، زانی ڕۆژی لە دایکبوونی هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی قەیرانێک لەئەفریقای باشوور و ئەو ڕۆژە یاریزانێکی هاکی زۆرترین ڕێژەی تۆمار کردبوو، ئەوانەی نوسی.

مامۆستا داوای لەوان کردبوو هەتا کۆتایی هەفتە ئەنجامی ڕاپۆرتی خۆیان تەسلیم بکەن، ئانی لەشوێنی خۆی هەستا و ڕاپۆرتی کورتی خۆی خوێندەوە، دوایی بەپەلە دانیشت و خۆشحاڵ بوو، کەکۆتایی هاتووە، ئانی لەپەنجەرەوە سەیری دەەوەی دەکرد، لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە کە دەنگی مگان،

ئەو کچەی کەپەیوەندی ئەو و پائولۆی تێک دابوو، ئەوی هێنایەوە هۆش خۆی، مگان لەکۆتایی ڕاپۆرتی خۆیدا وتی: « هەروەها بەکەلک وەرگرتن لە ئینتەرنێت زانیم، ڕووداوێک کە ئانی لە بارەی ئەوەوە وتی، لەشارێکی یاری ڕوویداوە و کەسێک بە بۆنەی ئەوەوە گیانی لە دەست داوە.»

هەرا و هەنگامەیەک لەناو قوتابیانی پۆلەکە دەستی پێکرد، یەکێک لەوان قیڕاندی: « چی؟» ئارەقێکی سارد لەسەر جەستەی ئانی دروست بوو، دەستی کردە کۆکە کردن، هەستی دەکرد ناتوانێت هەناسە بدات، ئەو دەموچاوانەی کە ئێستا سەیری ئەویان دەکرد، تێکەڵ بە دەموچاوی ئەو خەڵکە بوو، کە لە ڕۆژی شاری یاری "روبی پایر"بینیبوی، دیمەنەکانی ئەو ڕۆژە لەبەرچاوی زیندوو بوونەوە، شەمەندەفەری شاریی یاری بینی کەدایکی لەگەڵ باوکی لەوێدا دانیشتبوون، بێهۆش بوو و قۆڵی لەسەر مێزەکە خلیسکا.

مامۆستا وتی: ئانی حاڵت باشە؟ وەرە ئێرە، وەرە لەگەڵم بڕۆین...»

مامۆستا بەپەلە ئانی بۆ دەرەوەی پۆلەکە برد.

***

ئەو ڕۆژە کاتێک ئانی گەڕایەوە ماڵەوە، بەپەلە ڕۆیشتە ناو کەرەڤانەکە، کتێبەکانی دا بەسەر مێزەکەدا و هاواریکرد و ئەو وتانەی کە مگان لەپۆل گوتبووی، بۆ دایکی گێڕایەوە، لوراین کە لەناو ژمارەیەکی زۆر وەسڵدا غەرق ببوو، بە پێنووسێک بە دەستیەوە بوو بۆ چەندساتێک بەبێ جووڵە ڕاوەستا، دوایی بەچاویلکەیەک کە لەچاوی بوو سەیری کاغەزەکانی سەر مێزەکەی کرد و دیسان سەرقاڵی نووسین بووەوە.

لوراین وتی: « تۆ کە دەتزانی ئەو ڕووداوە لە شاریی یاری ڕوویدا.»

« باقی ڕووداوەکە چی، دایکە؟»

« چی؟»

« من کەسێکم کوشت؟»

لوراین سەری پێنوسەکەی نایەوە و وتی: « وانیە، ئەمە درۆیەکی شەیتانانەیە لەزاری کچێکی شەیتان.»

« تۆ دڵنیای؟»

« چۆن دەتوانی وا بیر بکەیتەوە؟»

« ئایا ئەو ڕۆژە کەسێک لەوێدا کوژرا؟»

« ئانی، ڕووداوێک ئەو ڕۆژە ڕوویدا زۆر گەورە بوو، ژمارەیەک کرێکار لەوێدا بوون، خەڵکێکی زۆر هەبوون، تۆش یەکێک لە قوربانییەکانی ڕووداوەکەیت، لەبیرت کردووە؟ دەمانتوانی سکاڵا تۆمار بکەین، ڕەنگە دەبوو سکاڵا بکەین، هەموو ئەم وەسڵانە.»

« ئایا ئەو ڕۆژە کەسێک مرد؟»

« بەڵام فەرمانبەرێکی شاریی یاری. کەسێک نەبوو تۆ بیناسی».

« ئیدی چی ڕوویدا؟»

لوراین چاویلکەی داگرت و وتی: « بەڕاستی دەتەوێت هەموو وردەکارییەکان بزانی؟ هەر ئێستا؟ بەڕای تۆ ئەو ڕووداوانەی بەسەر ئێمەدا هاتوون بەس نین؟»

ئانی قیژاندی:» ئێمە؟ بەڕاستی، دایکە؟ ئێمە؟»

لوراینیش قیژاندی: « بەڵێ، بەڕاستی ئانی، ئێمە!»

« دایکە من هیچ برادەرێکم نییە، پێم خۆشە برادەری زۆرترم هەبێت.»

« منیش.»

« ئیدی من هیچ کاتێک ناگەڕێمەوە بۆ ئەو پۆلە!»

« هیچ کات ناگەڕێیتەوە ئەو قوتابخانەیە!»

« باشە!»

«باشە!»

هەر دوکیان سوور هەڵگەڕابوون و بەسەختی هەناسەیان دەکێشا، لوراین هەستا و سەردانی چێشتخانەی کرد، بە زەربەیەک بەلوعەی کردەوە و دەستەکانی لەبەر ئاوی شیلەتێن شوشت.
« بەڕاستی، ئەمە چ جۆرە ئەرکێکە؟ لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕۆژی لەدایکبوون؟ باشتر وایە مامۆستای تایبەتت بۆ بگرم.»

ئانی قیژاندی: « من هیچ کات ئەم کارە ناکەم.»

« شوێنێکی دیکە دەبینمەوە.»

« ئای خوایا.»

ئانی لەسەر قەنەفەکە ڕاکشا، گۆشەیەکی هەڵگرت و دەموچاوی خۆی پێ داپۆشی.

هەر ئەو هەفتەیە گواسترایەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە، لەو قوتابخانەیەش ڕازی نەبوو و لەوێشەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە ڕۆیشت، ئیدی هیچ کات ئەو دووە پێکەوە لەبارەی بابەتی ڕووداوی شاریی یاری قسەیان نەکرد.

بەڵام، ڕاگرتنی بیرەوەرییەک لە زەیندا بەشێوەی کوژاوە، بەو مانایە نییە کە بۆ هەمیشە لێی ڕزگار دەبێت.

***

گۆڕینی چەند قوتابخانەیەک، ئانی زۆرتر شێلگیرکرد لەخۆدزینەوە لەسنوورەکانی لوراین، کاتێک دوایین ساڵی بوو، ڕێگایەکی بینیەوە بۆئەوەی بەتەواوی خۆی لەم سنوورانە ڕزگار بکات.

کوڕێکی خۆشەویستی کەئۆتۆمبێلی هەبوو.

ناوی والیت بوو، ساڵێک لە ئانی گەورەتر بوو، باڵایەکی بەرز و باریکی هەبوو، لوتی باریک بوو و هێڵەکانی سەری سێ گۆشە بوو، زۆربەی عەسران و هەروەها پشووەکانی کۆتایی هەفتە، ئانی زۆربەی کاتی لەگەڵ ئەو تێپەڕ دەکرد، والیت جگەرەی دەکێشا و مۆسیقای ڕاکی پێ خۆش بوو، لەیەکەم نیگادا ئانی لەڕوانگەی والیتەوە کۆنجکۆڵ بوو(بە ئانی وت کچێکی سەرسووڕهێنەری بەڵام سەرسوڕهێنەریت سەرنجڕاکێشە). ڕەفتاری والیت شتێک بوو کە ئانی پێی خۆش بوو، سەرنجدانی فیزیکی شتێک بوو کە لە کوڕێک چاوەڕێت دەکرد.

ئێستا ئیدی ئانی ببوە کچێکی باڵابەرز و لەش و لار ڕێک، قژێکی درێژ و لولی هەبوو کە دەڕژانە سەر دەموچاوی، ددانی جوان و ڕێکی هەبوو کە سەرنجی هەمووانی ڕادەکێشا، هەمیشە جلوبەرگی کۆن و داپۆشراوی لەبەردا بوو، کە بریتی بوو لە پانتۆلێکی تەسک و پێڵاوی کاڵەی کۆن، دواناوەندی بەڕێژەی ناوەندیی ٤ کۆتایی پێهێنا، کاتێک خوێندنی تەواو کرد، تەنها لەگەڵ دوو کەس برادەر بوو، یەکێک لەوان جودی بوو، کە چاویلکەیەکی ئەستووری لەچاو دەکرد و جلوبەرگی کۆنی مۆدێلی دەیەی ٥٠ی لەبەر دەکرد، کەسی دوایی برایان، بلیمەتی بیرکاری پۆلەکە بوو، کە هەمیشە دەستی بەدەموچاوییەوە بوو و سەرقاڵی یاری کردن بە سمێڵی بوو.

کاتێک جەژنی دەرچوون تەواو بوو، ئانی هیچ یەک لەوانی نەبینی، تەنها بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دواناوەندی و تەوقەکردن لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە کەمێک دواکـەوت، بەڕێوەبەر بەهێواشی وتی: «سەرکەوتوو بیت ئانی، تۆ بەهرەت هەیە و

دەتوانی لەهەموو شوێنێک سەرکەوتوو بیت.»

کاری ئانی تەواو بوو، لەسەر مەنەسە هاتە خوارەوە و ڕاستەوخۆ بەرەو پارکینگێک ڕۆیشت کە والێت بە نیسانی کوپەیی سەوزڕەنگ لەوێدا چاوەڕوانی بوو.

والێت بەحاڵەتێکی بێ هەستی وتی: « پیرۆزە، کۆتایی هات.»

ئانی وتی: « بەڵێ، سوپاس بۆ خوا.»

« دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆی؟»

« هەر کوێ.»

« پێویست ناکات زەنگ بۆ دایکت بدەی؟»

« پێم وتوە نەیەت، هەڵبەتە ڕەنگە هاتبێت.»

« هێشتا ئەو لەنێو ئامادەبووانە؟»

« بەڵام.»

والێت سەیرێکی پشت سەری کرد و وتی: « باشترە جارێکی دیکە گریمانە بکەی.»

ئانی گەڕایەوە بۆئەوەی دایکی ببینێت، لوراین چاکەت و تەنورەیەکی پیرۆزەیی لەبەر کردبوو، کڵاوێکی تەسکی لەسەر نابوو، پێڵاوە پاژنە بەرزەکانی لەنێو چیمەنی حەوشەی قوتابخانەدا گیری دەکرد و خەریک بوو بە شەلەشەل بەرەو لای ئەوان دەهات، دەستی ڕادەوەشاند و هاواریکرد: «ئانی چی دەکەی؟» بای دەهات و لوراین کڵاوەکەی خۆی بەدەستی ڕاگرتبوو.

ئانی بە هێواشی وتی: « بڕۆین!»

« ناتەوێ چاوەڕوان بی!»

« وتم، بڕۆ!»

سواری ئۆتۆمبیل بوو، بەتوندی دەرگای داخست، والێت ئۆتۆمبیلی پێکرد و ڕۆیشت، لوراین بەدەستێک لەسەر کڵاوی

ڕاوەستا و دوورکەوتنەوەی ئەوانی سەیر دەکرد کەخەریک بوون بەبەردەم تابلۆیەکدا تێپەڕ دەبوون کە لەسەری نووسرابوو:

« پیرۆزبایی دەکەین لەدەرچوونی قوتابخانە!»

ئانی ماوەی ساڵێک لەگەڵ دایکی قسەی نەکرد.

***

لەم ماوەدا ئانی و واڵێت لە ژێرزەمینی ماڵی باوکی واڵێت دەژیان، ئەوێ خانوویەکی کۆنی بچوک بوو بەشێوازیی ئەمریکی بە میچی لێژ و هەیوانی ڕۆشتنە ژوورەوە بوو، لەشوێنی کەرەڤانەکەیان کاتژمێرێک دوور بوو، ئانی دەیزانی ئەوەندە لە دایکی دوورە کە ئەگەری بینینی ئەو زۆر کەمە، بۆیە چێژی لەو ئازادییە وەردەگرت کە هەیبوو، پەرچەمی قژی کورت کردەوە و ڕەنگی مۆری کرد، واڵێت تی شێرتێکی پێدابوو لەسەری نووسرابوو: «من قەرزداری تۆ نیم.» ئانی زۆربەی کات ئەم تی شێرتەی لەبەر دەکرد.

باوکی واڵێت شەوان لە کارگەیەکی کەرەگرتن کاری دەکرد، واڵێت لە کارگەیەکی میکانیکی نزیکی ئەوێ، سەرقاڵی کاری تەعمیرکردنی ئۆتۆمبیل بوو، ڕێژەی ناوەندی دەرەجەکانی ئانی ئەوەندە بەرز بوو، کە دەیتوانی زەمالەی خوێندن لە کۆلێژێکی ناوچەکە وەربگرێت و بەو ئاواتەی بتوانێت ڕۆژێک ببێتە وێنەی گۆڤارێکی گەشتیاری، وانەکانی ئەدەبیاتی ئینگلیزی و وێنەگرتنی هەڵبژارد، ڕەنگە ڕۆژێک بتوانێت سەردانی ئیتالیا بکات و شوێنی ژیانی پائولۆ ببینێتەوە، دوایی بە کامێرایەک کە بە دەستیەوە بوو، بڕواتە بەردەمی و بڵێت: « سڵاو، چ ڕووداوێک!» چەند مانگ تێپەڕ بوو، بیری لەوە کردەوە پەیوەندی بەدایکیەوە بکات، بەتایبەت واڵێت ئیتر وەکو منداڵێک ڕەفتاری دەکرد، لەکاتی نانخواردن

لەسەر مێز ناوچاوانی دەترشاند و پێش ئەوەی بڕواتە دەرەوە خۆی نەدەشوشت، ئانیش وەکو هەموو کچە هاوتەمەنەکانی خۆی، چێژ وەرگرتن لە ئازادی و سەربەخۆیی فەرز دەکرد بەسەر پێویستی بە ڕێنمایی گەورەترەکان، لەلایەکی دیکەوە، دەیزانی دایکی چ ڕوانگەیەکی لەبارەی پیاوانەوە هەیە، پێشتر دەیزانی دایکی چی دەڵێت: « ئانی، بەڕاستی دەتەوێت بەمشێوە بژیت؟ لە ژێر زەوی ماڵی کوڕە خۆشەوستەکەت؟» هەر ئەم فکرانە بووە هۆی ئەوەی کە دیسان تەلەفۆنەکە دابنێتەوە.

هاوینی ساڵی دوایی، سەرێکی دا لە نەخۆشخانە بۆئەوەی خاڵە دنیس تووشی سەرسووڕمان بکات، چەند ساڵێک بوو کاری خاڵۆ دنیس بۆ ئاریزۆنا گواسترابووەوە، کاتژمێر لە پێنج تێپەڕ بوو و کەسێک لەپشت مێزی پێشوازیی نەبوو، ئانی بە ئاسانی لەپشت مێزی پێشوازی ڕەت بوو و خۆی گەیاندە ژووری کاری دنیس، لەدەرگای دا، دەنگێکی گڕ وەڵامی دایەوە: «بەڵێ؟»

ئانی دەسکی دەرگای سووڕاند و ڕۆیشتە ناوەوە.

دنیس کە لە سەرسووڕمان چاوی زەق ببوو، وتی: « ئانی؟»

« سڵاو من لە...»

قسەکەی بڕی، قورگی وشک بوو، دایکی بە ماوەی چەند ئینچ لەگەڵ خاڵۆ دنیس، لەسەر کورسی دانیشتبوو، دەموچاوی لاواز ببوو و چاوەکانی چاڵ ببوون، لەسەر بلوزی شین و پانتۆڵی قاوەیی بەئاسانی دەکرا بزانی جەستەی ئەو لە دوایین جار کە ئانی بینیبووی، چەندە لاواز بووە، هەستت دەکرد جەستەی تواوەتەوە.

لوراین بە دەنگێکی لاواز وتی: « سڵاو ئازیزم»، سەیرێکی براکەی کرد و وتی: « پێویست ناکات شتێکی پێ بڵێیت».

***

شێرپەنجە هێرشی کردبووە سەر لوراین و لە ماوەی ٦ مانگدا توانیبوو هەموو شێوازە چارەسەرکردنە ناسراوەکان شکست پێ بێنێت، لەم قۆناغەدا چارەسەری زۆرتر حاڵەتی سوکنایی هەبوو نەک چارەسەرکردن.

ئانی بەبیستنی ئەم هەواڵە، توشی شۆک ببوو، نەیدەزانی چ پەرچەکردارێک پیشان بدات، هەستی بە گوناح دەکرد، کە لەم ماوەدا لەلای دایکی نەبووە و پێی خۆش بوو لەمە بەدواوە هەموو کاتی بۆ دایکی تەرخان بکات، ڕۆیشتن بۆ دەرمانخانە، ڕۆیشتن بۆ کافێ لەدوای کار، وەکو پێشوو ئەوان دیسان لەسەر هێڵی یەکتر بوون، بەڵام گفتوگۆی ئەوان زۆرتر لەبارەی شتگەلێک بوو، کە پێشتر نەدەخرانە بەرباس و ئیدی باسی قسەکانی ڕابردوو نەدەکرا.

ئانی دەیپرسی: « چاییەکەت چۆنە؟»

لوراین وەڵامی دەدایەوە: « باشە.»

لوراین دەیپرسی: « لە قوتابخانە چۆنی؟»

ئانی وەڵامی دەدایەوە: « باشە».

هیچ یەکیان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەستە شاراوەکانی دەروونی خۆیان نەبوو، پێکەوە بە ئەدەب ڕەفتاریان دەکرد. گۆنای یەکتریان ماچ دەکرد، ئانی دەرگای ئۆتۆمبێلی ڕادەگرت و لەکاتی ڕۆیشتن ژێر باڵی دایکی دەگرت، ڕەنگە ئەگەر کاتێکی زۆرتریان هەبوایە، سەهۆڵی نێوانیان دەتوایەوە.

بەداخەوە دونیا بە پێی زەمەنی دڵخوازیی ئێمە ناڕواتە پێش.

شەوێک ئانی سەرقاڵی ئەوەبوو لە قاپێکی سەوزەی سوورەوەکراوەدا نان بدات بە دایکی، لوراین بە دەنگێکی نوساو وتی: « ئانی زۆرم خۆشدەوێی».

ئانی وتی: بیخۆوە، دەبێ خۆت بەهێز بکەی.

لوراین وتی: « خۆشەویستی هێزم پێ دەبەخشێت.

ئانی دەستێکی بەسەر شانی دایکیدا هێنا، لەژێر دەستی بەباشی هەستی بەتیژی ئێسکی شانی کرد، بەشێوەیەک کە هەستت دەکرد پێستی پێوە نییە.

دوو ڕۆژ دواتر، پێش ئەوەی دەمژمێری زەنگدار، زەنگ لێ بدات، زەنگی تەلەفۆن، ئانی خەبەرکردەوە.

دنیس بە دەنگێکی هێواش وتی: باشترە سەرێک لەنەخۆشخانە بدەی.

دنیس نەیتوانی ڕێگە لە گریانی خۆی بگرێت و ئانیش دەستی کردە گریان.

***

لەبەر ئەو ژیانە پڕ لەنهێنییەی کە لوراین بۆ خۆی دروستی کردبوو، خەڵکێکی زۆر کەم لەگۆڕستان کۆبوونەوە، کاتێک قەشە دوعای دەخوێند، تەنها ئانی، والێت، خاڵۆ دنیس و چەند کەسێک لەهاوکارانی لەسەر گۆڕی لوراین ڕاوەستابوون.

کاتێک دیمەنەکە هاتە بەرچاویان، لوراین وتی: «پێکەنیناوییە، هەمیشە بیر لەڕێوڕەسمی ناشتنی خۆمان دەکەینەوە، ڕێوڕەسمێکی چەندە گەورە دەبێت؟ چ کەسانێک دێن؟ بەڵام هەمووی بێمانایە، کاتێک لەدونیا ڕۆیشتی، تێدەگەی کە ڕێوڕەسمی ناشتن بۆ ئەوانیترە نەک بۆ تۆ.»

هەمووان سەیری ئانییان دەکرد کە کراسێکی ڕەشی لەبەرکردبوو و سەری خستبووە سەر شانی خاڵۆی و دەگریا.

لوراین وتی: « ئەو ڕۆژە زۆر نارەحەت بووی.»

« بەڵێ. بێگومان.»

« کەوایە بۆ ئەم ماوە دووردوودرێژە پەیوەندیت لەگەڵم بڕی؟»

« بەداخەوەم، دایکە.»

« دەزانم کە بەداخی، هۆکارەکەی دەپرسم.»

ئانی ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: « هۆکەی نازانی، تۆ بویتە هۆی سەرشۆڕی من، تۆ سنوری منت بەرتەسک کردبووەوە، من لە هەموو ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییانەی کەحەزم لێی بوو بێبەشت کردبووم، هیچ دڵخۆشییەکم نەبوو، منداڵیی من وەکو بەندیخانە تێپەڕ بوو.»

« نەمدەتوانی لەگەڵ کەسێک ببمە برادەر، مۆڵەتی هیچ کارێکم پێ نەدەدرا، هەموان وا بیریان دەکردەوە من کچێکی نامۆم کەدایکی هیچکات لێی ناگەڕێت و ئازادی ناکات.» ئانی دەستی چەپی هەڵبڕی. « بەڵام سوودێکی نەبوو.»

لوراین نارەحەت بوو، وێنەی گۆرستان سڕایەوە.

« بەڕاستی تۆ چ شتێک لەبارەی ئەو ڕۆژەوە دەزانی؟»

« لەشاری یاری روبی پایر؟»

« بەڵێ.»

« هیچ شتێک نازانم، لەبیرت نییە؟ ئەو ڕۆژە یەکێک لەخاڵە ڕەشەکانی ژیانی منە، تۆ هیچکات لەبارەی ئەو ڕۆژەوە لەگەڵ من قسەت نەکرد، بەشەمەندەفەر بۆ ئەوێ ڕۆیشتم، بلیتم کڕی، دوایی لەنەخۆشخانە چاوم کردەوە و بینیم هەموو لەشم بەلەفاف پێچراوە.» ئانی هەستیکرد دیسان توورەییەکی کۆن زیندوو بووەوە، سەرێکی ڕاوەشاند، تووڕەبوون لەبەهەشت چ مانایەکی هەبوو؟

بە بۆڵەبۆڵەوە وتی: «بەهەرحاڵ ئەمە تەنها شتێکە کە دەزانم.»

لوراین دەستی کچەکەی گرت و وتی: «شتێک کەمن دەیزانم زۆرتر لەوانەنیە، ئەمە هەر ئەوکاتەیە کەپێم گوتبووی.»



وانەی سێیەم

لەناکاو گەڕانەوە ئەو ڕۆژە گەرمەی هاوین لەشاری یاریی رووبی پایر، لەبەرامبەر ئەواندا پردێکی داری درێژ و پان بوونی هەبوو، کە پڕ لەخەڵک بوو، بەرەو کەناری دەریا دەڕۆیشتن، دایک و باوکەکان پاڵیان بە عەرەبانەی منداڵەکانیانەوە دەنا، ئەوانەی ڕایاندەکرد و سکێت سوارەکان بەخێرایی بەناو خەڵکدا تێپەڕ دەبوون.

ئانی پرسی: «من ئەم خەڵکە دەناسم؟»

دایکی وتی: «سەیری خوارەوە بکە.»

لەژێر پردە دارییەکە، ئانی دایکی بینی کە گەنجتر بوو، خەریک بوو لەسەر لمەکان لەگەڵ باوکی، پیاوێک کە لەناو شەمەندەفەردا بوو، پیاسەی دەکرد، لوراین پێڵاوەکانی گرتبووە دەستییەوە و بە پێخاوسی بەرێگادا دەڕۆیشتن، باوکی هەوڵی دەدا بۆ لای خۆی ڕایکێشێت، لورایینیش بەناز و عیشوە خۆی بۆ لاکەی دیکە

ڕادەکێشا، دوایی بۆ ساتێک سەیری دەمژمێری کرد و ڕووی لە دەریا کرد، باوکی چەناگەی ئەوی گرت و سەری بۆ لای خۆی سووڕاندەوە و بەهەموو هێزی ماچی لێوەکانی کرد.

لوراین لەکەناری کچەکەی ڕاوەستابوو، سەیری دەکرد، پرسی: «ئایا تائێستا بووە ویستبێتت ساتێک بۆ دواوە بگەڕێیتەوە؟»

« ساتێک کە باوەڕ ناکەی کارێک کەئەنجامت دەدا، چەندە بێبایەخ بووە و چ شتێکی گرنگ لەدەست دەدەی؟»

ئانی بە ئاماژەی سەر قسەی ئەوی پەسەند کرد.

دایکی وتی: ئەمە هەمان ئەو ساتە بوو بۆ من، لەوساتەدا بیرم لەتۆ دەکردەوە، بیرم دێتەوە لەبەرئەوەی کاتژمێر ٧:٣ی پیشان دەدا، ڕۆژی لە دایکبوونی تۆ، حەوتی مارس، لەبەر خۆمەوە وا بیرم دەکردەوە: «دەبێ بگەڕێمەوە بۆ لای ئانی.»

« بەڵام وات نەکرد.»

لوراین بە ئارامی وتی: « نا، نەگەڕامەوە».

دیسان سەیری دیمەنی ژێر پردیان کرد، باوکی بەهەموو هێزی باوشی بەلورایندا کردبوو و ماچی ملی دەکرد، باوکی قۆڵی لوراینی ڕاکێشا و هەر دوکیان کەوتنە سەر لمەکان.

لوراین وتی: «دوای ئەوەی باوکت ئێمەی بەجێهێشت، من هەڵبژاردنی خراپم هەبوو، هەستم دەکرد سەرنجڕاکێش نیم و کەسێک منی خۆش ناوێت، هەستم دەکرد لەبەرئەوەی بێوەژنم و منداڵم هەیە، پیاوەکان حەزیان لەمن نییە، بۆیە زێدەڕۆییم کرد، بەردەوام لەگەڵ پیاوانی جیاوازدا بووم، دەمویست ژیانم بگۆڕم.»

ئانی کەوتەوە یادی ئەو شەوانەی کە پیاوانێکی عاشقی دایکی دوای خەوتنی ئەو بۆ ماڵەوە دەهاتن، بەئارامی لەژوورەکەی دەرۆیشتە دەرەوە، لەسەر قاڵدرمەکان ڕادەوەستا و بەدزییەوە

سەیری دایکی دەکرد، کە لەگەڵ پیاوێکی نوێ دەڕۆیشتە دەرەوە و پەرستار دەرگای ماڵەوەی لەپشت سەری دادەخست.

لوراین وتی: منیش گەنج بووم و دەمویست لەسەرەتاوە دەست پێ بکەم، بە دوای هەبوونی ئەو شتانەوە بووم کە باوکت منی لێ بێبەش کردبوو . موحیببەت، سۆز، ئاسایش، ئەو ژنانی دیکەی بەسەر مندا فەرز کرد و وا بیردەکەمەوە دەمویست بیسەلمێنم کە بەنەبوونی من شتێکی بایەخداری لەدەست داوە.

لوراین وتی: « کارێکی دەبەنگانە بوو، خۆشەویستی تۆڵەکردنەوە نییە، ناتوانی ئەو وەک بەرد فڕێ بدەی، بە دروستکردنی خۆشەویستی ناتوانی کێشەکانی خۆت چارەسەر بکەی، خۆشەویستی ناچاری، وەکو ئەوەیە کە گوڵێک بچێنی و دوایی چاوەڕوان بیت گەشە بکات.»

ئێستا لەژێر پردەکە بوکی کەمێک لە لوراین گەڕابوو بۆ ئەوەی چاکەتەکەی دەربێنێت، چاکەتەکەی دەرهێنا و لە پشت سەری لەسەر لمەکان ڕایخست، ئانی دایکی دەبینی کە ئانیشکی خۆی لەسەر چۆکی دانا و ترس بە دەموچاویەوە دیار بوو،

لوراین وتی: « لەم ساتەدا من هاتمەوە سەر خۆم، بیرم کەوتەوە چەند ساڵێک پێش باوکت هەمان کارم کردبوو، لە کەناری دەریا، خەوتن لەسەر لمەکان، کێشەکە لێرەوە دەستی پێکرد.»

« تێگەیشتم منیش هەمان کاری دەبەنگانە ئەنجام دەدەم کە ئەو کردی، بۆچی وا بیرم دەکردەوە ئەنجامی کاری من جیاواز دەبێت؟»

ڕێک سەیری چاوەکانی ئانی کرد. «بەڕاستی بەداخەوەم ئازیزم، ئەوەندە لەبینینەوەی خۆشەویستی نوێ بێهیوا ببووم، کە لەبیرم کردبوو من باشترین کەسی دونیا، واتە تۆم هەیە.»

ئانی بەهێواشی وتی: « دایکە، من ئاگام لەم بابەتە نەبوو.»

لوراین سەری بەنیشانەی بەڵێ جولاند. « هەتا ئەو ڕۆژەش خودی منیش لەو کێشەیە تێنەگەیشتبووم.»

ئەو بەئاماژە سەرنجی ئانی بۆ وێنەی دیمەنی ژێر پردەکە ڕاکێشا، لوراین خێرا لەشوێنی خۆی هەستا و پێڵاوەکانی هەڵگرت، باوکی تووڕە بوو، پێی لوراینی گرت، لوراین ئەوەندە تەقەلای دا هەتا خۆی لەدەستی باوکی ڕزگار کرد، باوکی بە هەموو هێزی مشتێکی دا لەلمەکان و ئەوانی خشاند بەسەر پانتۆلی خۆیدا.

ئانی، لەو ساتەدا تەنها دەمویست تۆ ببینمەوە، دۆندورمەت بۆ بکڕم و پێکەوە بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە، بڕیارم دا تۆ بکەمە بەختەوەرترین کچی دونیا.

وەکوو ئەوە بوو لەناکاو پەردەیەک لەبەرچاوم لادرا، دەمتوانی پەیوەندیم لەگەڵ هەموو ئەو پیاوانەی کەشیاوی من نەبوون کۆتایی پێ بێنم، دەمتوانی کۆتایی بەپەیوەندییە تەلەفۆنییە دەبەنگانەکانی خۆم بێنم، لەدواییدا دەمتوانی بەدروستی شتەکان ببینم.

ئانی پرسی: «چی ڕوویدا»؟

لوراین نارەحەت دەبیندرا، دروست بینینی شتەکان بەو مانایە نییە کە دەتوانی ئەوان لەکات و ساتی خۆی ببینی.

***

خەریک بوون لوراینیان دەبینی کە بەپەلە بەرەو شاری یاری ڕادەکات، ئیسعافێک بەخێرایی بەلای ئەودا تێپەڕ بوو، هێزەکانی پۆلیس بەدەنگی بەرز بە بێ تەلی خۆیان قسەیان دەکرد، لوراین، گێژ و سەرسوڕماو لەناوەڕاستی خەڵکدا بوو بۆ ئەم لاولا دەڕۆیشت، ژمارەیەک لەخەڵک کە بۆ سەیرکردن ڕاوەستابوون

پاڵ پێوەنا، بەلای ئۆتۆمبیلە کارەباییەکان تێپەڕ بوو، بەلای کوپە گەردانەکاندا تێپەڕ بوو، لەشوێنی تایبەتی نانخواردن تێپەڕ بوو، تێکرای ئەم ماوە هاواریدەکرد: « ئانی... ئانی... ئانی!»

دوای کاتژمێرێک گەڕان بێسوود بوو، لوراین پۆلیسێکی بینی خەریک بوو لەگەڵ یەکێک لەفەرمانبەرانی پارکەکە قسەی دەکرد، ئەو پیاوێکی گەنجی باڵابەرز بوو لەسەر سنگی کراسەکەی نووسرابوو: «دومینگوئیس». ئەوان لەلای شریتێکی ڕەنگ زەرد کە بۆداخستنی ڕێگا بوو ڕاوەستابوون، چاوی پیاوە باڵابەرزەکە پڕ لە فرمێسک بوو.

لوراین قسەی بەوان بڕی: « ببوورن، دەتوانن یارمەتی من بدەن؟ بەڵام لێرەدا شتێک ڕوویداوە و سەرقاڵی لێپرسینەوە لەبارەی ئەون، بەڵام کچم، ناتوانم کچەکەم ببینمەوە، هەموو شوێنێک گەڕام، زۆر نیگەرانم.»

پۆلیسەکە سەیرێکی دومینگوئیسی کرد.

پۆلیسەکە پرسی: « کچەکەتان چ شێوەیەکی هەبوو؟»

لوراین وەسفی ڕواڵەتی ئانی کرد، پانتۆڵی کورت، تی شێرتی سەوز بە وێنەی مراوییەک لە پێشەوە.

دومیگوئیس وتی: « ئایی خوایا.»

***

ئانی سەیری ئاسمانی بەهەشتی کرد کە سوور دەبوو.

دایکی وتی: «ئەمە خراپترین ساتی ژیانی من بوو، ساتێک کە کچەکەم پێویستی بەمن هەبوو، من لەلای پیاوێک بووم کە بە هیچ شێوەیەک خۆشم نەدەویست».

« کاتێک گەیشتمە نەخۆشخانە، نەشتەرگەری دەستی کرابوو، دەبوو لەوان پرسیار بکەم چی ڕوویداوە، من، دایکی تۆ، ناچار

بووم وەکو بێگانەیەک پرسیار بکەم، زۆر گریام، ئانی... گریانی من تەنها بەهۆی ئازارێک نەبوو کەتۆ دەتکێشا بەڵکوو بۆ سووک بوونی خۆم دەگریام.»

« تێکڕای ئەم یاسایانە، هەموو سەر سنوور و سەختگیریانە، هەموویان بەهۆی ئەو ڕۆژە بوو، نەمدەویست هەڵەیەکی دیکە بکەم.»

ئانی وتی: «هەموو ئەو کارانە بووە هۆی ئەوەی رقم لێت بێتەوە.»

«من زیاتر لەتۆ رقم لەخۆم بوو، من ئاگام لەتۆ نەبوو، تۆم بەتەنها بەجێهێشت، دوای ئەو ڕووداوە ئیدی نەمدەتوانی خۆم بە دایکێکی باش بزانم.»

« زۆر شەرمەزار بووم، هەوڵم دەدا سەخت لەخۆمی بگرم و هەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی لەتۆی سەخت بگرم، ئانی، بەداخبوونەکانی ڕابردوو دەبنە هۆی ئەوەی کەمرۆڤ کوێر بێت، کاتێک دەمانەوێت خۆمان تەمبێ بکەین، تێناگەین کە کەسێکی دیکەش تەمبێ دەکەین.»

ئانی بۆ ساتێک بیری کردەوە، « ئەمە ئەو وانەیە کەبڕیارە بەمنی بڵێیت؟»

لوراین بە ئارامی وتی: « نەخێر، دەمویست تاڵترین نهێنی خۆمت پێ بڵێم.»

ئانی چاوی بڕییە دەموچاوی گەنج و پێستی سافی دەموچاوی دایکی، دیار بوو کەهێشتا لەتەمەنی نێوان بیست هەتا سی ساڵی دایە، لەدەروونەوە هەستێکی بەهێز بەوی دەگوت هێشتا شتێک هەیە کەدەبێ لەژیانی دوای مردن بەدایکی بڵێت. هەستی دەکرد دەبێ دانی پێدا بنێت.

ئانی وتی: «منیش نهێنییەکم هەیە.»



ئانی هەڵە دەکات

ئەمەنی بیست ساڵ بوو، دووگیان بوو، ژنێکی پیر کەخەریک بوو دەڕۆیشتە ناو نۆرینگەی دکتۆرەوە، دەرگای بۆ ئانی ڕاگرت بۆئەوەی بڕواتە دەرەوە.

ئانی وتی: «سوپاس، پێویستی نەدەکرد.»

ژنەکە وتی: «کێشەیەک نییە.»

ئانی دەستێکی دا لەزگی، دووگیان بوونی ئانی چاوەڕوان نەکراو بوو، هێشتا ئانی و والیت لەژێر زەوی ئەو ماڵەدا دەژیان، پەیوەندی ئەوان بەشێوەیەکی کەمتەرخەمانە بەردەوام بوو، لەبەرئەوەی شتێکی باشتریان بەمێشکدا نەدەهات، بۆیە بەردەوامبون باشتربوو لەپچڕانی پەیوەندی، ڕۆژێک ئانی هەستی بەماندوبونێکی زۆر کرد کەزۆر نائاسایی بوو، بۆ دەرمانخانەی زانکۆ ڕۆشت، وا بیری دەکردەوە ئەنفلۆانزای گرتووە، تاقیکردنەوەی خوێنیان بۆ ئەنجام دا، ڕۆژی دوایی دیسان بۆ ئەوێ ڕۆیشت.

پزیشکی نەخۆشخانەکە وتی: « باشە ئەنفلۆانزا نییە.»

ئانی سەرتاسەری ئەو ڕۆژە لەکتێبخانەی زانکۆ خۆی شاردبووەوە، دەستێکی لەسەر ورگی بوو و بەدەستەکەی دیکەی کلینیکسێکی دەگوشی، دووگیانی؟ لەبەرخۆیەوە بیری دەکردەوە، ئەوەندە تووشی سەرسوورمان و ناڕەحەتە ببوو کە نەیدەتوانی بجووڵێت، هەتا ئەوەی کە پاککەرەوەکە بەوی وت: « دەمەوێت ئێرە دابخەم.» ئانی بە ناچاری هەستا و بۆ ماڵ ڕۆیشتەوە.

قسەکردن لەگەڵ والیت ئەوەندە جێی هیوا نەبوو، دوای ئەوەی ماوەیەک بەهۆی توورەبوونەوە پێکەنی، چەند جارێک لەعنەتی کرد، ماوەی نیو کاتژمێر بەسەر قاڵدرمەکان سەرکەوت و هاتە خوارەوە و لەدواییدا قبوڵی کرد لەبەر منداڵەکە بە ڕەسمی لەگەڵ ئەو هاوسەرگیری بکات.

ئانی پێداگیری دەکرد کە ئەم کارە پێش بەرزبونەوەی ورگی ئەنجام بدرێت.

والیت وتی: « باشە... زۆرباشە.»

مانگی دواتر بۆ نوسینگەیەکی ڕەسمی ڕۆیشتن (دروست هەمان کار کە لوراین و جێری چەند دەیە پێشتر ئەنجامیان دابوو). بەڵگەنامەکانیان واژۆ کرد، دوو هەفتە دواتر هاوسەرگیری ئەوان ڕەسمی بوو.

والیت بابەتەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە.

ئانی بەهیچ کەسێکی نەگوت.

ئانیش وەکو دایکی، بەبێ خواستی خۆی دەبووە دایک، وەکو دایکی، هاوسەرێکی هەبوو کەهۆگرییەکی زۆری بۆ ئەو نەبوو، هەندێ کات ئانی ئاواتی بەوە دەخواست خۆزگا لوراین زیندوو دەبوو، پێی خۆش بوو لێ بپرسێت چ چاوەڕوانییەکی هەیە، بەڵام زۆربەی کاتەکان سوپاسی خوای دەکرد، کەدایکی زیندوو نییە

بۆئەوەی ئەم بارودۆخە ببینێت، ئانی نەیدەتوانی تەحەمولی ئەم بارودۆخە بێهیواکەرە بکات، دڵنیا بوو ئەگەر دایکی زیندوبوایە پێی دەگوت: « مەگەر هۆشداریم پێ نەدای کە ئاگادار بیت»؟ ئانی بە تەواوی ببووە ئەو کەسەی کەهەمیشە دایکی لێی دەترسا، کچێکی دەبەنگ و بێ فکر کەئێستا ناچار بوو ژمارەی پزیشکی پسپۆری ژنان بلکێنێت بەدیواری ژێر زەوی ماڵی خەزوری.

والێت وەکو تولەسەگێک کە سزای ئەویان دابێت، گوێڕایەڵ و ماڵی ببوو، شەوان کەدەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە زۆر قسەی نەدەکرد و پێی باش بوو سەیری تەلەفزیۆن بکات، جەستەی ئەوەندە دەڕۆیشتە ناو موبلیاتەکەوە هاوشێوەی گۆشەیەکی سەر موبلیاتەکەی لێهاتبوو، ئانی پەرچەکرداری پیشان نەدەدا، چ سوودێکی هەبوو؟ گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە ژیان لەگەڵ پیاوێک، زیاتر لەوەی کەعاشقانە بێت، خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخ و تەحەمولکردنی ژیانە، بەڕای ئەو هاوسەرگیری، تەنها شکستێکی دیکە بوو لەژیاندا.

***

ئێستا دیسان دەگەڕێینەوە بۆ نۆرینگەی دکتۆر، پیرەژنێک کە دەرگای نۆرینگەی بۆ ئانی ڕاگرتبوو پێکەنی و وتی:

« چەند مانگە؟»

« حەوت مانگ.»

« کەواتە زۆری نەماوە.»

ئانی بە ئاماژەی سەر قسەی ئەوی پشتڕاست کردەوە.

پیرەژن وتی: « باشە، سەرکەوتوو بی.»

ئانی دوورکەوتەوە، ماوەیەکی زۆر بوو هەستی بەسەرکەوتن نەکردبوو.

ئەو شەوە ئانی نانی شەوی نەخوارد، بڕیاری دا کتێبخانەی پلاستیکی کە لە دووکانی IKEA کڕیبوویان تێک بدات، کاتێک چەمایەوە، ئازارێکی زۆر لەورگی هەست پێکرد، ئازارەکە بووە هۆی ئەوەی زۆرتر بچەمێتەوە.

بە نالە وتی: « وای نا... نا... نا... والێت!»

والێت ئەوی گەیاندە نەخۆشخانە، ئۆتۆمبێلەکەیان لەبەردەم دەرگاری ڕۆشتنە ژوورەوەی فریاکەوتن ڕاگرت، ئانی تەنها ئەوەی دەزانی کەلەسەر قەرەوێڵەیەکی تایەدار و لە ڕاڕەوێک لەحاڵی ڕۆشتن دایە.

کەمێک دوای نیوەشەو منداڵەکە لەدایک بوو، منداڵێکی وردیلە کە کێشی کەمتر لە ٣ پاوند بوو، ئانی هەتا چەند کاتژمێرێک منداڵەکەی نەبینی، ئەویان لەبەشی چاودێری تایبەتی منداڵان، لەناو ئامێرێکی تایبەتی کۆرپە زوو لەدایک بووەکان هەڵگرتبوو. کاتێک کۆرپەلە زووتر لەوادەی دیاریکراو لەدایک دەبێت، هێشتا سییەکانی بەتەواوی دروست نەبوون، یەکێک لە پزیشکەکانی وتی: «دەبێ یارمەتی بدەین هەناسە بکێشێت.»

ئانی بەجلی شینی تایبەتی نەخۆشخانەوە دانیشتبوو، چاوی بڕیبووە ئامێری هەڵگرتنی کۆرپەلە، بەڕاستی ئێستا ئەو ببووە دایک؟ تەنانەت نەیدەتوانی دەست لەمنداڵەکەی بدات، هەندێ بۆرییان بۆ گەیاندنی خۆراک و دەرمان پێکەوە بەستبوو، لەزگەیەکی سپی لەسەر دەموچاوی بوو بۆئەوەی دەزگای تایبەتی هەناسەکێشان ڕابگرێت، کڵاوێکی شینی بچوکیان کردبووە سەری بۆئەوەی گەرم ڕایبگرن، ئانی کارێکی نەبوو، ئەو ئامێرە هەموو کارێکی دەکرد.

شەو داهات و دیسان ڕۆژ بووەوە، ئانی لەناو هاتوچۆی

پزیشکەکان، پەرستارەکان و فەرمانبەرانی نەخۆشخانەدا، بەبێ جوڵە دانیشتبوو.

یەکێک لە پەرستارەکان پرسی: « دەتەوێت پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەی؟»

« نەخێر.»

« حەزتان لە قاوەیە بۆتان بێنم؟»

«نەخێر.»

« دەتانەوێ کەمێک ئیستراحەت بکەن؟»

« نەخێر.»

زۆری پێ خۆش بوو خۆی بگەێنێت بەو ئامێرەیە، ئەو بوونەوەرە بچوکە هەڵگرێت و هەڵبێت، بیری لە دایکی دەکردەوە. بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە کە بەپەلە کەلوپەلیان کۆکردەوە و ڕۆشتن.

کاتژمێر ١٠:٢٣ی بەیانی، دەنگی زەنگێک لە شاشەی ئامێرەکە بیسترا، پەرستارێک هاتە ناو ژوورەکە، دوای ئەو پەرستارێکی دیکە و دوایی پزیشکەکە هات، چەند خولەکێک دواتر خەریک بوون بەپەلە ئامێرەکەیان بۆ ژووری نەشتەرگەری دەبرد، بە ئانییان وت دەبێ چاوەڕوان بێت.

ئەو منداڵە هیچ کات نەگەڕایەوە.

ئەو کورە چکۆلانە سێ ڕۆژ دوای لەدایکبوونی کۆچی دوایی کرد، پزیشکەکانی بەدەموچاوێکی پڕ لەخەم و پەژارە بەردەوام بە ئانییان دەگووت هەموو هەوڵی خۆیان داوە، پەرستارەکان بەهێواشی بەگوێیاندا دەچرپاند: بەڕاستی سەختترین ساتی ژیانە، ئانی بەبێ گرنگی پێدان بەوان دانیشتبوو و سەیری دڵسۆزی و ژوورێک کەئێستا بەتاڵ بوو دەکرد، دەنگی والێتی دەبیست

کەبەردەوام دەگوت: «بەهیچ شێوەیەک باوەڕ ناکەم، ئانی بەوردی سەیری پەنجەرەکان، کەفی ژوورەکە و مەخسەلەکەی دەکرد، چاوی بڕیبووە شتێکی بێگیان بەشێوەیەک کەهەستت دەکرد دەیویست بەچاوەکانی کونێک لەودا دروست بکات، چەند کاتژمێرێک دواتر یارمەتیدەرێکی کۆمەڵایەتی هات ژمارەیەکی زۆر کاغەز و نووسراوی بەدەستەوە بوو، بۆ تەواوکردنی بەڵگەنامەکان و کاروباری ئیداری، پێویستی بەچەند زانیاریەک هەبوو، مەبەست لە کاروباری ئیداری، نووسینی وەفاتنامە بوو.

یارمەتیدەر بەمشێوە گفتوگۆی دەست پێکرد: « ناوی منداڵەکە چی بوو؟»

ئانی چەند جارێک چاوی تروکاند، ناومان بۆ هەڵنەبژاردبوو، ئەم پرسیارە وەکو سەختترین تاقیکردنەوەی گشتی دونیا بوو، ناو... ناوێک؟ لەبەر هەندێ هۆ، تەنها ناوێک لەو ساتەدا بەمێشکیدا دەهات، ناویی دایکی، لوراین بوو. کەمێک دەمی سووڕاند بۆ ئەوەی شتێکی نزیکی ئەو ناوەی بیربکەوێتەوە.

بە منەمن وتی: « لارنس.»

پەرستار دووبارەی کردەوە: « لارنس.»

ئانی لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە، لارنس. ئەم وشە وەکو ئاوێک بوو کە لەناکاو کرابێت بە دەموچاویدا، ئەگەر منداڵ ناوی هەیە، کەوایە ڕاستەقینەیە، ئەگەر واقعییە کەواتە بەڕاستی مردووە.

ئانی بەهێواشی وتی: « لارنس؟» هەستت دەکرد بەدوای ئەودا دەگەڕێت.

دەستی کرد بەگریان و چەند ڕۆژێک لەگەڵ هیچ کەسێک قسەی نەکرد.

کاتێک ئانی کۆتایی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە هێنا:

تێگەیشت کەوەکو ئەو رۆژە لەنەخۆشخانە، دەگریا. فرمێسکەکانی کەوتبووە سەر زەوی، فرمێسکەکانی پێکەوە حەوزی ئاویان دروستکردبوو، جۆگەیەکی باریک لەو دەرچووبوو، ئەم جۆگە دەڕژایە ناو روبارێکی شەفافی ڕەنگ پیرۆزەیی کە بنی دیار بوو، دارەکانی کەنار ڕووبارەکە شین ببوون، گەڵا ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەوان وەکو چەتر کرابوونەوە.

لوراین وتی: «بۆ گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە ماوەیەکی زۆر سەبرت کردووە.»

ئانی وتی: « هەتا ئەزەل.»

« دەزانم هەستی پێدەکەم.»

« لێرە؟»

« بەڵی، هەر لێرە.»

« من ئەم بەسەرهاتەم بۆ هیچ کەسێک جگە لەخاڵۆ دنیس نەگێڕایەوە، تەنانەت بە پائولۆشم نەگوت، نەمدەتوانی.»

لوراین سەیری دارەکانی کرد.

« نهێنییەکان، ئێمە وا بیردەکەینەوە بەشاردنەوەی نهێنییەکان، ئەوان کۆنترول دەکەین، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان ئەوەن کە ئێمە کۆنترول دەکەن.»

ئانی وتی: «منداڵەکە نەیدەتوانی هەناسە بدات، کاتێک باڵۆن کەوتە خوارەوە، هەموان گوتیان پائولۆ ناتوانێت هەناسە بدات، بەبیستنی ئەم قسانە، دیسان ڕووداوی مردنی منداڵەکەمم بۆ زیندوو بووەوە، ئەوکات شتێکم وت کەدەمویست بڵێم: سییەکانی من هەڵگرن، مۆڵەت بدەن من بۆ ئەو هەناسە بدەم، تەنها گیانی ئەو ڕزگار بکەن.»

ئانی بە دەموچاوێکی پڕ لەپاڕانەوە کە بەدوای بینینەوەی وەڵامی پرسیارێکەوە بوو، گەڕایەوە.

« دایکە، پائولۆ زیندوو ما؟ پێم بڵێ. لێت دەپاڕێمەوە. تۆ دەتوانی بڵێیت، وایە؟» لوراین دەستێکی بەگۆنای ئانیدا هێنا و وتی: « زانینی ئەم بابەتە لەدەرەوەی دەسەڵاتی منە.»

***

بۆ ماوەیەک هەر دوکیان بێدەنگ بوون، لوراین دەستی کردە ناو ئاوی ڕووبارەکە.« ئایا تا ئێستا پێم وتوی بۆچی ناوتم نا ئانی؟»

ئانی سەرێکی ڕاوەشاند.

« ژنێک کە لەناو بەرمیلێک لەتاڤگەی نیاگارا پەڕییەوە، ئەو ژنە شەست و سێ ساڵ تەمەنی بوو، بێوەژنێک بوو کەبەدوای ناوبانگەوە بوو، دەیویست بۆ تەمەنی پیری خۆی پارەی هەبێت، هەمیشە نەنکم دەیووت ئەو ژنە ئازا بووە، منیش هەمان شتم لەتۆ دەویست، ئازایەتی.»

ئانی دەموچاوی تێک نا. « بەڵام نەمتوانی چاوەڕوانییەکەی تۆ بەدی بێنم، وایە؟»

لوراین برۆیەکی هەڵتەکاند. « تۆ ئەو کارەت کرد.»

« دایکە، ڕەفتاری من بە پێچەوانەی ئازایەتی بوو، من هەڵهاتم، لەژێر زەوی ژیام، لەگەڵ پیاوێکی نادروست هاوسەرگیریم کرد، زۆر زوو منداڵم بوو، تەنانەت ئەو کارەشم بەدروستی ئەنجام نەدا، بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ ژیانێکی بێسوودم هەبوو.»

دایکی دەستی لەسەر سنگی هەڵپێکا.

« دوای ئەو؟»

***

واقعیەت ئەوە بوو کە ئانی پێگەیەکی نوێی بۆ ژیانی خۆی بینییەوە، دوای مردنی منداڵەکە، والیت بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئانی بە بەهانەی دووگیانی ئەوی ناچار کردووە هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، هەندێ بەڵگەنامەیان واژۆ کرد و هاوسەرگیری ئەوان هەڵوەشایەوە. والیت پانتۆڵی وەرزشی خۆی وەرگرتەوە.

ئانی ڕۆشت بۆ ماڵی خاڵە دنیس، چەند مانگی یەکەم لەماڵەوە نەڕۆیشتە دەرەوە و تەنها لەسەر قەرەوێڵە مایەوە. پرسەی بۆ منداڵەکەی و دایکی گرت، بەهۆی بێهیوابوون لەداهاتوو پرسەی گرت، چ ئامانجێک دەیتوانی ئەو لەم ژوورە بەرێتە دەرەوە؟ هەر شتێک کە بەبیریدا دەهات، دواکەوتوو و بێ ئەنجام بوو، ئەو بەتەواویی خەمۆک و بێچارە بوو.

زستان کۆتایی هات و بەهار هات و هاوین هات.؟ ئانی خووی بەوەوە گرتبوو کە بەیانیان زوو خەبەری بێتەوە. لە پەنجەرەی ژووری خەوەکەیەوە خاڵە دنیسی دەبینی کە بۆ نەخۆشخانە دەڕۆیشت، ئانی ئەو ڕۆژەی لەیادبوو کە دنیس بۆ ئاریزۆنا هاتبوو، ئەوکاتە، ئانی یەکەم ساڵی دواناوەندیی بوو، ئانی لێی پرسی بۆچی شارێک کەتیادا گەورە بووە، بە جێیهێشت؟ دنیس وەڵامی دایەوە: «دایکت ئەندامێکی خێزانی منە.» ئانی دەیویست بڵێت: « گاڵتە دەکەی، وایە؟ واتە بە ڕاستی لەبەر ئەو هاتووی؟» بەڵام ئێستا خۆشحاڵ بوو کە دنیس بۆ ئاریزۆنا هاتبوو، ئەگەر ئەو نەبوایە چ کەسێک پەنای دەدا؟

شەوان، ئانیش گوێی لەدەنگی خاڵە دنیس بوو کەبەتەلەفۆن لەگەڵ نەخۆشەکان قسەی دەکرد. ئەو بەئارامی وەڵامی پرسیارەکانی ئەوانی دەدایەوە، زۆربەی کات لەکۆتایی گفتوگۆیدا دەیگوت: «من بۆئەم کارە لێرەم.» ئەو قسە دەبووە هۆی

لووتبەرزییەکی کاتی، ئەو پیاوێکی باش و بەڕێز بوو، کەم کەم و زۆرتر ئەویان ستایش دەکرد، ماوەیەک بوو شتێک زەینی ئانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، من بۆئەم کارە لێرەم.

عەسرێک ئانی لە قاڵدرمەکان هاتە خوارەوە و بۆ چێشتخانە ڕۆیشت، خاڵە دنیس سەرقاڵی سەیرکردنی یاری تۆپی پێ بوو لە تەلەفزیۆنێکی بچوک.

دنیس بە بینینی ئانی تەلەفزیۆنی کوژاندەوە و وتی: «سڵاو.»

ئانی وتی: «دەتوانم پرسیارێک پرسم؟»

« بێگومان.»

« بوون بە پەرستیار کارێکی قورسە؟»

***

لوراین دەستەکانی پێکەوە لکاند و وەکو پیاڵەیەک بردیە ناو ڕووباری شینی دونیای دوای مەرگ و دوایی دەریهێنا و سەیری ڕژانی ئاو لەنێو پەنجەکانی کرد.

ئانی پرسی: « ئێرە بەهەشتی تۆیە؟»

« بەڕای تۆ جوان نییە؟ دوای ئەو ژیانە پڕ لە ژاوەژاوە، پێویستم بە ئارامی هەبوو، لێرە ئارامییەکم هەیە کە هیچ کات لەسەر زەوی ئەزمونم نەکرد بوو.»

« لەم ماوەدا چاوەڕوانی من بووی؟»

« چ کاتێک دەتوانێت لە نێوان دایک و کچەکەیدا بوونی هەبێت، هیچ کاتێک ئەو زەمەنە زۆر نییە، هیچ کات ناتوانێت تەواو بێت.»

« دایکە؟»

« بەڵێ؟»

« ئێمە خەباتێکی زۆرمان کردووە.»

« دەزانم». ئەو دەستی چەپی ئانی گرت و کردیە نێو ئاوەکەوە.

« ئایا ئەمە، هەموو ئەو شتەیە کە لەبیرتە؟»

ئانی هەستیکرد پەنجەکانی کەوتوونەتە سەر ئاو و زەینیشی حاڵەتێکی وەهای پەیدا کردبوو، ئانی وێنەگەلێک لە سەردەمی منداڵی خۆی لەڕەنگدانەوەی ڕووبەڕی ئاوەکە دەبینێ، دایکی شەوشادی پێدەگوت و ئەوی ماچ دەکرد، بوکەڵەیەکی نوێ کە تازە کڕیبووی لەنێو پاکەتەکەی دەریدەهێنا، خامەی دەماڵی بەسەر پنکێک، ئانی لەسەر یەکەمین پاسکیلی سوار دەکرد. خەریک بوو کراسێکی دڕاوی پینە دەکرد، پێکەوە کەڵکیان لە سوراوێک وەردەگرت، ڕادیۆکەی پێدەکرد بۆ ئەوەی ئانی گوێ لەو کەناڵە بگرێت کە پێی خۆش بوو، وەکو ئەوە بوو میچی ژوورێکیان هەڵگرتبێت و دەیتوانی هەموو بیرەوەرییەکانی پێکەوە ببینێت.

بەهێواشی وتی: « بۆچی من پێشتر هەستم پێ نەکردبوو؟»

لەبەرئەوەی ئەوەندە گرنگی بەبرینەکانی خۆمان دەدەین، بایەخی تەندروستی نازانین.

لوراین وتی: «ڕۆژێک کەبریندرا بووین بەتەواوی لەبیرمانە، بەڵام ئایا لەبیرمانە ئەو برینە کەی سارێژ بوو؟»

« لەو ڕۆژەوە کە لەو نەخۆشخانە هۆشت هاتەوە، ڕەفتاری من لەگەڵ تۆ گۆڕا و تۆش گۆڕای، ناوچاوترشاو و توورە بووی. زوو توورە دەبووی، بەردەوام شەڕت لەگەڵ دەکردم، ڕقت لەسنوورەکانی من بوو، بەڵام ئەمە هۆکاری سەرەکی توورەبوونی تۆ نەبوو، وایە؟»

لوراین دەستی بردە خوارەوەتر و پەنجەکانی ئانی بە دەستی گرت.

« ناتەوێت دوایین نهێنیت ئاشکرا بکەی؟ دەکرێت پێم بڵێیت هۆکاری ڕقی تۆ دوای ڕووداوی ئەو ڕۆژەی ناو شاری یاری

"روبی پایر"چی بوو؟»

قورگی ئانی گیرا، دەنگی زۆرتر هاوشێوەی پتەپت بوو.

« لەبەرئەوەی تۆ لەوێ نەبووی ڕزگارم بکەی.»

لوراین چاوەکانی داخست. « بەڵێ تۆ لەسەر حەقی، لێت دەپاڕێمەوە لێم خۆش بی.»

« دایکە.»

« بەڵێ؟»

« پێویستت بەوە نییە ئەو قسە لەمن ببیستی.»

لوراین بە دەنگێکی نەرم وتی: « نەخێر، پێویستم نییە، بەڵام بۆ تۆ پێویستە.»

دیسان ئانی گریایەوە، فرمێسکەکانی بەهۆی سەبوری دڵی بوو، لەبەرئەوەی هەندێ نهێنی باسکردبوو، کە چەندین ساڵ دڵی قورس دەکرد، ئێستا ئەو دەیزانی لوراین چ پێش لە ڕووداوی "روبی پایر"و چ دوای ئەو ڕۆژە، چ لە خۆبردوویییەکی ئەنجام داوە، هاوسەرگیری خۆی تێک دا، ماڵ، برادەران، ڕابردوو و ئاواتەکانی پشتگوێ خست و ئانی کردە تەنها بابەتی خۆی، ئانی بیری لەڕێوڕەسمی ناشتنی هەژارانەی دایکی و ئەوەی کەبەشێکی گەورە لەژیانی دایکی بۆ پەروەردەکردنی ئەو تەرخان کرابوو، دەکردەوە.

« بەڵێ بەڵێ دایکە، من لێت خۆش دەبم، بێگومان لێت خۆش دەبم، من نەمدەزانی خۆشم دەوێیت.» لوراین دەستەکانی لەسەر یەکتر دانا. « لێم خۆش دەبی؟»

« لێت خۆش دەبم.»

لوراین بە پێکەنینێک لەسەر لێوی بوو وتی: « ئەمە ئەو شتە بوو کە دەمویست فێرت بکەم.»

***

بەبیستنی ئەم قسە، لوراین بەرەو سەرەوە ڕۆشت و بۆ ساتێک لە سەر سەری ئانی ڕاوەستا، بۆ دواپین جار دەستی هێنا بەسەر چەناگەی کچەکەیدا و دیسان بۆ ئاسمان گەڕایەوە، جارێکی دیکە دەموچاوی گومەزی ئاسمانی لە خۆگرت.

« مەلائیکەی من، کاتی ڕۆشتنە.»

« نا! دایکە!»

« دەبێ کۆتایی بە ناکۆکی بێنی و ئاشتی بکەیتەوە.»

« ئێمە پێکەوە ئاشت بووینەوە.»

« کەسێکی دیکەش هەیە.»

پێش ئەوەی ئانی وەڵامێک بداتەوە، ڕووبارەکە خێراتر بوو و لە ناکاو لێزمەیەکی باران دایکرد، ئانی بەرەو لایەک ڕاکێشرا. لێزمەی باران ببووە هۆی ئەوەی بەسەختی بتوانێت دەوروبەری خۆی ببینێت، لەناکاو هەستیکرد شتێک دای لە پشتوێنەی. بەرمیلێکی گەورەی دارین پاڵی بەوەوە دەنا، سەری بەرمیلی چەماندەوە و خۆی خستە ناویەوە، دیوارەکەی ناوەوەی بەرمیلەکە بەمادەیەکی قاوەیی ڕەنگ داپۆشرابوو، لە دەوروبەری ژمارەیەک سەرینی بچوکیان دانابوو، ئانی وا مەزەندەی کرد ئەم سەرینە کۆنانە هی ئەو ژنە هاوناوەی ئەون کەبۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ لە تاڤگەی نیاگارا پەڕیەوە، ئانی شوێنی خۆی پتەو کرد و دانیشت، لەژێر خۆیدا هەستی بە ئاوی ڕووبارەکە دەکرد.

لەناکاو بەرمیلەکە تەکانێکی خوارد و کەوتەڕێ.

گوێی لەدەنگی زریان و بەریەککەوتنی ئاو و بەردەکان بوو، کەم کەم بەرزتر و تۆقێنەرتر دەبوو، هەستێکی لا دروست دەبوو کە لەبەهەشت ئەزموونی نەکردبوو، هەستکردن بەترسی ڕەها، بەرمیل ڕۆیشتە ناو تاڤگەیەکی گەورەوە، بەڕادەیەک دەنگەکە

بەرز بوو کەهەستدەکەی دەنگی خودی خوا لەوێدا دەپێچایەوە، لەساتێکدا، ئانی هەستی کرد ژێر پێی بەتاڵ بوو و بۆ ماوەیەکی دووردوودرێژ لەحاڵی کەوتنەخوارەوەی ئازادا بوو، ئەو نەیدەتوانی هیچ کارێک ئەنجام بدات.

بەهەمان-شێوە جەستەی پاڵ دەدا بە دیواری بەرمیلەوە، سەیرێکی سەرەوەی کرد و لەناو دڵۆپەکانی ئاودا دەموچاوی دایکی بینی کە بەسەیرکردنی بۆ خوارەوە، وشەیەکی لەبەر خۆیەوە دەوت:» ئازایەتی.»

یەکشەممە، دەمژمێر ٢:١٤ی دوای نیوەڕۆ

تالبرێت لەلای ئەفسەری پۆلیس دوور کەوتەوە، خۆی گەیاندە لای ئۆتۆمبێلی پۆلیس و ڕشایەوە.

کەمێک پێشتر دیمەنێکی دڵتەزێنی بینیبوو، کە هەتا کۆتایی تەمەنی نەیدەتوانی لەبیری بکات، لەو کێڵگە گەورەدا، چەندین شوێنی سووتان دەبیندرا، لەناوەڕاستی کێڵگەکە سەبەتەیەکی باڵۆن کەوتبووە خوارەوە کە بەتەواوی سووتابوو، تەنها چەند پارچە گوریسێک لەباڵۆنی شکۆداری تالبرێت مابووەوە.

پیاوێک بە تی شێرتی زەردی مارکەی «Reebok» کە بۆ ڕاکردن بۆ ئەوێ هاتبوو، بینەری کەوتنەخوارەوەی باڵۆن بوو و ڕووداوەکەی بۆ هێزەکانی پۆلیس دەگێڕایەوە، باڵۆن دای لە شتێک لەنێوان ئەو دارانە و دوایی بەتەواوی گڕی گرت، باڵۆن هاتە خوارەوە و بەهەموو هێزی دای بەزەویدا، کەسێک لەسەبەتەی باڵۆن دابەزی، کەسێکی فڕێدایە دەرەوە و وا بیر دەکەمەوە کە دوایین کەس خۆی پەڕییە دەرەوە، دوایی هەموو شتێک سووتا.

پیاوێک کە بۆ ڕاکردن هاتبوو بەمۆبایلی، فیلمی دیمەنەکەی گرتبوو و تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کردبوو، هەر سێ گەشتیاری باڵۆن کە دوو پیاو و ژنێک بوون، گواسترانەوە بۆ نەخۆشخانەی زانکۆ، ئەو هەژانەی تووشی تالبرێت بوو تێکەڵ بە هەستی تووڕەیی بوو، نەیدەزانی ئەم دوو موشتەرییە لەکوێوە هاتبوون، زۆر زوو بوو، هێشتا هیچ کەسێک باڵۆنی نەگرتبوو، تێدی خەریکی چی بوو؟ من تەنها کاتژمێرێک لەوێدا نەبووم.

چەند جارێک لەپی دەستی هێنا بە دەموچاویدا و دیسان گەڕایەوە بۆلای هێزەکانی پۆلیس.

تالبرێت وتی: « ئەگەر کارێکتان بە من نییە، دەبێ سەرێک لە نەخۆشخانە بدەم.»

یەکێک لەپۆلیسەکان وتی: « من ئێوە دەگەیەنم.»

« زۆرباشە.»

تالبرێت سواری ئۆتۆمبێلی پۆلیس بوو و پاڵی دایەوە بەکوشنەکەوە، هێشتا بیری لەڕووداوی تۆقێنەری ئەمڕۆ دەکردەوە، غافڵ لەوەی کە خودی ئەویش ڕۆڵی لەودا هەبوو.



ئەزەلی بوونێکی دیکە

بەرمیلی داری هاتە سەر ئاوەکە و لەوێدا ڕۆچوو، ئانی خێرا خۆی دەرکێشا و خۆی لەقوڵایی دەریایەکی بەرفراوان بەڕەنگی سەوزی کاڵ بینییەوە، ئەوێ زیاتر لە گۆلی ژێر تاڤگە، هاوشێوەی زەریایەک بوو، قوڵەکانی وەکو سەوڵ تەکان دەدا، قژەکانی وەکو شاخ بە دەوروبەری تەکانیان دەخوارد، لەسەر سەری بازنەیەکی نورانی بینی هاوشێوەی بەشی گەورەی تەلسکۆپ بوو، بەرەو ئەوێ مەلەی کرد.

کاتێک گەیشتە سەر ئاوەکە، خێرا پێستی وشک بووەوە، ئاوەکان کشانەوە و خۆی لەکەناری زەریایەکی خۆڵەمێشی بەرفراوان بینیەوە، پانتۆڵێکی سێ چارەکی لەپێدا بوو و تی شێرتێکی سەوزی لەبەرکردبوو کەبەشی ناوەوەی نێوان جەستەی دادەپۆشی، ئاسمان شین بوو، ڕووناکی بێ کەموکوڕی بوو، ئەوە نوری خۆر نەبوو، بەڵکو هی ئەستێرەیەکی سپی بوو.

لەژێر پێی هەستی بەلمەکان دەکرد و شنەیەکی با لەدەموچاوی دەدا، کەمێک لەکەناری ڕێگاکە ڕۆشت هەتا ستوونی پردێکی گەورە بە تاوەرگەلێکی زێڕی، چەند بەشی قۆچی و گومەزی، هێڵی ئاسنی شەمەندەفەری داری و چەند شوێنی پەڕینی پەرەشوت لە بەرامبەری بەدەر کەوت.

ئانی لەلای شارێکی یاریی کۆن بوو، وەکو هەمان شاری یاری کەمنداڵ بوو و سەردانی ئەوێی دەکرد، بەبینینی ئەوە کەوتەوە یادی دایکی، لەئەنجامدا ئاشتیان کردبووەوە، هەستی دەکرد بارێکی قورسیان لەسەر شانی هەڵگرتووە، دوایی دایکی نەما، ڕۆیشتن بۆ بەهەشت و هاوڕێ بوون لەگەڵ پێنج کەس کە هەموویان تۆیان لەساتی گەیشتن بەسوکنایی تەنها بە جێهێشت، چ سوودێکی هەبوو؟

دایکی پێی گوتبوو دەبێ کۆتایی بەناکۆکی بێنی و ئاشتی بکەیتەوە، بۆچی؟ لەگەڵ کێ؟ ئانی تەنها دەیویست ئەم ڕووداوانە تەواو ببن، زۆر ماندوو بوو، بەشێوەیەک کەهەستت دەکرد ڕۆژێکی دوورودرێژ و سەختی تێپەڕاندووە، هەر کە دەیویست هەنگاوێک بنێت، لەنێو لمەکان پێی دەیدا لەشتێک، بەردێکی نیشانە هەبوو، شەپۆلی دەریا کە لێیدەدا دوو وشە لەسەر بەردەکە بەدەردەکەوت:

ئیدی

تەعمیرکار

دەنگێکی وشک و زبر وتی: « هێی منداڵ، دەتوانی لەسەر گۆڕی من ڕانەوەستی؟»



ئانی هەڵە دەکات

ئانی تەمەنی ببووە ٢٥ ساڵ و لە کلینکی نەخۆشخانەدا کاری دەکرد، خاڵە دنیس خەرجی زانکۆی پەرستاری دا و ئانی لەو پەڕی بێباوەڕی حەزی لەم بەشە دەکرد، ئەو هەمیشە وانەی زانستی باش بوو، بۆیە پزیشکی بۆ ئەو ئاسان بوو، بەڵام هیچ کات وا بیری نەدەکردەوە بتوانێت ڕۆژێک لەگەڵ نەخۆشەکان دلۆڤان و ئارام بێت، بەو نوکتانەی کە دەیانگێڕایەوە پێدەکەنی و بەوپەڕی دڵسۆزی گوێی بۆ سکاڵاکانی ئەوان ڕادەگرت، بەشێک لەم دڵسۆزییە ریشەی لە تەمەنی منداڵی ئەودا هەبوو، کە هەمیشە بە دووی بوونی میهرەبانی و نزیکایەتی لەگەڵ کەسانی دەوروبەرییەوە بوو، بەڵام هیچ کات ئەزموونی نەکردبوو، نەخۆشەکانی نەخۆشخانە بۆ چاودێری کردن، ڕەخساندنی ئارامی و تەنانەت ڕاوێژکردن پێیان خۆش بوو ئانی پەرستاری ئەوان بێت، ئانیش بەوپەڕی حەزەوە ئەوەی قبوڵ دەکرد.

سەرپەرشتیارەکەی ژنێکی قەڵەوی باشووری بوو بەناوی

بیاتریس، هەمیشە سوراوی سوری کاڵی لەلێوی دەدا و تەنانەت لە زستانیش بلوزی قۆڵ کورتی لەبەر دەکرد، ژنێکی قسەخۆش بوو، هەمیشە هەوڵی دەدا ستایشی ئانی بکات و پێیدا هەڵ بڵێت.

به ئانی دەگوت: « نەخۆشەکان متمانەیان بە تۆ هەیە، ئەمە زۆرباشە.»

ئانی بیاتریسی خۆش دەویست، هەندێ لەشەوان هەتا درەنگانێک نەدەخەوتن و لەچایخانەی نەخۆشخانە پێکەوە قسەیان دەکرد، لەیەکێک لەم شەوانەدا، بابەتی سەرکوتکردنی بیرەوەرییەکان لەنەستدا خرایە بەرباس، ئانی لە بیاتریسی پرسی ئایا متمانەی بەوە هەیە و بیاتریسی قسەکەی تەئید کرد.

بیاتریس وتی: «زۆربەی ئەو کارانەی مرۆڤەکان ئەنجامی دەدەن، لەبەر ئەو کێشانەیە کە لەبیریان نییە، ئەگەر بۆچوونی منت دەوێت، دەڵێم نیوەی خێڵەکانیش وەهان.»

ئانی بڕیاری دا ئاماژە بە زەربەی دەروونی تەمەنی منداڵی خۆی بدات.

« کاتێک تەمەنم هەشت ساڵان بوو، ڕووداوێک بۆ من ڕوویدا.»

« بەڕاستی؟»

« ڕووداوێک، ڕووداوێکی گەورە، ئەم برینە هی ئەو کاتەیە ماوەتەوە.»

برینی دەستی پیشانی بیاتریس دا.

« ئێستاش ئازارت دەدا؟»

« کاتێک هەوا سارد بێت و ئەگەر پەنجەکانم نەجووڵێنم.»

« مەبەستم ئەو ڕووداوەیە کە بۆت ڕوویدا.»

« بابەتەکە ئەمەیە، نازانم چی ڕوویداوە، ئەم بەشە لە یادگەی من سڕاوەتەوە.»

بیاتریش بۆ ساتێک بیری کردەوە. « من چەند کەس دەناسم کە دەتوانی لەو بارەیەوە لەگەڵیان قسە بکەی.»

« بەڵێ، بەڵام...» ئانی لێوی خۆی گەست.

« چی؟»

« بابەتی دیکەش بوونیان هەیە.»

« چ بابەتێک؟»

« بەڕای من کەسێک لەم ڕووداوەدا کوژراوە.»

چاوەکانی بیاتریس دەرپەڕین. « باشە، بابەتەکە سەرنجڕاکێشتر بوو.»

« ئەگەر لەگەڵ کەسێک قسەم کرد و...»

« لەوە دەترسی کە دەتەوێت کەشفی بکەی؟»

ئانی بە ئاماژەی سەر قسەکەی ئەو پەسەند کرد.

« ئازیزی دڵم، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە ئەم بەشە لە زەینی تۆ بە شاراوەیی ماوەتەوە.»

بیاتریس دەستی لەسەر برینی دەستی ئانی دانا.

« هەر کاتێک بۆ ئەو کارە ئامادە بووی، بێگومان بیرت دێتەوە.»

ئانی پێکەنی، بەڵام بیری لەوە دەکردەوە ڕەنگە بیاتریس لەوە بەدواوە بەشێوەیەکی دیکە بیر لەو بکاتەوە.



کەسی چوارەم کە ئانی لە بەهەشت دەیبینێت.

«بەڕاستی ئەمە گۆڕی منە».

ئانی سەری وەرگێڕا و پیرەمێردێکی قەڵەو و کورتەباڵای بینی کە لەکەنارەکە ڕاوەستابوو، دەستەکانی وەکو باڵی ماسی لە سەر سنگی دانابوو، یۆنیفۆرمێکی قاوەیی ڕەنگی نیوداشی لەبەردا بوو و کڵاوێکی کەتانی لەسەر دانابوو، هەمان ئەو پیاوەی کە لە ڕێوڕەسمی زەماوەندیدا بوو و زۆربەی کات ئەوی دەبینی.

پیرەمێرد وتی: «من لێرەدا مردم، باش، هەڵبەتە لەوێ لە پارک، هاوکارەکانم ئەم کێلەیان بۆ ڕۆژی لە دایکبوونم دروست کرد، هەمیشە ئەوان بەمێشک خشتی بانگیان دەکردم، لەبەر ئەوەیە ئەم خشتەیان داپێم.»

شانێکی هەڵتەکاند، قژێکی سپی هەبوو و گوێیەکانی گەورە بوو، لوتێکی پانی هەبوو کە ناوەڕاستەکەی بەرز ببووەوە، وەکو

ئەوەی کەچەندین جار شکابێ، چین و لۆچکەلێک لەکەناری چاوی هەتا گۆنای دروست ببوو، ئێستا ئەوانی بەرز کردبووەوە و پێکەنینێکی برادەرانە لە دەموچاویدا دەبیندرا.

بەڵام ئانی دەناسی، وتی: « سڵاو هاوڕێ.»

ئانی بەهێواشی وتی: « تۆ لە ڕێوڕەسمی زەماوەندی مندا بووی و دەستت بۆ من ڕادەوەشاند.»

« هیوادار بووم گەورەتر بی.»

« گەورەتر؟»

« بۆ ئەوەی لێرە بیت زۆر گەنجی.»

« ڕووداوێک ڕوویدا.»

سەیری ئەو لای کرد.

پیرەمێرد وتی: « دەتوانی بە من بڵێیت.»

« باڵۆنێک ئاگری گرت و من و هاوسەرەکەمی تێدا بووین.»

« دوایی؟»

« ئەو زیانێکی زۆری پێگەیشت، نەیدەتوانی هەناسە بدات.»

« تۆ چی؟»

« بۆ ئەوەی ڕزگاری بکەن، سی منیان دەرهێنا، بێگومان لە کاتی نەشتەرگەریی...»

پیرەمێرد برۆیەکی بەرز کردەوە.

« مردووی؟»

ئانی بەوتنی ئەو وشە لەرز دایدەگرت، وتی: «بەڵێ، نازانم هاوسەرەکەم چی بەسەر هاتووە، تەنها شتێکم لە بیرە کە لە ژووریی نەشتەرگەری بووم، پزیشکێک دەستێکی دا لە شانم و وتی: کەمێک دواتر دەتبینمەوە، وەکو ئەوە بوو بڕیاربێت چەند کاتژمێرێک دواتر بەئاگا بێمەوە، بەڵام هیچ کات خەبەرم

نەبووەوە.»

پیرەمێرد لە کاتێکدا چەناگەی خۆی دەماڵی، وتی: « ئیزن بدە بیری لێبکەمەوە.»

« ئەم ماوە کە لە بەهەشت دا بووی لە هەمووانت دەپرسی ئایا هاوسەرەکەم زیندووە؟ ئایا توانیم ڕزگاری بکەم؟»

« ئێوە چۆن دەزانن؟»

« لەبەر ئەوەی منیش یەکەمین جار کەهاتم بۆ ئێرە، پێنج کەسم بینی، لەهەموویان پرسیارێکی هاوشێوەم دەپرسی، لەبەر ئەوەی دوایین خولەکەکانی ژیانم لە دونیا بیر نایەتەوە، لەوانم دەپرسی: چی ڕوویدا؟ ئایا ژیانی ئەو کچە چکۆلانەم ڕزگار کرد؟ ئایا ژیانی من بە بێ قازانج کۆتایی هات؟»

ئانی وتی: « ڕاوەستە، کچی چکۆلانە؟»

پیرەمێرد چاوی بڕییە نێو چاوانی ئانی، ئانی هەستیدەکرد ناتوانێت ڕووی وەرگێڕێت، ئانی چاوی بڕییە پینەیەکی قوماش لە نزیکی دڵی کەلەسەر ئەو هەمان دوو وشەی سەر بەردەکە نووسرابوو.

ئانی وتی: «ئێدی... تەعمیرکار.»

پیرەمێرد وتی: « کچی چکۆلە.»

پیرەمێرد پەنجە گۆشتنەکانی بەرەو ئانی ڕاگرت و پەنجەکانی ئانی بە بێ ویستی خۆی بەرەو ئەو بەرز بووەوە، کاتێک دەستیان بە یەک گەیشت، هەستێکی ئاسایش و ئارامی لەدڵی ئانی دروست بوو کە هیچ کات پێشتر ئەزموونی نەکردبوو، وەکو جوجەڵەیەک کە لە ژێر باڵی دایکی خۆی دەشارێتەوە.

پیرەمێرد بە دەنگێکی هێواش وتی: « کێشەیەک نییە، هەموو شتێک ڕێکوپێک دەبێت.»

***

زۆربەی ئەو کەسانەی بەهۆی ڕووداوێکەوە هەتا سنووری مەرگ ڕۆیشتوون بەڵام زیندوو ماون، دەڵێن: «تێکڕای ژیانم وەکو فیلمێک لەبەرچاوم تێپەڕ بوو.» زانایان هەندێ خوێندنەوەیان لەبارەی ئەم دیاردەوە ئەنجام داوە و گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە کاتێک مێشک بەهۆی زەربەیەکی توند، تووشی کەمی ئۆکسیجین و کەمی خوێن دەبێت، بیرەوەرییە شاراوەکان لە زەین ئازاد دەکات.

زانیارییە زانستییەکان تەنها ئەوەندە پێشکەوتون، لەبەرئەوەی زانیاری لەدونیای دوای مردن لەبەردەستدا نییە، زانست توانای ئەوەی نییە ئەم شرۆڤە بکات کە ئەم تێپەڕبوونی بیرەوەرییانە لە زەین، لە حەقیقەتدا نیگایەکی کورت بەپشت پەردەکانی دونیای دیکەیە، لەو دونیایەدا، ژیانی ئێوە و ژیانی هەموو کەسێک کە پەیوەندی بە ئەوانە هەبووە، لە ژینگەیەکی هاوبەش دان، بۆیە بینینی بیرەوەرییەک وەکو هەمووی وایە، ئەو ڕۆژەی ئەو ڕووداوە بۆ ئانی ڕوویدا، واتە ئەو ساتەی ڕووبەڕووی گەورەترین مەترسی ژیانی خۆی بووەوە، ئێدی لە فەرمانبەرانی یەکەی تەعمیری شاری یاری روبی پایر، لە ساتێکدا بڕیارێکی ئازایانەی دا، بڕیاری دا لەسەر سەکۆی کەوتنە خوارەوەی ئازاد باز بدات و ئانی لە ژێر ڤاگۆنێک ڕزگار بکات کە دەکەوتە خوارەوە، ساتی پێش مردنی تێکڕای ئەو گفتوگۆیانەی کە بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵ ئەوانیتر هەیبوو، وەکو فیلمێک بە زەینیدا هاتەوە.

ئێستا لەبەهەشت کە ئەوان پەنجەی یەکیان گرتبوو، ئانیش دەیتوانی ئەو بیرەوەرییانە ببینێت.

***

ئیدی منداڵێک بوو کە لە ساڵەکانی ٢٠ لەنێو خێزانێکی هەژار لە دایک ببوو، درەوشانەوەیەک لەچاوەکانی دایکیدا دەبیندرا و باوکی هەمیشە مەست بوو و بەردەوام لەوی دەدا.

ئیدی لەتەمەنی قوتابخانەدابوو بینی خەریکە لەگەڵ کرێکارانی "روبی پایر"یاری تۆپ دەکات، لەدیمەنێکی دیکە ئیدی گەیشتبووە تەمەنی مێردمنداڵی و خەریک بوو لەبەر دەستی ئوستادەکەی کە باوکی بوو ئۆتۆمبێلەکانی شاریی یاری تەعمیر دەکرد، دوایی بینی ئیدی بەبێتاقەتی دانیشتوە و لەخەیاڵی خۆی بیر لەژیانێکی جیاواز دەکاتەوە، باوکی بینی کە دەیگووت: « چ کێشەیەکت هەیە؟ باشتر لەمە چیت دەوێت؟»

شەوێک ئیدی لەگەڵ خۆشەویستی ڕاستەقینەی بینی، کچێک بە کراسی زەرد کە ناوی مارگورایت بوو، ئەوان پێکەوە لە گروپێکی مۆسیقای گەورە سەمایان دەکرد، بینی شەڕ دەستی پێکردووە و پەیوەندی خۆشەویستی ئەوان کۆتایی هاتووە، لەبەرئەوەی ئیدی بۆ شەڕ ڕەوانەی فیلیپین کرا.

ئەو یەکەی کە ئیدی تێیدا بوو بەدیلی گرتیان و لە بەندیخانە ئەشکەنجەیان دەدا، بەکۆچی دوایی باوکی ئیدی ناچار بوو ئەرکی تەعمیرکردنی کەلوپەلی شاری یاری بەتەنهایی لەئەستۆ بگرێت، ئیدی دوای چەندین ساڵ هەوڵدان بۆ گۆڕینی ژیانی خۆی، غەمگین و خەمۆک دانیشتبوو، لەبەر خۆیەوە دەیووت: «من هیچ جیاوازییەکم لەگەڵ باوکم نییە، مرۆڤێکی بێسوودم کە هیچ کارێک ناکات.»

مارگورایتی بینی لەتەمەنی چل ساڵی بەهۆی مێشکەوە کۆچی دوایی کرد و ئیدی خەم و پەژارەیەکی زۆر دایگرت، ئیدی دەبینی هەوڵی دەدا خۆی بەکارێکەوە سەرقاڵ بکات و لەشوێنە

تاریکەکانی شاری یاری و لەژێر نافورەی ئاو کاری دەکرد بۆ ئەوەی کەسێک فرمێسکەکانی نەبینێت.

ئیدی تەمەنی گەیشتە شەست و هەفتا و هەشتا، بەڵام دیسان بەردەوام سەردانی گۆڕستانی دەکرد و گوڵی لەسەر گۆڕی مارگورایت دادەنا، دوایی بە تاکسی دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە و لەپێشەوە دادەنیشت بۆئەوەی هەست بەتەنهایی نەکات.

پاشان گەیشتنە دوایین ڕۆژی ژیانی ئیدی، ڕۆژی لەدایکبوونی هەشتا و سێ ساڵی ئیدی بوو، پەت و قولابی ڕاوەماسی کۆنترۆڵکرد، سەیری شەمەندەفەری وەحشەتی کرد، لەکەنارەکە لەسەر کورسییەک دانیشت و بەوایەری زەردی پاککردنەوەی دەمنە کەروێشکێکی دروستکرد و دایە دەستی کچێکەوە.

ناوی ئەم کچە ئانی بوو.

کچەکە بەدەنگێکی ناسک وتی: «سوپاس ئیدی.»

وێنەکە لەم دیمەنەدا ڕاوەستا.

ئیدی کە دەستی ئانی گرتبوو، وتی: « ئەمە دوایین شتێک بوو کە لەو دونیا بەمنت گووت.»

ئانی پرسی: «دوایی چی ڕوویدا؟»

ئیدی دەستی ئانی بەردا، وێنەکە سڕایەوە.

ئیدی وتی: « وەرە پێکەوە پیاسە بکەین».

***

ئاوی زەریا کشایەوە، بەشێوەیەک کەهەستت دەکرد دەیەوێت ڕێگا بۆ ئەوان بکاتەوە، تاکە ئەستێرەیەک کە لە ئاسماندا بوو ڕێگای ڕوون دەکردەوە، بۆ ئانی گێڕایەوە کە منیش لەگەڵ پێنج کەس بەتایبەت لەگەڵ کرێکارێکی شاری یاری بەپێستی شین، فەرماندەکەم لەسوپا و ڕوبی سەرەکی شاری یاری

"روبی پایر"بینی، کاتێک چاوپێکەوتنەکان تەواو بوو، شێوازی بیرکردنەوەی من لەبارەی ژیان بەتەواوی گۆڕا.

دوایی ئێدی لەبارەی ژیانی ئانی پرسی، بەوی وت زۆربەی کات بیرم لەوە دەکردەوە کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا چیت دەکرد، ئانی کە لەلای ئەو هەستی بەئارامی دەکرد، لەبارەی ئەم شتانەوە قسەی کرد، لەبارەی منداڵیی خۆی وتی و گێڕایەوە کە ژیانی ئەو دوای ڕووداوەکە بەتەواوی گۆڕا.

« چ شتێک گۆڕا؟»

« هەموو شتێک». دەستی پێشان دا: « یەکەمیان ئەمە بوو.»

ئێدی مەچەکی دەستی ئانی بەدەستی گۆشتنی خۆی گرت، بە وردی سەیری برینی دەستی ئانی کرد، بەڕای من هەوڵی دەدا لە وێنەیەکی بزربوو تێبگات.

ئانی وتی: «دوای ئەوە، هەموو شتێک بەپێچەوانەی خواستی من بوو، نەمدەتوانی لەگەڵ کەسێک ببمە برادەر، بەردەوام لەگەڵ دایکم شەڕم دەکرد، هاوسەرگیری یەکەمی من زۆر خراپ بوو. منداڵەکەم...»

ئێدی سەیرێکی ئەوی کرد.

« منداڵەکەم لەدەستدا، تووشی خەمۆکی بووم، ئێدی هەستم بە بەختەوەری نەکرد هەتا ئەوەی کەدیسان ڕۆژێک پائولۆم بینی، وا بیرم دەکردەوە ئەو چانسی ژیانی منە، ئەوم دەناسی، متمانەم پێ هەبوو، خۆشم دەویست.»

کەمێک ڕاوەستا. « خۆشم دەوێت.»

ئێدی مەچەکی ئانی بەردا، وا هەست ئەکرا بیر لەشتێک دەکاتەوە.

« پێت خۆش دەبوو دەستت وەکو سەرەتای لێبێتەوە؟ ئەگەر

دەکرا پێت خۆش بوو شتێکی وا ڕوووبدات؟»

ئانی چاوی بڕییە ناو چاوی ئیدی. «زۆر سەرسوڕهێنەرە کاتێک منداڵ بووم، پائولۆش هەمان پرسیاری لێ پرسیم.»

« تۆ چیت وت؟»

« شتێک کە ئێستا دەیڵێم، بێگومان دەمەوێت، چ کەسێک پێی خۆشە ئەم دۆخە تەحەموڵ بکات؟»

ئیدی زۆر ئارام سەری بە نیشانەی تەئید ڕاوەشاند، ئانی دڵنیا نەبوو ئیدی بەتەواوی لەگەڵ ئەو هاوڕا بێت.

ئانی پرسی: «هاوسەریشت لێرەیە؟»

« ئەو شوێنێکی لەگەشتکردن بۆ تۆ ئەم دونیایەدا نییە.»

« بەڵام لە بەهەشتی خۆت لەگەڵ ئەوی؟»

ئیدی پێکەنی. « بەبێ ئەو ئێرە بەهەشتی من نابێت.»

ئانی پێی خۆشبوو ئەویش لەبەرامبەردا پێبکەنێت، بەڵام بیستنی ئەم وتە حاڵی ئەوی خراپتر کرد، گەورەترین ئاواتی ئەو ئەمە بوو کە پائولۆ زیندوو بمێنێت و بە نەشتەگەرییەکە سییەکانی ڕزگاری بووبێت، بەڵام ئێستا لەژیانی دوای مردن تەنها بوو، ئایا پائولۆ لەدونیای بێ ئەو درێژەی بە ژیانی خۆی دەدا؟ ئایا کەسێکی دیکەی بینیوەتەوە؟ ئایا کاتێک پائولۆ دەمرد بەهەشتێکی دیکە هەڵدەبژێرێت کە ئانی لەوێدا نەبێت؟»

ئیدی وتی: «چییە، زۆر خۆشحاڵ ناتبینم.»

ئانی وتی: « تەنها... من هەموو شتێک تێک دەدەم، تەنانەت شتە باشەکانیش، تەنانەت شەوی زەماوەندیش، بۆچوونی من بوو کە لەسەر ڕێگا یارمەتی ئەو پیاوە بدەین، من ناچارم کرد سواری باڵۆن بین.»

سەری داخست. « من هەڵەی زۆرم کردووە.»

ئیدی سەیری تاقە ئەستێرەی ئاسمانی کرد.

« منیش پێشتر وا بیرم دەکردەوە.»

لەناکاو ڕۆژ بووە شەو، هەوا گەرم و شێدار بوو، دیمەنی زەریا بووە زەوییەکی وشک و بەیار، لەسەر تەپۆلکە وشکەکانی دەوروبەری ئەوان، ئاگری بچوک پێکرابوون و دەبیندران، ئانی هەستی دەکرد ژێر پێی ئەوان ئەستوورتر بووە.

ئانی پرسی: «چی ڕوودەدات؟»

ئیدی وتی: «هێشتا کاری ئێمە تەواو نەبووە.»



ئانی هەڵە دەکات

ئانی بیست و هەشت ساڵ تەمەنی بوو، هەشت ساڵ لەمردنی منداڵەکەی تێپەڕ ببوو، ئەمڕۆ ساڵیادی کۆچی منداڵەکەی بوو، ئانی کاتی کارەکەی گۆڕی بۆ لەبەیانیەوە بۆ دوای نیوەڕۆ بۆ ئەوەی بەیانی سەردانی گۆڕستان بکات، بەیانی سواری ئۆتۆمبیل بوو، دوای تێپەڕبوون لە ترافیکی زۆری سەرەتای بەیانی، گەیشتە گۆڕستان.

کەشوهەوا مژاوی .و شێدار بوو، کاتێک لەڕێگا دەڕۆیشت دەنگی زبری جووڵەی قورسی پێیەکانی دەبیست، کاتێک گەیشتنە شوێنی گۆڕەکە، پێیەکانی بەئارامی لەسەر چیمەنەکان دانا، وەکو ئەوە بوو نەیدەویست زیان بە شتێک بگەیەنێت، ناوی لارنسی هێنا و سەیری تەمەنی کورتی ئەو لەم دونیایەدا کرد کەلەسەر کێلەکەی هەڵکەندرابوو:

٤ فوریە - ٧ فوریە

وا هەست ئەکرا خەتی نێوان ئەوان، مەزەندەیەکی دروستتر لەتەمەنی ئەو بێت.

لەبەر خۆیەوە وتی: « خۆزگا دەمزانی باشتر لەوە دوعا بکەم، خۆزگا دەمزانی داوای چی لە خوا بکەم.»

بۆ یەک ملیۆن جار بەخۆی وت کەمن دایکێکی ڕاستەقینە نەبووم، هیچ کات داییم نەگۆڕی، هیچ کات شوشەی شیرم بە دەستەوە نەگرت و هیچ کات کوڕەکەم لەنێو جۆلانە ڕانەژەند بۆئەوەی بخەوێت، هەستی بەدەبەنگی و بێسوود بوون دەکرد.

لەڕێی گەڕانەوە بۆ نەخۆشخانە، ترافیکێکی قورس بوونی هەبوو، زۆر نیگەران بوو، دەستی بۆ جانتاکەی ڕاکێشا بۆ ئەوەی حەبێک بخوات، زۆربەی کات ئەم حەبانەی شەوان دەیخوارد، بەڵام بیری هاتەوە کەهێشتا دەبێ شەفتێک کار بکات و نەیدەویست لەم ماوەدا کێشەیەک دروست ببێت، هەروەها ڕۆژێکی وەها پێویستی بە سوکنایی دەروونی هەبوو.

کاتێک گەیشتە نەخۆشخانە، یەکێک لە پەرستارە هاوکارەکانی وتی: « بەڕاست چی ڕوویـداوە، تێری پەیوەندی کرد و وتی نەخۆشە و داوای مۆڵەتی کردووە.»

« واتە هیچ کەسێک لە شوێنی ئەو نییە؟»

« نەخێر، تەنها من و تۆین.»

ئانی شەش کاتژمێر کاری قەرەباڵغی هەبوو، ناچار بوو هاوکات چاودێری چەند ژوورێک بکات، تەنانەت نەیتوانی بۆ ساتێک دانیشێت، بەردەوام گڵۆپی بانگهێشت کردنی پەرستار داگیرسابوو، دوو پەرستار هەوڵیان دەدا بە نەخۆشەکان ڕابگەن، ئانی بەپێی ڕیزبەندی ژمارە سەردانی ژووری نەخۆشەکانی دەکرد، عەلاگەی دەرمانەکان کە بەناوی هەر یەک لەنەخۆشەکان لەزگەی لێدرابوو،

هەڵیدەگرت و بە وردبینییەکی تەواو بە نەخۆشەکانی دەدا.

کاتێک گەیشتە ژووری ژمارە ٢٠٩K/L، لە قەرەوێڵەی لای ڕاست پیرەمێردێکی لاواز خەوتبوو کە بۆرییەکی گەیاندنی خۆراکیان بەوەوە بەستبوو، ئانی ئامێری وردکردنی حەبی هەڵگرت، دەستی بردە نێو عەلاگەی دەرمانەکان، خەریک بوو دەرمانەکەی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بیدات لە سرنجەکە.

پیاوێک کە لەسەر قەرەوێڵەی لای دەستی بوو قیڕاندی: « پەرستار من پێوستم بە یارمەتییە.» ئەو پیاوێکی سەرڕوتاو و بە خۆوە بوو، ورگی گەورەی چەرچەفی بەرز کردبووەوە. « من لەسەر ئەم سەرینە ناتوانم ئیستراحەت بکەم.»

ئانی وتی: « ئێستا دێم.»

« من ناتوانم لەسەر ئەم سەرینە بخەوم.»

« کەمێک ڕاوەستن.»

« دەکرێت سەرینێکی دیکەم پێ بدەن؟»

ئانی سەرقاڵ بوو دەرمانی ورد دەکرد، ئاوی موقەتەری هەڵگرت بۆ ئەوەی دەرمانەکەی تێ بکات.

پیاوەکە بەردەوام ناڵەی دەکرد: «دەمەوێت بخەوم.»

ئانی هەناسەیەکی هەڵمژی، دەستی نا بە کلیلی بانگهێشت کردنی پەرستاردا، هیوادار بوو هاوکارێک بۆ یارمەتیدانی ئەو بێت، هەڵبەتە دەیزانی دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەردەوام چراکان پێدەکران.

پیاوی کەتە وتی:» زووبە.»

« ئێستا دێم.»

« لەعنەتت لێ بێ! ئەو پیاوە دەتوانێت ڕاوەستێت! ئەو بێهۆشە!»

ئانی کەمێک بەهۆی دەنگی ئەو پیاوەوە لەرز دایگرت و کەمێکیش بەهۆی دەرمانی ئارامبەخش کەخواردبووی، هەستی بە سست بوون دەکرد، دەستێکی هێنا بەناوچاوانیدا و برۆکانی بەیەکتر نزیک کردەوە، بەشێوەیەک کەدەیویست سەرئێشەکەی چاک بکات، حەبی وردکراوی کردە نێو ئاوەکە و دوایی کردیە ناو سرنجەکەوە.

پیاوەکە بەردەوام ناڵەی دەکرد: «ملم وشک بووە.»

ئانی سرنجی کردە ناو سوندەکەوە؟ دەرگاکەی بەهەموو هێزی داخست و زامنی جووڵاند بۆ ئەوەی دەرمانەکە بڕواتە نێو جەستەی نەخۆشەکەوە.

« پەرستار! زووبە!»

تێکڕای ئەو ماوە ئانی هەوڵی دەدا چاوی نەکەوێتە ناو چاوی ئەو پیاوە و تەنها سەیری لەزگەی پزیشکی سەر عەلاگەکەی دەکرد، چەندجارێک پشت سەر یەک چاوی تروکاند، هەڵەیەک ڕوویدابوو، بەرواری سەر عەلاگەی دەرمانەکە، بەرواری ئەمڕۆ نەبوو، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ ساڵیادی کوڕەکەی واتە خراپترین ڕووداوی ژیانی بوو، بەباشی بەروارەکەی دەزانی کە حەوتەمی فوریەیە. لەزگەی بەرواری سەر دەرمانەکە هی ٣ی فوریە بوو، لەهەمانکاتدا کە زامنی دەکردەوە، مێشکی یەکانگیری شیکردنەوەی بابەتەکە بوو، چوار ڕۆژ، لەم چوار ڕۆژەدا چ شتێک دەگۆڕا؟ چاوی کەوتە سەر نیشانەی ER ی سەر لەزگەکە کە بەمانای کاریگەریی درێژخایەن بوو، ئەم جۆرە حەبانە دەخورێن و نابێت ئەوان ورد بکرێن، بەڵام ئەم پیاوە نەیدەتوانی شتێک قوت بدات، ڕەنگە ئەو کاتەی ئەم دەرمانەیان دەنووسی، توانیویەتی.

سرنجی لە سوندەکە دەرهێنا.

« لەعنەتت لێ بێت پەرستار ئەم سەرینە...»

« خەفە بە، دەمت داخە!»

ئانی ئەو وشانەی کە بەدەنگی بەرز گوتبوو، نەیدەبیست، زەینی تەنها دەرگیری ئەو کارە بوو کە کەمێک پێشتر دەیویست ئەنجامی بدات، لیدانی دەرمانی ئازارشکێنی درێژخایەن، واتە هەموو دەرمانەکە لەساتێکدا بەنەخۆش درابوو، دەرمانێک کە دەبێ لەماوەی دوانزە کاتژمێر بەنەخۆش بدرێت، ئەگەری ئەوە هەبوو زیانێکی جدی بەم نەخۆشەی لەحاڵی خەودا گەیشتبێت، ئەگەری ئەوە هەبوو تەنانەت ئەوی کوشتبێت.

پیاوی قەڵەو قیڕاندی: « بۆت نییە بەم جۆرە لەگەڵ نەخۆش قسە بکەی، ڕاپۆرتت دەدەم، دڵنیابە کارێک دەکەم...»

ئانی قسەکانی ئەوی نەدەبیست، دەنگی هەناسەکان گوێی پڕ کردبوو، هەستی دەکرد دڵی دەیەوێت لەسنگی بێتەدەرەوە. سرنج و عەلاگەی بەکارهێنراوی هەڵگرت، بەرەو ڕاڕەو ڕایکرد و ئەوانی خستە نێو تەنەکەی خۆڵەوە، وەکو ئەوەی تاوانبارێک دەیویست ئامرازی تاوانی بشارێتەوە.

دوو هەفتە مۆڵەتی وەرگرت، کاتێک گەڕایەوە بەڵێنی بەخۆی دا زۆرتر ئاگای لەنەخۆشەکان بێت، نابێت شتێک هەستم بۆ لای خۆی راکێشت، نابێت کێشەی شەخسی تێکەڵ بەکار بکەم، ئانی، کارێکی دروست ئەنجام بدە، تەنها کارێکی دروست ئەنجام بدە.



وانەی چوارەم

لەناکاو ئانی هەستیکرد لەسەر زەوییەکی تەڕ و قوڕاوی ڕاوەستاوە، لەسەر تەپۆلکەیەک بەرمیلە نەوتەکان دەبیندرا و لە هەموو شوێنێک کولیتگەلێگ لە جۆری بامبۆ دەبیندرا کە ئاگریان گرتبوو.

« ئێرە کوێیە؟»

« شەڕ؟»

« کەی و لە کوێ؟»

ئێدی هەناسەیەکی هەڵمژی. « شەڕ لەهەموو شوێنێک و لەهەموو کاتێک وەکو یەکە.»هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا. « ئێرە فلیپینە، شەڕی دووەمی جیهانی.»

« ئێوە بەند کرابوون؟»

« بەڵێ.»

« هەڵهاتن.»

« لەدواییدا بەڵێ.»

کاتێک دەستی منتان گرتبوو ئەم دیمەنەم بینی، ئێوە ئەم کولیتانەتان ئاگر تێبەردا.

ئیدی وتی: « بەڵێ وایە، کاریی من بوو.»

بەئارامی پێی کردە ناو قوڕاوەکە و ڕۆیشتە پێش و لەناو قوڕاوەکە ئاگرپێکەرەوەیەکی سەرەتای بینیەوە؟ سوندەیەکی درێژ بوو کە بەسترابوو بە دەبەیەکی بەنزینەوە.

« کاتێک بە دیل گیرام، زۆر ترسابووم، خەریک بوو شێت دەبووم، کاتێک ئازاد کرام ترسم لە دەروونم دەرکرد، هەموومان ئەو کارەمان کردووە، هێرشمان کرد، کاولمان کرد، تێکڕای ئەم ناوچانەم کردە خاکی نەیکۆ، وا بیرم دەکردەوە ئەم کارەم پاساوی هەیە، ڕەنگە کارێکی ئازایانە بووبێت، بەڵام خەریک بووم کارێکی تۆقێنەرانەم دەکرد، شتێک کە تەنانەت هیچ کات بەبیرم نەدەهات.»

ئاماژەی بە یەکێک لە کۆلیتەکان دا، ئانی سێبەرێکی بینی کە بەخێرایی بەنێو شوڵەکانی ئاگردا تێپەڕبوو.

« ڕاوەستە... ئەوە مرۆڤێک بوو؟»

ئیدی سەری داخست، بە ڕای من نەیدەویست ئەو دیمەنە ببینێت، کەمێک دواتر کچێکی گەنج لەنێو شوڵەکانی ئاگر هاتەدەر، دەموچاو و قژی ڕەنگی زەرد و سوور بوو، ئاگری گرتبوو و شوڵەکانی ئاگر ئەویان دەسووتاند، بەرەو ئیدی هات، دەنگی جیزەجیزی ئاگر دەهات، دەموچاو و پێستی جەستەی بەشێوەیەکی تۆقێنەر سووتابوو، دەستی خستە ناو دەستی ئیدی.

ئیدی بەهێواشی وتی: «ناوی تالایە، کاتێک کولیتم ئاگر تێبەردا لەنێو کولیتەکەدا خۆی شاردبووەوە.

ئیدی چاوی بڕییە چاوەکانی ئانی.

« ئێستا ئەو بەبۆنەی منەوە لەبەهەشت دایە.»

ئانی هەنگاوێکی بۆ دواوە نا، ترسێک لەدەروونی دروست بوو، ڕەنگە لەبارەی ئەم پیرەمێردەوە هەڵەی کردبێت، ڕەنگە ئارامییەک کە لەکەناری ئەودا هەیبوو، شتێکی زیاتر لە فێڵێک نەبێت.

ئێدی وتی: « کارە هەڵەکان، ئەمە ئەو شتەیە دەمەوێت فێری تۆی بکەم، هەستدەکەی بەردەوام هەڵە دەکەی؟ هەست دەکەی ئێستاش هەڵە دەکەی.»

ئانی چاوی لەچاوی ئەو دزییەوە.

ئێدی وتیشی: «منیش پێشتر وا بیرم دەکردەوە، وا بیرم دەکردەوە تێکڕای ژیانی من هەڵەیەک بووە، بەردەوام ڕووداوی خراپ بۆ من ڕوویدەدا هەتا ئیتر هەوڵم نەدا.»

شانێکی هەڵقرچاند: « تەنانەت نەمدەزانی کام یەک لە هەڵەکانی من خراپتر لە هەموویانە.؟»

بەرەو لای کچەکە گەڕایەوە، دەستێکی هێنا بەقژی ئەودا.

« تالا لەنێو ئەو کولیتەدا خۆی شاردبووەوە، بەڵام دوای ئەوەی مردم لەم بابەتە ئاگادار بوومەوە، ئەو لەبەهەشت منی بینی، بە منی وت کەمن هۆکاری مردنی ئەو بووم.»

لێوی گەست.

« شتێکی نەمابوو ئەم هەواڵە جارێکی دیکە من بکوژێت.»

ئانی پرسی: «بۆچی ئەم بابەتە بەمن دەڵێیت؟»

ئێدی بەرەو لای ئانی پاڵی بە تالاوە نا، ئەوەندە نزیک بوو دەیتوانی تلۆقەکانی پێشتی سووتاوی ئەو ببینێت.

« سەرتاسەری تەمەنت دەرگیری ئەم بابەتە بوو، وایە؟ شتێک کە نەتدەتوانی بیرت بێتەوە، هەر شتێک بوو دەبووە هۆی ئەوەی هەستێکی خراپت لە ئاست خۆت هەبێت.»

ئانی بەشێوەیەکی نەرمونیان پرسی: « تۆ چۆن دەزانی؟»

« لەبەرئەوەی منیش سەرتاسەری تەمەنم دۆخێکی وەهام هەبوو، خۆم لەگەڵ ئەو شوێنەی تێیدا بووم بەنامۆ دەزانی، لە شاریی یاری "روبی پایر"گیرم کردبوو و بەشێوەیەک بوو کەهەستت دەکرد بڕیار نییە لەوێ بم، تەعمیرکردنی کەلوپەلی یاری؟ چ کەسێک دەتوانێت چێژ لەکارێکی پەستی وەها وەربگرێت؟ وا بیرم دەکردەوە هەڵەیەک ڕوویداوە.»

« دوایی مردم و تالا باسی کرد کە بۆچی لەوێدا بووم، بۆئەوەی ئاگام لەمنداڵەکان بێت، کارێک کەبۆ ئەوم نەکرد و بەمنی وت لەم ماوەدا لەشوێنێک بووم کەدەبوو ببم.»

ئیدی دەستی لەسەر شانی کچۆڵەکە دانا.

« تالا شتێکی دیکەیشی بەمن وت، وتەیەک کە بۆ هەمیشە ئازاری منی لەناو برد، ڕزگاریی من.»

مەگەر چی وت؟

ئیدی پێکەنی.

« کاتێک ویستم تۆ ڕزگار بکەم، مردووم.»

***

جەستەی ئانی کەوتە لەرزە، ئیدی دەستی گرت.

« زووبە، ئێستا دەتوانی ئەو ببینی.»

« ناتوانم.»

« بەڵێ دەتوانی.»

« لە بیرم نییە.»

« لە بیرتە.»

بەناڵەوە وتی: « نامەوێت ببینم.»

« دەزانم، بەڵام کاتیەتی.»

ئاسمان سوور بوو، ئانی هەستیکرد سەری بەرەو سەرەوە دەکێشرێت، بەشێوەیەک کەهەستی دەکرد کەسێک بەرەو سەرەوە تۆی رادەکێشێت، گەرابووەوە ئەو رۆژەی شاری یاری روبی پایر، عەرەبانەیەکی گەورەی بینی کە لەسەر سەکۆی کەوتنە خوارەوەی ئازاد لار ببووەوە، دەیبینی خەریک بوون سەرنشینەکانی ئەویان خێرا دادەبەزاند، دوایی بینی خەڵک ئاماژە بەشتێک دەدەن و لەترسان دەستیان گرتووە بەدەمیانەوە، ئیدی بینی کەخەریک بوو خەڵکی بۆ دواوە پاڵ پێوە دەنا، دەیقیڕاند و داوای لەخەڵک دەکرد لەرێ دوورکەونەوە، بینی خەڵک بەرەو ئەوێ دێن، دوایی خۆی بینی کە بەپێچەوانەی ئاراستەی هەموو خەڵک بەرەو سەکۆیەکی بەتاڵ دەڕوات، لەبەر خۆیەوە بە منەمن دەیگووت:

« ماما...ماما...ماما...»

ئیدی بینی کە بەشلەژاویی بەرەو ئەو ڕادەکات، دوایی ئاگۆنێکی ڕەشی گەورەی بینی کەخەریک بوو وەکو بۆمب دەهاتە خوارەوە، ئیدی بینی کە دەستی ڕاکێشابوو و بەرەو ئەو بازی دا، دەستە گەورەکانی ئیدی دای لەسنگی و ئەوی بەرەو دواوە فڕێ دا، ئانی لەسەر سەکۆ کەوتە خوارەوە، سەرەتا پشتی دای لەزەوی و دوای پشتی پێیەکان و پاژنەکانی دای لە زەوی، هەر ئەو ساتە کەخەریک بوو سەری بۆ دواوە دەڕۆیشت، چاوی کەوتە سەر تەرمی ئیدی کە کەوتبووە سەر زەوی.

ئاگۆنەکە وەک سیسرکێک ئەوی پان کردبووەوە.

دوایی شتێکی بچوکتر بەرەو ئانی هات، ئەوەندە خێرا بوو تەنانەت دەرفەتی چاوتروکانی بەو نەدا، ئەو شتە دای لە مەچەکی دەستی و ئانی بەدەنگی بەرز قیژاندی، چاوەکانی داخرابوو و وردەکارییەکانی ڕووداوەکە بەتەواوی سڕایەوە. هەستت دەکرد

ئەوە بۆمبە ئانی، ئیدی و تەنانەت خودی ئەو ڕۆژە تەقاندبووەوە.

***

ئانی کە هەستت دەکرد لەخەو هەستابوو، بەدەنگێکی گیراو وتی: ئای خوایە، کەوایە بەمشێوەیە بوو، ئێستا بیرم هاتەوە. ئێوە پاڵتان بە منەوە نا، ئێوە ژیانی منتان ڕزگار کرد، ئەو شتە دەستی منی بڕی و من بێهۆش بووم.

ئیدی وتی: « لێرە هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرایە.

ئانی زاری کرابووەوە و چاوەکانی بۆ ئەم لاولا دەڕۆیشتن، هەوڵی دەدا دیسان دیمەنەکە نوژەن بکاتەوە.

« بەڵام...»

دەستی ئەو لەدەستی ئیدی دەرهات، دەنگی هێواشتر بوو.

« کەوایە من تۆم کوشت.»

« ڤاگۆنێک منی کوشت.»

« تاوانی من بوو.»

« کێبلێک کێشەی هەبوو.»

من هۆکار بووم.»

« تۆ ئامادە نەبووی».

« بۆ چی؟»

« بۆ هەقیقەت.»

« کە تۆ مردووی؟»

« هەقیقەت زیاتر لەمەیە.»

ئیدی دەستی کرد بەڕۆشتن و لەو دوور کەوتەوە، پوتەکانی ئەو بەسەر زەوی نەرمدا دەکێشران. « کاتێک لە دونیاداین، وەڵامی پرسیاری « چ شتێک» دەزانین، بینینەوەی وەڵامی پرسیاری « بۆچی» کەمێک دەخایەنێت.»

ئانی وتی: «نەخێر، ئەم بابەتە بۆچی نەبوو، من تەنها لەشوێنێک بووم کەنەدەبوو لەوێ بم، هەمووان هەوڵیان دەدا بابەتەکە لەمن بشارنەوە، هیچ کەسێک پێمی نەدەگوت، بیرم نایەتەوە و دایکم ئەوی وەکو نهێنییەک لەمن دەشاردەوە.»

« ئەو دەیویست تۆ بپارێزێت.»

« پاراستن لەبەرامبەر چی؟»

« پاراستن لەبەرامبەر شتێک کەئێستا ئەنجامی دەدەی، واتە لۆمەکردنی خۆت.»

« کە لە دواناوەندی بووم، دەنگۆیەکەم بیست.»

« دوایی چی بوو؟»

ئانی کەمێک دوودڵ بوو.

« وام پیشاندا شتێک ڕوویـنـەداوە، قوتابخانەکەم گۆڕی، ڕاستتان دەوێت...»

ئانیشکەکانی پێکەوە لکاند و بۆ ناوەوەی برد.

« خۆشحاڵ بووم کە هیچم لەبیر نییە.»

نەیدەتوانی سەیری ناوچاوانی ئیدی بکات، « تۆ ژیانی خۆت کردە قوربانی بۆ ژیانی من، تۆ هەموو شتێکت پشتگوێ خست، من نەمدەتوانی ڕووبەڕووی حەقیقەت ببمەوە.»

ئانی کەوتە سەر زەوی و چۆکەکانی ڕۆچوونە ناو قوڕاو.

« بەڕاستی بە داخم، دەبوو بۆ ئەو لا ڕامکردبا، ئەوکات ئیدی پێویستی نەدەکرد من ڕزگار بکەی.»

ئیدی بەشێوەیەکی ئارام وەڵامی دایەوە: « ئانی، تۆ لەمەبەستی من تێناگەی، دەبوو من تۆم ڕزگار کردبا، ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی قەرەبووی ئەو ژیانە خراپە بکەمەوە کەهەمبوو.»

« ئەمە هەمان ڕزگار بوونە، ئەو هەڵەی کە ئەنجامی دەدەین،

دەرگایەکە بەرەو دروستی دەکرێنەوە.»

***

تالا دەستی ئیدی گرت و بەسەر دەموچاو و قۆڵی خۆیدا هێنای، تلۆقەکان و پێستی سووتاوی لەناوچوو، پێستی ساف و جوان بوو، تالا بەپێنج پەنجەی فشاری خستە سەر ورگی ئیدی.

« تالا کەسی پێنجەمی من بوو، تۆ کەسی دوای منی.»

ئانی وتی: « کەسی دوای تۆ؟»

کاتێک پێنج کەست بینی، خۆت دەبیتە یەکێک لەو پێنج کەسە بۆ کەسێکی دیکە، لەم دونیایەدا مرۆڤەکان بەمشێوەیە پەیوەندی پێکەوە پەیدا دەکەن.

ئانی سەری داخست. « کەسی سێیەم بەمنی وت دەبێ لەگەڵ ئێوە ئاشت ببمەوە.»

« کەسی سێیەم کێ بوو؟»

« دایکم.»

« بەڵێ، دایکت لەبارەی ئاشت بوونەوە لەسەر حەقە، بەڵام مەبەستی من نەبوو، تەنها کاتێک دەستت بە ئاشتی ڕادەگات کە لەگەڵ خۆت ئاشت بیتەوە، زۆر ئازارم کێشا هەتا ئەوە فێر بووم.»

ئیدی سەیرێکی تالای کرد.

« حەقیقەت ئەوەیە کەمن چەندین ساڵ بیرم کردەوە بۆئەوەی هەڵە نەکەم لەبەرئەوەی مرۆڤێکی بێسوود بووم، چەندین ساڵ کاری زۆر دەکەی و وا بیردەکەیتەوە کەهەموو ئەوان هەڵە بوون.»

ئەو هەناسەیەکی هەڵمژی. « هەردوو ئێمە هەڵەمان دەکرد.»

کەمێک بەرەو لای ئانی چەمایەوە و یارمەتی دا ڕاوەستێت.

« هێی کچی گیان؟»

ئانی سەری هەڵبڕی.

« مرۆڤی بێسوود مانای نییە، هیچ هەڵەیەک بوونی نییە.»

***

لەم ساتەدا دیسان دیمەنەکە لەناکاو گۆڕا، تاریکی دیمەنی شەڕ لە نێوچوو، تالا کە بەزمانی فلیپینی بە مانای ئەستێرە بوو، بۆ ئاسمان دەڕۆیشت و ئاسمانی شینی دەوروبەری ئەوانی رووناک کرد.

ئانیش هەستیکرد دەفڕێت و دوایی ئارام لەسەر کورسییەکی چەرخ و فەلەک دانیشت، کە بەسەر ئاسمانی شاری یاری روبی پایردا دەسووڕایەوە، ئانی سەیرێکی خوارەوەی کرد و لەدوورەوە خێوەت و کەلوپەلی یاری ڕەنگاوڕەنگی بینی، کاتێک چەرخ و فەلەک دەهاتە خوارەوە، چراکان لەسەر زەوی بریسکەیان دەهات، زۆرتر کە لەزەوی نزیک دەبووەوە، نورەکان تاریکتر دەبوون و منداڵەکانی دەبینی کە لەسەر کەلوپەلی یاری دانیشتوون و سەرگەرمی یارین، بە هەزاران منداڵ لەوێدا بوون.

ئیدی لەناوەڕاستی ئەوان قیراندی: «من سەرتاسەری تەمەنم لێرەدا کارم کرد، چاودێری ئامێرەکانم دەکرد بۆئەوەی منداڵەکانی تووشی مەترسی نەبن، لەڕاستیدا ئاگام لەمنداڵەکان بوو، بۆیە منداڵەکان بە سەلامەتی مانەوە، گەورە بوون و منداڵیان بوو، منداڵەکانی ئەوانیش ڕۆژێک بوونە باوک و دایک.

ئاماژەی بە دەموچاوی شادی منداڵەکان کرد و وتی: «بەهەشت ڕێگام پێدەدات هەموویان ببینم.»

کورسی ئانی گەیشتە سەر سەکۆکە.

« تێدەگەی چی دەڵێم؟»

ئانی وەلامی دایەوە: « دڵنیا نیم.»

ئیدی ڕووی لەولا کرد.

« لەبەرئەوەی من تۆم ڕزگار کرد، هەرچەندە بەم دەستەوە چەندین ساڵت بەسەختی تێپەڕ کرد، بەڵام دەبو تۆش گەورە ببای، لەبەرئەوەی دەبوو تۆش گەورە ببی...»

کاتێک ڕووی لە ئانی کردەوە، ئانی لەسەرسووڕمان لەشوێنی خۆی وشک هەڵگەڕا، ئیدی کوڕێکی منداڵی گرتبووە باوشەوە کە کڵاوێکی شینی بچوکی لەسەردا بوو.

ئانی بەهێواشی وتی: « لارنس؟»

ئیدی هاتە پێشەوە و کوڕی ئانی دایە باوشیەوە، لەچاو تروکانێکدا دیسان ئانی کامڵ بوو، منداڵەکەی لکاند بە سنگییەوە. باوەشێکی دایکانە کە ئەوی پڕ لەهەستێکی پەتی دەکرد، پێکەنی و دەستی کردە گریان، نەیدەتوانی ڕێگە لە گریانی بگرێت.

بە هەژانێکی تایبەتەوە دەیووت: «منداڵەکەم، منداڵی من، منداڵی من...»

پەنجەکانی پێی منداڵەکەی دەجووڵاند، ختوکەی پەنجەکانی دەستی دەدا، دڵۆپەکانی فرمێسکی دەکەوتە سەر گۆنای بچوکی منداڵەکە و منداڵەکە بەدەستی ئەوانی پاک دەکردەوە، چاوی منداڵەکە زۆر شاد بوون، ڕوون بوو، ئانی دەناسێت. کوڕەکەی هەبوو، شوێنی ئەو لێرە لەبەهەشتی ئەمن بوو، ئانی بەشێوەیەکی وەها هەستی بەئارامی دەکرد کە لەدونیای سەرزەوی هیچ کات شتێکی وەهای ئەزموون نەکردبوو.

بەدەنگێکی هێواش بە ئیدی وت: « سوپاس».

پێش ئەوەی ئیدی وەڵام بداتەوە، ئانی فڕی، بەخێراییەکی زۆر لەشاری یاری "روبی پایر"دوورکەوتەوە و بەرەو ئاسمان ڕۆشت، بەلای ئەستێرەی تالادا تێپەڕ بوو، ڕۆیشتە ناو فەزایەکی

ڕەشی دونیای دیکەوە، ئانی سەیرێکی خوارەوەی کرد بەڵام بینی کەدەستی بەتاڵە، ئەوەندە دڵی تەنگ بوو قیژاندی، لەدەروونی هەم هەستی بە پڕبوون و هەمیش هەستی بە بۆشایی دەکرد، ئەمە هەمان ئەو هەستەیە کە لەبوون و لەدەستدانی منداڵ هەیەتی.

یەکشەممە، کاتژمێر٣:٠٧ی دوای نیوەڕۆ

ئۆتۆمبێلی پۆلیس کە لەنەخۆشخانە نزیک بووەوە، تالبریت لە شوشەوە سەیری هەورە بەرزەکانی دەکرد، بەبێدەنگی لە دڵەوە دۆعای دەخوێند، دەیزانی ڕەنگە ئەمە دوایین ساتێک بێت کەدەتوانێت حەقیقەت بشارێتەوە، کاتێک بڕواتە نێو نەخۆشخانە، چی ببینێت شیاوی ئینکارکردن نییە.

ئۆتۆمبیل ڕاوەستا، هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی، دەرگای ئۆتۆمبێلی کردەوە، چاکەتی هەڵگرت و ڕۆیشتە دەرەوە، خەریک بوو لەگەڵ پۆلیسەکە دەرۆیشت، بەڵام هیچ یەکێکیان قسەیان نەدەکرد، لەدەرگای فریاکەوتن ڕۆیشتنە ناو نەخۆشخانەوە. کە لەشوێنی پێشوازی نزیک بوونەوە، تالبریت لەنێوان پەردەیەکەوە تیدی یارمەتیدەری بینی کە لەسەر لێواری قەرەوێڵەیەک دانیشتبوو، تیدی سەری داخستبوو و دوو دەستی لەسەر گوێیەکانی دانابوو.

بۆ ساتێک تالبریت هەناسەیەکی ئاسودەیی هەڵکێشا، ئەو زیندووە، خوایا شوکر بۆ تۆ، دوایی بەتەواوی تووڕە بوو و بەپەلە ڕۆیشتە پشت پەردەکەوە.

زاری تیدی شێوەی هێلکەی پەیدا کردبوو، دەلەرزی.

تیدی بە منەمن وتی» با، وایەری کارەبا، هەوڵم دا لێ تێپەڕ بم...»

« کەشوهەوات کۆنترۆڵ نەکردبوو؟»

« من...»

« کەشوهەوات کۆنتروڵ کردبوو یان نا؟»

« کەشوهەوا...»

« بۆچی فڕیت؟ ئەمانە کێ بوون، تیدی چیت کردووە؟»

پۆلیسەکە تالبرێتی کێشا دواوە و وتی: «هاوڕێ خۆت کۆنتروڵ بکە.» تیدی بە هەناسەبڕکێ دەستی کردە ناو گیرفانی و کارتێکی ڤیزیتی دەرهێنا.

بە دەنگێکی نووساو وتی: « ئەوان وتیان تۆ دەناسن.»

تالبرێت لەشوێنی خۆی وشک هەڵگەڕا، کارتی ڤیزیت لول کرابوو، بەڕای من باران لێیدابوو، ناوی تالبرێت بەدەستنووس لە پشت کارتەکە نووسرابوو.

« ببوورن، ئێوە خاوەنی باڵۆنن؟»

تالبرێت سەری بەرەو لای دەنگەکە وەرگێڕا، پۆلیسێکی دیکە لەبەرامبەری ڕاوەستابوو.

« دەبێ لێکۆڵینەوەیەک بکەین.»

تالبرێت تفی قوتدا: « بۆچی؟»

ئەفسەری پۆلیس، دەفتەرێکی یادداشتی کردەوە.

وتی: « لەم ڕووداوە کەسێک کوژراوە.»



دوایین ئەزەلی بوون

ئانی کەوتە سەر ڕووبەرێکی سارد و سەخت، هەستت دەکرد ڕۆحی بووەتە دوو نیوەوە، ماوەیەک پێش منداڵەکەی گرتبووە باوەشەوە، هەستی بەئارامی کردبوو، بۆ ساتێک وا بیری کردەوە کە ئارامی ئەزەلی بە دەستهێناوە، وا بیری دەکردەوە کە هەتا ئەزەل لەئاسمانی ئەستێرەبارانی شاری "روبی پایر"هاوڕێ لەگەڵ لارنسی کوڕی، ئیدی و منداڵەکانی دیکە کە ڕزگاری کردبوون، دەژی، ئەوێ دەبووە بەهەشتی ئەو.

ئێستا ئیتر لەو بەهەشتە هاتبووە دەرەوە و ڕوون بوو کە گەڕانەوەیەک لەئارادا نییە، زۆر غەمگین بوو و هەستی بە پوچی دەکرد، تەنانەت پێی خۆش نەبوو چاوەکانی بکاتەوە، کاتێک چاوەکانی کردەوە، هیچ ڕەنگێک لەئاسماندا نەدەجوولا. ڕەشی هەموو شوێنێکی گرتبووەوە، هەستت دەکرد هەوا ڕەش بووە.

لەکاتێکدا کە لەسەرپشت خەوتبوو، لەبەر خۆیەوە بیری

دەکردەوە: بۆچی درێژەی پێدەم؟ بارودۆخی ژیانی ئەو لەلایەن ئەو مرۆڤانەی کە بینیبووی، ڕوون ببووەوە و قوڵترین نهێنییەکانی ئاشکرا ببوو، ئەو پاساوانانەی کە ڕۆژێک بۆ پاراستنی بیرەوەری و نهێنییەکانی داینابوو، ڕۆیشتبوون.

ئێستا ئیتر ئاگاداری هەموو شتێک بوو کەهەتا ئێستا ڕوویدابوو، دەیزانی بۆچی ئەوانیتر ڕۆڵیان لەم هاوکێشەدا هەبوو، تەنها شتێک کە نەیدەزانی ئەوە بوو، ئەم ڕووداوانە چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە و لەهەمووی خراپتر ئەوەیە ئاگادار نەبوو ژیانی ئەو بە چ شێوەیەک کۆتایی هاتبوو، لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە: هەر ئەوەندە؟ تێکڕای فەلسەفەی بوونی ئەو ئەمە بوو؟ گوریسێکی پساو، پچڕان و بەهەڵواسراوی مانەوە؟

لە منداڵییەوە ئەویان فێر کردبوو مرۆڤ دوای مردن بۆ لای خوا دەڕوات و ئەو دونیا پڕە لەئاسایش و ئاشتی، ڕەنگە مەبەستی ئەم قسە کەسانێک بێت کە ڕاسپاردەی خۆیان ئەنجام داوە، ئەگەر بەسەرهاتی خۆت لەدونیای خاکی کۆتایی پێ نەهێنی، بەهەشت بە چ شێوەیەک دەتوانێت ئەو کارەت بۆ ئەنجام بدات؟

ئانی دەستی لەدەوروبەری لەشی جووڵاند، بەهۆی ئازاری زۆر دەموچاوی کرژ بوو، سەری دەیەشا، لە شانەکانی هەستی بە جۆرێک کوتران دەکرد و پشتی هاتبووە ئازار، ئەم ئازارە ئەوی خستەوە یادی کەوتنە خوارەوە لەباڵۆن، کاتێک لەپی دەستی لەسەر ڕانی دانا و زەختی خستە سەری، قوماشێکی نەرم لەجۆری سەتەنی لەژێر دەستی هەستپێکرد کەبۆ ئەو ئاشنا بوو. بەشەکانی خوارەوەی ئەو پانتر و چینیان هەبوو.

بەبێ ئەوەی پێویست بەسەیرکردن بکات، زانی جلی بوکێنی لەبەر دایە.

***

دەنگێک لەدەروونەوە پێ ووت: «هەستە، ئەم کارە تەواو بکە». ئانی بەهەستکردن بەلاوازی و سەرگێژی لەتاریکیدا هەستا. پێخاوس بوو، کراسەکە لکابوو بە لەشیەوە، سەیری خوارەوەی کرد، زەرەیەک نور لەناو رووبەری شەفاف دای لەچاوی. ئەستێرە بوون، سەرەتا چەند ئەستێرە بوون، دوایی هەزاران ئەستێرە و دوای کاکێشانێک ئەستێرەی بینی کەهەموویان لە ژێر پێیدا بوون.

هەنگاوێکی نا.

زەوی لەژێر پێی سووڕا.

ئانی ڕاوەستا.

زەویش ڕاوەستا.

هەنگاوێکی دیکەی نا و زەویش لەگەڵ ئەو جوولا، هەستت دەکرد لەسەر گۆیەکی گەورەی ڕێگا دەڕۆیشت، گۆیەکی گەورەی شوشەیی کە کۆی جیهان لەنێو ئەودا بوو، ڕەنگە ئەگەر کاتێکی دیکە بوایە، زۆر دەهەژا، بەلام ئێستا زۆر کەمتەرخەم بوو. بەبێ هەرجۆرە هەستێکی ئارامی و بەبێ ڕووناکی، ئارام بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت و هەواڵێک لەو ڕزگارییە نەبوو کەئیدی گەیاندبووە ڕووناکی.

کاتێک وا وێنای کرد کەئەمە چارەنووسی ئەزەلی ئەوە، بەلای ئەو کەلوپەلانەدا تێپەڕ بوو کەلەدەوری بلاو ببوونەوە، کورسییەکی چیمەنی بەڕەنگی بژ کە کەتبووە سەر قوڵەکانی، پایەیەکی مۆسیقا کە هەلگەڕابووەوە، جلێکی سپی کە لە نێوان دوو ستوونی کانزایی براببوون، هەستێکی نوێی لا دروست بوو، هەستێکی بەهێز کە بووە هۆی دڵتەنگ بوونی ئەو، هەستیکرد ئەوێ بەهەشتی کەسێکی دیکە نییە بەڵکوو زۆرتر پاشماوەی

جیهانی خاکی خۆیەتی.

لەسەر سەری خێوەتێکی بینی، لەژێر خێوەتەکە چەند ژن و پیاوێکی بینی کە قات و کراسی میوانییان لەبەردابوو و پشتیان لەو بوو.

ئانی بەدەنگی بەرز وتی: « سڵاو؟»

بێدەنگی.

« گوێتان لەدەنگی منە؟»

هیچ هەواڵێک نەبوو.

بەشێوەیەکی پاڕانەوە وتی: «کەسێک پێم بڵێت لەکوێم، کەسێک لەنێو ئێوەدا من دەناسێت؟»

ئەو مرۆڤانەی کە لەوێدا بوون بوونە تەپوتۆز و لەپشتی ئەوان پیاوێک بەقاتی ڕەسمی بەدەرکەوت، سەری هەڵبڕی، پائولۆ بوو، وتی: «بەڵێ من دەتناسم.»



پێنجەمین کەسێک کە ئانی لە بەهەشت بینی

عەشق کاتێک بۆ لای ئێوە دێت کە چاوەڕوان نین، خۆشەویستی کاتێک بۆ لای ئێوە دێت کەزۆرتر لەهەموو کاتێکی دیکە پێویستتان پێیەتی، عەشق کاتێک بۆ لای ئێوە دێت کەبۆ وەرگرتنی ئەو ئامادەن و ئێتر ناتوانن ڕەتی بکەنەوە، ئەمانە ئەو ڕستە باو و ئاسایانەن کە ڕاستییە جیاوازەکانی خۆشەویستی لەخۆ دەگرن، بەڵام حەقیقەتی خۆشەویستی بۆ ئانی بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ نزیکەی دە ساڵ ئەمە بوو، کە ئەو چاوەڕوانی هیچ شتێکی نەبوو و لەبەرامبەردا هیچی پێ نەبڕا.

دوای ئەوەی دایک و منداڵەکەی لەدەستدا، تا ڕادەیەک دووری لەهەموو مرۆڤەکان گرت و خۆی بەکارەکانی پەرستارییەوە سەرقاڵکرد، هەمیشە جۆرێک جلوبەرگی لەبەر دەکرد: یۆنیفۆرمی شین و پێڵاوی وەرزشی خۆڵەمێشی، هەموو ڕۆژێک بە شەقامێکدا

تێپەڕ دەبوو، هەموو ڕۆژێک کوپێک چای لە کافێ دەکڕی.

کەم کەم ئەو زیاتر گرنگی بەنەخۆشخانە دەدا.

ئەرکی کۆنترۆڵکردنی خشتەی باروودۆخی تەندروستی نەخۆشەکانی لەئەستۆ بوو، پزیشکی چارەسەری هەر نەخۆشێکی دەناسی، دووری دەگرت لەکارکردن لەبەشی منداڵان، لەبەرئەوەی بیرەوەری خراپی لای زیندوو دەکردەوە، بەڵام ڕەفتاری لەگەڵ بەساڵاچوان زۆر باش بوو، هانی ئەوانی دەدا قسە بکەن و ئەوانیش چێژیان لەگفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو وەردەگرت، بە دەگمەن بەشداری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دەکرد، پەیوەندی لەگەڵ هیچ پیاوێک نەبوو، قژە لولەکانی بە مەتاتێکی ڕەش لەپشت سەری کۆدەکردەوە، بڕیاری دابوو دڵی بەکوژاوەیی ڕابگرێت و ڕێگا نەدات هەستێکی تێدا دروست ببێت.

بەیانییەک کەخەریک بوو لەحەوشەی نەخۆشخانە بەرەو دەرگای ڕۆیشتنە ناوەوە دەڕۆیشت و تا ڕادەیەک شتێک لەچایی شیلەتێنی لەنێو کوپەکەدا نەمابوو، سەری هەڵبڕی هەستیکرد هەموو شتێک گۆڕاوە، پائولۆ لەسەر سەکۆیەک ڕاوەستابوو، پانتۆڵی لی شینی لەبەر کردبوو و خەریک بوو بزماری بەدارێکدا دادەکوتا، هەستت دەکرد ئەهرۆمێکیان لەقوڵایی دەروونییەوە ڕاکێشا، لەناکاو ڕەوتی خوێنی زۆر بوو و لەسەرتاسەری دەمارەکانی لەشی هەستی بە جووڵەیەک کرد.

لەبەر خۆیەوە وتی: «سەیری من مەکە، ئەگەر سەیرم نەکەی دەتوانم بەلاتدا تێپەڕبم بەشێوەیەک کەهیچ شتێک ڕوونەداوە».

پائولۆ بەدەنگی بەرز و بەگاڵتەوە وتی: «من تۆ دەناسم، تۆ ئانیت.»

ئانی دەستی چەپی لەپشتی شاردبووەوە.

« بەڵێ خۆمم.»

« قۆناغی قوتابخانە».

« قۆناغی قوتابخانە».

« من پائولۆم.»

« لە بیرمە.»

« قۆناغی قوتابخانە»

« قۆناغی قوتابخانە».

« وایی، ئانی.»

هەستیکرد پێستی دەموچاوی سوورهەڵگەڕاوە، نەیدەتوانی تێبگات بۆچی کوڕێک لەقۆناغی قوتابخانە دەبێ ئەوەندە کاریگەری لەسەر ئەو هەبووبێت، کاتێک پائولۆ وتی: «وای، ئانی». ئانیش لەبەر خۆیەوە هەمان فکری دەکردەوە، وای ئانی. کێشەکە چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەی نەدەزانی، بەڵام لەهەمان کاتدا خەریک بوو فێری وانەیەکی دیکە لەبارەی خۆشەویستی دەبوو: عەشق کاتێک بۆ لات دێت کە دێت.

ئەوەندە سادە.

***

پەیوەندی نێوان ئەوان خۆشەویستانە نەبوو، بەڵکو زۆرتر حاڵەتی دووبارەکردنەوەی یەکتر بینینی دوو برادەری کۆن بوو. ئەو شەوە و هەموو شەوەکانی ئەو هەفتەیە پێکەوە نانیان خوارد، پێکەنین و قسەیان کرد و لەبەرئەوەی منداڵی هاوبەشیان هەبوو، شتێک لەبارەی نامۆبوونی سەرەتای برادەرییەکەیان نەبوو.

پائولۆ ڕووداوێکی دەگێڕایەوە، کاتێک یەکێکی دیکە کۆتایی دەهات، ئانی لەکاتێکدا دەستی نابووە ژێر چەناگەی، دەیگووت: «دوایی چی بوو؟ لەوکاتەوە پائولۆ لەگەڵ خێزانەکەی بۆ ئیتالیا

ڕۆشتبوون، ڕووداوی سەرنجڕاکێشی لەگەڵ دانیشتوانی لادێ، ئەسپ سوارەکان و تیپێکی گەڕۆکی تۆپی پێ ئەزموون کردبوو، ساڵێک لەکوێستان ژیابوو کەدوایی بووە شوێنێکی مەترسیدار، ئانی هەستیدەکرد پائولۆ ئەم چیرۆکانەی ڕاگرتبوو کەتەنها بۆ ئەوی بگێڕێتەوە.

پائولۆ پرسی: « تۆ چ خەبەرت لایە؟ دایکت چۆنە؟»

« دایکم مردووە.»

« زۆر بەداخم.»

« سوپاس».

« ئانی من دایکتم خۆش دەویست.»

« بەڵام ئەو تۆی لەمن دوور دەخستەوە.»

« هەستی دایکانەی زۆر بوو، دەیویست ئاگای لەتۆ بێت.» شانێکی هەڵتەکاند و وتیشی: «بەم بۆنەوە ئەوم خۆش دەویست.»

شەوی یەکەم کەمێک باوەشیان بە یەکتردا کرد و وەکو دوو برادەری کۆن بەدەست دایان لەپشتی یەکتر، چەند شەوێک تێپەڕ ببوو، دوای خواردنی سپاگێتی بۆ نانی شەو، لەبەردەم ئۆتۆمبێل پائولۆ بەئارامی یەکتریان ماچ کرد، ئانی کەمێک بۆ دواوە کشایەوە، بەشێوەیەک کەیەکەمین جارە کەسێک ماچ دەکات، بە پائولۆی وت لەم ماوەدا تامی ئەو ماچەی دوایین ڕۆژی قوتابخانەم لەبیردا مابوو. «هەڵبەتە دەبێ بەشی ڕوودانـی ئـەم کارەساتەی لای دۆلابی لابدەین.» پائولۆش بەوی وت ئەو ڕۆژە هەستێکی خراپی هەبووە، ڕەفتاری منداڵەکان و ڕەفتاری خۆی ناڕەحەتی کردبوو.

ئانی وتی: « مگان سیحربازێکی شەڕانی بوو.»

« بـەڵام شێوەکاریی تۆ زۆر قەشەنگ بـوو، هێشتا ئەوت هەڵگرتووە؟»

« ئانی پێکەنی. « هەڵمگرتبێت؟»

« بەڵێ.»

« بۆچی؟»

« لەبەر ئەوەی دەمەوێت.»

« شێوەکاریەکەت دەوێت؟»

« هەڵبەتە ئەو شێوەکارییە بووە هۆی ئەوەی بزانم تۆ منت خۆش دەوێت.»

ئانی سەری داخست و دەستی کێشا بەسەر چۆکیدا.

بە شێوەیەکی نەرمونیان وتی: « تۆ ئاگات لەو بابەتە نەبوو.»

« بێگومان ئاگام لێ بوو، دەمزانی منت خۆش دەوێت.»

ئانی سەری هەڵبڕی و چاوی بڕییە نێو چاوانی پائولۆ. « گاڵتە دەکەی؟»

« نەخێر.»

« کەواتە بۆ ئەوکات هیچت نەگوت؟»

پائولۆ کە بزەپێکەنینی دەبووە پێکەنین، وتی: « ئانی من چواردە ساڵ تەمەنم بوو.»

***

بۆ ماوەیەک ژیانی ئەوان وەکو خۆشەویستی ڕاستەقینە پێکەوە گرێی خواردبوو، بەبێ ئەوەی کە پێویست بە وتنی قسەیەک بکرێت، دەیانزانی ژیانی ئەوان بەمشێوە دەڕواتە پێش.

ڕۆژێک لەکاتی ئیسراحەتی فەرمانبەران بۆ نانی نیوەڕۆ، ئانی خەریک بوو پیرەژنێک کە ناوی خاتوون ولیشک بوو بە عەرەبانە بۆ بەشی نوێی بەساڵاچووان دەبرد، ئەو خەڵکی نیویۆرک بوو و ماوەیەک بەسەر نەوەد ساڵی ئەو تێپەڕ ببوو، جەستەی زۆر لاواز بوو بەڵام ڕۆحیەتێکی باشی هەبوو، ئانی خۆش دەویست.

ئانی پرسی: «پێت چۆنە؟ ئێرە گەورەتر نییە لە شوێنی پێشوو...»

ڕاوەستە، کەمێک ئەولاتر پائولۆی بینی کە لەسەر چۆک دانیشتبوو و قاڵبی دەگرت، پائولۆ سەری هەڵبڕی.

« بەیانیت باش جوانکیلەکەم.»

خاتوو ولیشک وتی: « ئەو لەگەڵ من قسە ناکات.»

ئانی وتی: « چۆن دەزانی؟»

پائولۆ ڕاوەستا و لە کاتێکدا لەگەڵ خاتوو ولیشک دەستی دەدا پرسی: « بەڵێ چۆن دەزانن؟».

ئانی وتی: « خاتوو ولیشک، ئەوە پائولۆیە، ئێمە برادەرین.»

پائولۆ بە سەر ئاماژەیەکی بۆشوێنی نانخواردن کرد، بە نیشانەی ئەوەی کە چێشت ئامادەیە.

ئانی نیگایەکی کرد و چەند پارچە نان و بڕێک کالباسی بڕاوی بینی کە وا هەست ئەکرا کەسێک بۆی هێنابێ.

ئانی وتی: « ئەم خۆراکە بۆ ئێمە نییە.»

پائولۆ بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە قسەی ئانی دووبارە کردەوە: « ئەم خۆراکە بۆ ئێمە نییە.»

« خاتوو ولیشک، برسین؟»

کەمێک دواتر پائولۆ و ئانی سەرقاڵی دروستکردنی لەفە بوون.

ئانی بە پائولۆی وت : « ئەوەندە گەورە دروستی مەکە.»

خاتوو ولیشک وتی: « گوێ بە قسەی مەدە.»

پائولۆ وتی: « من هەمیشە گوێ بەقسەی ئەو دەدەم.»

لەوەڵامدا ئانی وتی: « لە قازانجیەتی گوێ بدات.» بەڵام کاتێک ئەم قسەی دەکرد، پێدەکەنی و بەگاڵتە ئانیشکی دا لە

لاکەلەی پائولۆ.

خاتوو ولیشک وتی: « کەواتە برادەرن، ئا؟ ئازیزم دەتەوێت کلاو لەسەر کێ بنێیت؟»

***

مانگێک دواتر کەلوپەلیان گواستەوە بۆ نێو خانوویەکی هاوبەش، ژیانی ڕۆژانەی ئەوان وەکو ڕەنگەکانی شێوەکاری کە تێکەڵ دەبن، پێکەوە گرپی خوارد، پێکەوە نانی بەیانییان دەخوارد، کەڵکیان لە فڵچەیەکی هاوبەشی ددان شوشتن وەردەگرت و ئادرەسی پۆستییان بووە یەکێک.

پاییز هات، بووە زستان، بەهار تێپەڕ بوو و لە دواییدا بووە هاوین، بەیانییەکی خۆرەتاو، پائولۆ پێش ئەوەی لە ماڵ بڕواتە دەرەوە، دەستێکی بە قژی ئانیدا هێنا و مەتاتەی سەری کردەوە، ئانی سەرێکی ڕاوەشاند بۆ ئەوەی قژە لولەکەی برژێتە سەر شانی، ئانی وتی: « باشتر بوو؟» پائولۆ وتی: « باشتر بوو.» دوایی لەبارەی زۆر شت پێکەوە قسەیان کرد.

لەوە بەدواوە هاوسەرگیری ڕەسمی ئەوان حاڵەتی فۆرمالیتەی هەبوو، بەڵام پائولۆ ڕۆحیەتێکی پڕ لە شادی هەبوو. چاوەڕوان بوو هەتا کاتێکی شیاو بێت، شەوێک کە هەموو شتێک ئامادە بوو، ئانی بردە سەربانی ئەو خانووەی کە تێیدا نیشتەجێ بوون، سەربان بە گڵۆپی بچوک ڕووناک کرابووەوە، مۆسیقای کلاسیک لە موکەبرەیەکی سپی و گەورە بڵاودەکرایەوە کە فەزایەکی عاشقانەی بەوێ دابوو، شتێکی گەورە لەوێدا بوو کە بە چەرچەف سەریان داپۆشیبوو، پائولۆ چەرچەفەکەی لادا و پەیکەرێکی سەرسووڕهێنەر لە ژێریدا دەرکەوت، دوو بۆقی گەورە لەجۆری هەویری کاغەز، پائولۆ ئەم پەیکەرانەی بە یادی ڕۆژی یەکەمی

ئاشناییان لە حەوشەی قوتابخانە دروست کردبوو، یەکێک بۆقەکان بۆینباخی بەستبوو و خەریک بوو بەسەر ئەویتردا باز دەدا، یادداشتێک بەسترابوو بە بۆینباخی بۆقەکەوە.

ئانی یادداشتەکەی هەڵگرت و خوێندییەوە:

هەنگاوێکی بچوک بۆ بۆق، بازێکی گەورە بۆ هەر دووکمان!

ئانی دەستی کرد بەپێکەنین، بەرەو پائولۆ گەڕایەوە، بینی ئەو پاکەتێکی ئەنگوستیلەی لەسەر دەستی ڕاگرتووە، ئانی تەنانەت چاوەڕوان نەبوو پائولۆ پرسیاری لێ بکات.

بە هەموو هەستی وتی: « بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ.»

***

ئانی بە هیواشی وتی: «نەخێر»

پائولۆ چەند جار چاوی تروکاند.

« نابێت تۆ لێرەدا بی.»

پائولۆ باوشی کردەوە.

« نامەوێت تۆ لێرەدا بیت.»

دەستی بەرەو لای گۆنای ئانی درێژ کردەوە.

« دەستم لێ مەدە، نابێت لێرە بیت، دەبێ تۆ زیندوو بیت، دەبێ تۆ زیندوو بیت.»

پەنجەکانی پائولۆ دایان لە پێستی ئانی، هەستت دەکرد بەم دەست لێدانە تێکڕای جەستەی توایەوە.

پائولۆ وتی: « ئانی سەیر بکە، نورە باکوورییەکان.»

لەژێر پێیان لە ڕووبەرێکی شوشەیی شەپۆلگەلێک ڕەنگی سەوز و سووریان بینی کەوەکو دووکەڵ لەنێو ئەستێرەکاندا جووڵەیان دەکرد.

دەزانی چ شتێک دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەم ڕەنگە نورییانە

؟

ئانی هەستی بەو فرمێسکانە کرد کە دەرژانە سەر گۆنای.

ئانی بەدەنگێکی لەرزۆک وەڵامی دایەوە: چەندین جار باست کردووە، ئەوانە ئەو وردیلانەن کە لە خۆر جیا دەبنەوە، ئەم وردیلانە لەرگای باکانی خۆرەوە بەرەو زەوی دێن، دوو ڕۆژ دەخایەنێت تادەگەنە زەوی، دوایی دێنە نێو جەوی زەوییەوە....

قورگی گیرابوو.

پائولۆ وتی: « لەسەرەوەی دونیا.»

« لەوشوێنەی کە ئێمە هەین.»

دەستێکی ڕاوەشاند و ئاپۆرەیەک لەڕەنگەکان لەئاسمانەوە لەژێر پێی ئەوان کەوتنە جووڵە، ئانی چاوی بڕیبووە هاوسەرەکەی، نیگای بەوشێوەیە بوو کەڕۆژی زەماوەند هەیبوو، بەڵام هێڵی چاوەکانی دیار نەبوو و تەنانەت هێڵی لێوەکانی نەدەبیندران، ئەو کەسێک بوو زیاتر لەهەر کەسێکی دیکە دەیویست بیبینێت، لەهەمان کاتدا ئەو کەسێک بوو کە کەمتر لە هەر کەسێکی دیکە دەیوویست لەوێدا بیبینێت.

ئانی وتی: « بۆچی؟ بۆچی تۆ لێرەی؟»

پائولۆ وتی: « باکان بشەنێن.»



وانەی پێنجەم

مردن و ژیان لەسەرەتای ژیانەوە هەبوون، بەڵام لەپرۆسەی ئەو گەشەی کردوومانە هێشتا نەمانتوانیوە مردن قبوڵ بکەین،

ئانی تێگەیشتبوو نەیتوانیوە گیانی پائولۆ ڕزگار بکات، بەبۆنەی هەموو ئەو شتانەی کە لەدەستی دابوو، هەستی بە خەمۆکی دەکرد، لە باوکیەوە بگرە هەتا دەستی زیان لێکەوتووی لە ڕووداوێک، هەتا خانوویەک لەناچار بوون بە جێی بهێڵن، هەتا برادەرانێک کە لەوان دابڕابوون، هەتا مردنی دایکی، مردنی منداڵەکەی، هەتا شەوی زەماوەند و هاوسەرەکەی کە ئێستا لە بەرامبەری بوو، ئەویش دوایین ئازیزێک بوو کە لەدەستی دەدا.

دیسان شکستی هێنابوو.

ئانی پرسی: « چەندە لێرەی؟»

« پێشتر بینیومە.»

« تێناگەم، واتە من دوای تۆ مردم؟»

« ئانی لێرە کات جیاوازە، چەند چرکە لەسەر زەوی دەتوانێت لەم دونیایەدا سەدەیەک بێت، زۆر هەژێنەرە، باشتر لە هەموو کتێبەکانی من لەبارەی فەزا.»

پائولۆ پێکەنی و ئانی هەستی کرد گۆشەی دەمی بەرز بووەوە، بەڵام دوایی هەستی کرد لە کوێن.

ئانی وتی: « نا... ئەم ویژدانانە نییە، تەنها شەوێک بەسەر هاوسەرگیری ئێمەدا تێپەڕ ببوو.»

« شەوێک دەتوانێت زۆر شت بگۆڕێت.»

ئانی سەیرێکی پائولۆی کرد، وەکو منداڵێک کە دەپاڕێتەوە. وتی: « تەواو نییە، پائولۆ من تێناگەم، بۆچی ناتوانین شاد بین؟ بۆچی هەر شتێکی باشمان هەبوو لەدەستمان دا؟»

پائولۆ بەوردی سەیری ئاسمانی ڕەشی کرد، هەرچەندە شتێک بوونی نەبوو، بەڵام هەستت دەکرد بەدوای شتێکدا دەگەڕێت.

پائولۆ وتی: «دوایین ڕۆژی قوتابخانەت لەبیرە؟ ڕاستی من بەدوای تۆدا ڕامدەکرد، تۆم لەنێو پارک بینی، لەسەر کورسی دانیشتبویت و دەگریای، نەمدەتوانی بێمە پێشەوە و لەگەڵت قسە بکەم، دەمزانی تۆم بێهیوا کردبوو.

ڕۆژیی دوایی ڕۆشتین و پانزە ساڵ ئەم بیرەوەرییە ئازاری دام، ئەوکاتە منداڵ بووین، هەستم دەکرد کەسێکی گرنگ و بایەخدارم لەدەست داوە، کاتێک گەڕامەوە بۆ ئەمریکا هیوادار بووم دیسان ڕۆژێک بتبینمەوە، دوایی ئەو ڕۆژە لەناکاو تۆم لە نێو نەخۆشخانە بینی، ئەو ڕۆژە تێگەیشتم ئەگەر بەڕاستی کەسێکت خۆش بوویت، دیسان ڕۆژێک پێی دەگەی.

ئانی چەمایەوە. « دیسان ئەوە لەدەست دەدەی.»

« ئانی ئێمە هەموو ڕۆژێک لەژیانی خۆمان شتێک لەدەست

دەدەین، هەندێ کات ئەو شتە بەڕادەی هەناسەیەک کە دەریدەدەین بچوکە و هەندێ کات ئەوەندە گەورەیە کەهەست دەکەی بەبێ ئەو زیندوو نابیت.»

پائولۆ دەستی چەپی ئانی گرت. « بەڵام تۆ زیندوو مای، وایە؟»

ئانی هەستی کرد خۆشەویستی لەدەمارەکانی کەوتە جووڵە، هاوسەرەکەی لەوێدا بوو، لانیکەم دەیتوانی لای ئەو بێت، و هێشتا....

ئانی وتی: « من دەمویست تۆ ڕزگار بکەم.»

« تۆ سیی خۆتت بە من دا.»

« دیسان تۆ مردی.»

« بەڵام ئەو کارەی تۆ کردت ناگۆڕێت.»

« تۆ چۆن دەتوانی ئەوەندە ئاسان لەگەڵ ئەم کێشەیە بگونجێیت؟ هەستێک کەمن هەمە ئەمەیە...»

« چ هەستێک؟»

ئانی بەدوای وشەی شیاودا دەگەڕا. « هەست کردن بە دڵشکان.»

پائولۆ ساتێک بیری کردەوە. «دەمەوێت شتێکت پیشان بدەم.»

دەستی کردە نێو گیرفانی قەمسەڵەکەی و کەروێشکێکی دەرهێنا کە لە وایەری پاککردنەوەی دەمنە دروستکرابوو.

ئانی وتی: « پێشتر ئەوەت بەمن دابوو.»

« سەیر بکە.»

لەناکاو کەروێشکەکە کرایەوە و بووە پێنج وایەری ساف، پائولۆ یەکێک لەوایەرەکانی هەڵگرت و وێنەیەکی سادە و دوو بەرزایی پێ دروستکرد.

« ئانی ئەمە ئەو دڵەیە پێی لەدایک دەبین، بچوک و بەتاڵە لەبەر ئەوەی هێشتا ڕووداوێکمان ئەزموون نەکردووە.»

ئەوەی خستە نێو لەپی دەستی ئانی.

« و ئەمە...»

پائولۆ چوار وایەری دیکەی هەڵگرت و دڵێکی گەورەتری بە هێڵی مورب لەبەشی دەرەوە دروستکرد.

« ئەمە دڵێکە کە بەو دەمرین، دەبینی؟ دوای ئەو مرۆڤانەی کەدڵمان بەوان خۆشە، دوای ئەو ئازیزانەی کە لەدەستیان دەدەین، گەورەتر دەبێت».

ئانی وتی: « بەڵام ئەم دڵە شکاوە.»

« بەڵێ.»

« هەر ئەمە دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەو.»

پائولۆ ئەو دڵەی خستە سەر سنگی ئانی و گوشاری دا.

« نەخێر، دەبێتە هۆی کامڵتر بوونی ئەو.»

لە ناکاو نورێکی جوان لە وایەرەکان بڵاوبووەوە و ئانی هەستی بە لێدانێک لە دەروونی خۆی کرد.

« پائولۆ چی ڕوودەدات؟»

« ئانی سوپاسی تۆ دەکەم، بۆ ساتێک توانیم لە جیاتی تۆ هەناسە بکێشم، زۆرباش بوو.»

« نا... ڕاوەسە..»

« دەبێ تۆ ئێستا بڕۆی.»

« دەمەوێت لەلای تۆ بم.»

« حاڵی من لێرەدا باشە، بەڵام ئێستا دەبێ تۆ زیندوو بیت.»

« زیندوو؟»

« ئانی تۆ جارێک لەمەرگ ڕزگارت بوو، قەرزداری دونیا

بووی بۆئەوەی گیانێک ڕزگار بکەی، بۆیە بوویتە پەرستار، بۆیە دەبێ بگەڕێی، بۆئەوەی کەسێکی دیکە ڕزگار بکەی.»

« نەخێر پائولۆ، لێت دەپاڕێمەوە.»

پائولۆ دەستی ئەوی ڕاکێشا، ئانی بینی کە بەشەکانی جەستەی لەبەرچاوان وون دەبن، سەرەتا پێیەکان و دەستەکانی، دوایی چۆک و ڕانەکانی، ورگ و سنگی، هەموو ئەو بەشانەی کە لەجیهانی دوای مردن بینیبوونەوە، لەبەر یەک هەڵوەشانەوە. هەستی کرد ژێر پێی توایەوە، دوو دەنگی جیاوازی بیست، هەستت دەکرد دوو ئاهەنگ پێکەوە پەخش دەکرێنەوە، پائولۆ بووە نورێک و لەنێو نورە باکوورییەکان لەبەرچاوان ون بوو، ئێستا تەنها دەموچاوی دەبیندرا، ئەوەندە گەورە ببوو کە دەکرا دەستی پێدا بێنی، پائولۆ ماچی ئانی کرد، ئانی بەو پەڕی بێهیوایی هەوڵی دەدا چاو لەسەر پائولۆ هەڵنەگرێت، بەڵام پێڵوەکانی وەکو پەردەیەکی سەنگین کەوتنە سەر یەکتر و هەموو شوێنێک تاریک بوو، دوایی هەستی بەدوو دەست لەسەر شانەکانی کرد کە هەوڵی دەدا ئەو لەجیهانی دیکە بۆ زەوی پاڵ پێوە بنێت.

دەیزانی کەئەو دەستانەش پێشتر لەوێدا بوون.

پائولۆ بەدەنگێکی هێواش وتی: « کەمێک دواتر دەتبینم.»

کاتێک چاوی کردەوە، گلۆپێک لەسەر سەری بوو، دەنگێکی میکانیکی خەفیف دەبیسترا، دەنگی خاتوونێکی بیست کە دەیگوت: « دکتۆر سەیر بکەن.»



کۆتایی

خێرا هەواڵی کەوتنە خوارەوەی باڵۆن لەهەموو شوێنێک بڵاو بووەوە و تەنانەت گەیشتە دوورترین شوێنەکانی جیهانیش، خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێنەکەلێکیان دادەنا و لەبارەی ناجێگیربوونی ژیان، بۆچوونی خۆیان دەردەبڕی.

چیرۆکی تازە زاوا و بووک و فڕۆکەوانی بێ ئەزموون و ڕزگارکردنی گیانی دوو کەس لە سێ سەرنشینی باڵۆن کەوتە سەر زاران، فڕۆکەوان باڵۆنی دابوو لەوایەری کارەبا و خۆی بە بەستن لەسەبەتەی باڵۆن ڕزگاری ببوو، بووکە گەنجەکە بەهۆی ئازایەتی شووەکەی کە ئەوی فڕێدابوو، ڕزگاری بوو، شووەکەشی بازی دابوو و بەپێچەوانەی ئەو زەربەی زۆری پێکەیشتبوو، چەند کاتژمێرێک زیندوو مایەوە کەچەند خولەکێک قەرزداری سی هاوسەرەکەی بوو، پیاوەکە لە ژووری نەشتەرگەری مردبوو و ژنەکەش بەهۆی نەشتەرگەری بێهۆش ببوو.

چەند کەس ئاگادار بوون کە دکتۆرەکان بۆ ماوەیەکی کورت ئانیشکیان لەدەست دابوو، ئانی بێهۆش ببوو و گرووپێکی پزیشکی پێکهاتوو لە خاڵە دنیس، توانیبوویان دیسان ئەو زیندوو بکەنەوە، کاتێک دیسان دڵی ئانی لێی دایەوە، دنیس ئەوەندە خۆشحاڵ بوو گریا.

« ئانی حاڵت باشە، تۆ چاک دەبیتەوە.»

بە زۆر پێکەنی و وتی: « تۆ ئێمەت ترساند.»

ئانی چاوێکی تروکاند.

بۆ یەکەمین جار لەژیانی هەستی بە هیچ ترسێک نەکردبوو.

***

ماوەیەک تێپەڕ بوو، وەکو ئەو دانانەی بەفر کەدەکەونە سەر زەوی، ژیانی ئەو کەسانەی کە لەم ڕووداوەدا ڕۆلیان هەبوو ئارامی پەیدا کرد.

تیدی بۆ ویلایەتێکی دیکە ڕۆیشت و بووە ئەندامی کلێسایەک، زۆربەی کات بۆ باسکردنی بابەتگەلێک لەبارەی چانس تەرخان دەکرد، تالبرێت، کارەکەی داخست و موڵکەکانی فرۆشت، پێنج مانگی خایاند هەتا دیسان جورئەتی دایەوە بەرخۆی بۆ ئەوەی نامەیەک بۆ بووکە بێوەژن بووەکە بنووسێت، هەفتەیەک دواتر وەڵامی نامەکەی وەرگرتەوە.

لەسەر داواکاری ئانی، تالبرێت بۆ ماڵی ئەو ڕۆیشت و کاتێک ئانی بە ورگی ئاوساوەوە دەرگای کردەوە، تالبرێت زۆر تووشی سەرسووڕمان بوو، ئەو زۆر دلۆڤانتر لەوە بوو چاوەڕوانی دەکرد و وا دەبیندرا کە بەپێچەوانەی ئەو ڕووداوانە زۆر ئارامە. تالبرێت هەمیشە بە ئانی دەگوت زۆر بەداخە و هەرچەندە بۆ ماوەیەکی کورت لەو ڕۆژە بارانییەدا پائولۆی بینیبوو، چەندە ئەوی خۆش

ویستووە، پێش ڕۆشتنی بە پاڕانەوە داوای لە ئانی کرد بەهۆی ئەو ڕووداوانەی کەبوونە هۆی مردنی هاوسەرەکەی لەو خۆش بێت، بەڵام ئانی پێداگیری دەکرد کە پێویست بەوە ناکات.

ئانی وتی: « بادەکان بشنێن.»

تالبرێت ڕۆیشت لە کاتێکدا هیچ ئاگای لە بایەکی دیکە نەبوو کە شنیبوو، هەر ئەو بایەی کەئەو شەوە بارانییە لەلای جادە بە کێشانە دواوەی پائولۆ و ڕزگارکردنی ئەو لەلێدانی ئۆتۆمبێلێک کە بەخێرایی دەڕۆشت، ڕێڕەوی گۆڕیبوو، دونیا خەونێکی دیکەی بۆ ئەم ژن و شووە گەنجە بینیبوو و دەرفەتی بەوان نەدا، تەنانەت شەوی دوایی هاوسەرگیرییان لەلای یەکتر بن و هەروەها منداڵی بەرهەمی ئەم هاوسەرگیریەش لەو بێبەش بوو، لەژیانی ئێمەدا شتگەلێکی زۆر بوونیان هەیە کە بەبێ ئەوەی بزانین ڕێڕەوی ژیانمان دەگۆڕن، سوڕانی قەڵەم ڕەساسێک لەنووسین هەتا پاک کردنەوە.

***

چەند ڕۆژ دوای ئەم یەکتر بینینە، ئانی نەخشەیەکی بینییەوە، جانتایەکی بچوکی بەست و بەئۆتۆمبێل گەشتێکی بۆ شاریی یاری کەنار زەریا کرد، کە گەیشتە دەرگای ڕۆیشتنە ژوورەوەی شاریی یاری لە ئۆتۆمبیل دابەزی و سەیری بینا کانزایی و گومەزی سەری ئەو، تاقی ڕۆیشتنە ژوورەوەی ڕازاوە و ماشێنی خۆخستنە خوارەوەی ئازاد کە لەسەرەوەی ئەو دەبیندرا.

لە فەرمانبەرانی شاری یاری پرسی ئایا کەسێک بە ناوی ئێدی دەناسن کە لێرەدا سەرقاڵی تەعمیرکردنی ئۆتۆمبێلەکانی شاری یاری بێت، ئەویان بەرەو کارگەی تەعمیر لە پشت هۆڵی ئۆتۆمبێلی کارەبایی ڕێنمایی کرد کە مێچێکی نزمی هەبوو و چرا

کەم نورەکانی ئەویان پێکردبوو، چەند سەری قاپێکی لەجۆری گڵێنە و چەند قاپی قاوەیی پڕ لە برخوو و سەمونە دەبیندرا، ئانییان ناساند بە پیاوێک بەناویی دومینگوئێس، دومنیگوئیس دەستەکانی بە قوماشێک پاک کردەوە و وتی بەڵێ، من هەتا ساتی مردنی ئیدی لەلای ئەو کارم دەکرد، کاتێک ئانی باسی کرد کێیە، پەڕۆکە لەدەستی دومینگوئیس کەوتە خوارەوە، بەشێوەیەکی وەها خۆی دا بەسەر کورسیەکەدا کە ئەوەندەی نەمابوو بە پشتا بکەوێت.

بۆ چەند ساتێک نەیدەتوانی قسە بکات، تەنها دەیگوت: «وای خوایە، وای خوایە.»

دوایی دەستی کردە گریان.

« بە داخەوەم، ئیدی زۆر خۆشحاڵ دەبێت بزانێت حاڵی ئێوە باشە.»

ئانی پێکەنی.

دومینگوئیس ئانی بۆ بەشی پشتەوەی کارگە برد و سندوقێکی تایبەتی کەلوپەلی ئیدی پیشانی ئەو دا، لەنێو سندوق جووتێک پوتی سەربازی، بڕێک کەلوپەلی ڕازاندنەوە و چەند کارتی پیرۆزبایی لەدایک بوون بوونیان هەبوو، ئانی مۆڵەتی خواست بەستەیەک لە وایەرەکانی پاککردنەوەی دەمنە هەڵگرێت، دومینگوئیس وتی ئەگەر پێتان خۆشە دەتوانن هەموو سندوقەکە بەرن.

پێش ئەوەی خواحافیزی لەیەکتر بکەن، دومینگوئیس وتی: « دەتوانم پرسیارێکی تایبەت بپرسم؟»

ئانی بە ئاماژەی سەر ڕەزامەندی خۆی دەربڕی.

« ڕزگار بوون لە مردن چ هەستێکی هەیە؟ مەبەستی من ئەمەیە، من ئەو ڕۆژە بینیم کە چی ڕوویدا، ئەگەر ئیدی نەبوو، بێگومان تۆ مردبوویت.»

ئانی دەستێکی هێنا بە ورگیدا، وتی باسکردنی ئەوە قورسە، وتی پێشتر هەستی دەکرد ئامادەیە چی هەیە بیدات بۆ ئەوەی ئەم رووداوە بگۆڕێت، بەڵام ئێستا هەستێکی جیاوازی هەیە، هەروەها وتی زیاتر لە هەموو شتێک، سوپاسگوزارم.

***

وەرزەکان گۆڕان و لەدوایدا ڕۆژە گەرمەکان دەستیان پێکرد، دیسان خەڵک گەڕانەوە بۆ نێو شاری یاری کەناری دەریا، منداڵەکان سواری جۆرێکی نوێ لەتاوەری کەوتنەخوارەوەی ئازاد دەبوون، بەبێ ئەوەی کەئاگایان لەچارەنوسی ئەو خەڵکە هەبێت کە ژینگەی ئەوییان گۆڕیبوو.

ئانی کچێکی بوو، ناوی نا جیوانا کەناوێکی ئیتالی بوو، بەمانای پێشکەشی خوا بوو، بەهەمان شێوە کە پائولۆ گوتبووی، دەبوو ئانی لەبەهەشت بگەڕێتەوە بۆ دونیا بۆ ئەوەی ئەم منداڵەی ببێت.

ڕۆژێک کە جیوانا ببووە چوارساڵ، ئانی ئەوی بۆ سەیرکردنی ئەستێرەکانی دەرەوە برد.

« ماما، ئەستێرەکان زۆر بەرزن.»

« بەڵێ، زۆر بەرزن.»

« شتێکی سەرتر لەوانیش هەیە؟»

ئانی تەنها پێکەنی، ئەو هیچ کات لەبارەی گەشتی بۆ دونیای دوای مردن لەگەڵ کەسێک قسەی نەکرد، بەڵام بڕیاری نەدابوو بۆ هەمیشە بێدەنگ بێت.

ڕۆژێک کە جیوانا بەڕادەی پێویست گەورە بوو، دەتوانی چیرۆکی بەهەشت بۆ ئەو بگێڕێتەوە، دەیویست لەبارەی مرۆڤگەلێک کە لەوێدا بوون، نەزانێ، برای گەورەی و باوکی کە بە جلی زاوایەتی لەحاڵی سەیرکردنی ئەستێرەکاندا بوو، قسەی

بۆ بکات، دەیویست بۆ ئەو نهێنیگەلێک باس بکات کە لەم گەشتەدا فێر ببوو و ئەوەی کە بە چ شێوەیەک ژیانێک پەیوەندی بە ژیانێکی دیکەوە پەیدا دەکات.

دەیویست پێی بڵێت هەموو کۆتاییەکان، سەرەتاشن، تەنها لەو کاتەدا شتێک لەوبارەیەوە نازانین، کچەکەی بەزانینی ترسەکان یان هەستی لەدەستدانی ئازیزەکان، ژیانێکی ئاسانتری دەبێت، هەر شتێک کە لەسەر زەوی شیاوی پرسیارکردنە، دەتوانین وەڵامەکەی لەبەهەشتدا ببینینەوە کە بەچاوپێکەوتنی پێنج کەس دەست پێدەکات، ئەم پێنج کەسە چاوەڕوانی هەموو ئێمەن و خوا ئاگای لەوانە، بەمانای ڕاستەقینەی بایەخدارترین وشەی دونیا. خانوو.

کۆتایی

the next person you meet in heaven

ڕەنگە زۆر کەس کتێبی پێشوی میچ ئەلبۆمیان (پێنج کەس کە لەبەهەشت دەیانبینن) خوێندبێتەوە، ئەم پرسیارەی لا دروست دەبێت، چارەنووسی "ئیدی" و "ئانی" چی دەبێت؟ ئەم کتێبە درێژکراوەی چیرۆکی میچ ئەلبومە کە پەردە لەسەر بەردەوامی چیرۆکی میچ ئەلبۆم لادەدا، گەشتی ئیدی بۆ بەهەشت ئەو فێردەکات کە هەر ژیانێک بایەخی خۆی هەیە و هەر کەسێک هەندێ شتی هەیە کە نەبوونیان زۆر ئازاردەرن، بەڵام چیرۆکەکە بەمشێوە درێژە پەیدادەکات کە پاڵپشتیی "ئیدی" کاریگەرییەکی زۆر بەرچاو لەسەر "ئانی" دادەنێت و هەموو ئەمانە لە نەشتەرگەرییەکی پەیوەندەوە سەرچاوە دەگرێت، لەسەرەتای چیرۆکەکە ئانی لەگەڵ پائولۆ هاوسەرگیری دەکات، بەڵام هەر ئەوەی کە ڕۆژی زەماوەند بە ڕووداوێک کۆتایی دێت، ئانی خۆی لە بەهەشتێک دەبینێتەوە کە لەلای ئیدی یەکێک لەو پێنج کەسەیە کە باسی گرنگی ژیانی بۆ دەکەن، لەڕاستیدا چیرۆکەکە باسی ئەوە دەکات کە هەر کۆتاییەک سەرەتایەکە بەرەو ڕووناکی و دەستپێکێکی دووبارەیە، پێویستە چاو بکەینەوە و دونیای دەوروبەرمان بەو جۆرەی پێویستە سەیر بکەین تا ئەو شتە ببینین کە پێشتر نەماندیبوو.

GOLDEN BOOK